# پێشەکی

یەکسانی ئەو کاتە واتا راستەقینەی خۆی دەبەخشێت کە بە تەواوی لە ناخی مرۆڤەکاندا هەبێت و هەستی پێ بکرێت، ئەو کاتە دەتوانین هەست بە بوونی خۆمان بکەین و بە ئیرادەیەکی بەرز بە سەر هەموو کۆسپەکانی ژیاندا زاڵ بین و خاوەن کەسایەتییەکی سەربەخۆ بین...

لە ژیانی مرۆڤایەتیدا خەبات لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکان لە هەموو سەردەمانێك هەبووە و مرۆڤ هەموو کات هەوڵیداوە رێگای بەختەوەری خۆی بدۆزێتەوە و تا بە ئەمڕۆش بەردەوامە، رێگا دوورودرێژە و ئەوەی گرنگە نەوەستان لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بەڵام چۆن دەگەینە ئەو ئامانجانەی کە لە ژیاندا هەمانە. هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤ هیچ کات کۆتایی نایەت، لە بەر ئەوەی مرۆڤ تا لە ژیان مابێت بەو هیوایەتەوە دەژیت کە لە ژیاندا هەیەتی، بەڵام ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگە، بە رێزگرتن و خۆشەویستی و تەبایی نێوانمان دەتوانین بە سەر هەموو کۆسپەکانی ژیاندا زاڵ بین و بگەینە ئەو ئامانجانەی کە دەیخوازین. رۆژانە ئەوەی دەیبیستن و دەیبینین و هەستی پێدەکەین، دونیای رق و کینە و توندوتیژییە ، بەڵام تا کەی مرۆڤ دەتوانێ بێ سۆز و خۆشەویستی بژیت، ئایا بێ خۆشەویستی دەتوانی هەست بە ئاسوودەیی بکەی، کێ وای کردووە ئەو هەستانە لە ناخەکاندا دروست بێت، بە دڵنیاییەوە هەر ئێمەی مرۆڤ !.

ژیان زۆر خۆشە، بە مەرجێك هەست بە خۆشییەکانی بکەی، جوانییەکانی تێدا ببینی و گوێت لە ئاوازە خۆشەکانی بێت، بەڵام چۆن بتوانین ئەو ژینگەیە بۆ خۆمان دروست بکەین. نوقم بوونی مرۆڤ لە گێژاوی رق و کینە، هەموو ئەو هەستە ناسك و جوانانەی وەکوو مرۆڤ پێی بەخشراوە، لێی ون دەبێت و مرۆڤەکان دەبنە بوونەوەرێکی نامۆ و جیاواز لە یەکتر، ئەو کاتە دۆزینەوەی مرۆڤایەتی ئاستەمە. با

بیربکەینەوە لەو جیهانە پڕ لە خێر و بەرەکەتە زۆرترین سوود بە خۆمان و بە مرۆڤایەتی بگەیەنین، ئەوەش هەر کەسە دەتوانێ لە ئاست خۆیەوە ئەنجامی بدات. منی ئافرەت و تۆی پیاو لە ژینگەیەکی تەندروستدا دەتوانین هەست بە یەکسانی بکەین و ئاسوودەیی بگەیەنینە ناخەکانمان، کاتێك ئافرەتێك داوای یەکسانی دەکات و دەیەوێت لە ژینگەیەکی ئارام و دوور لە توندوتیژی بژیت، ئەوە هۆکاری خۆی هەیە و بێ هۆ نییە، کاتێك پیاو پەنا بەر توندوتیژی دەبات، ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە، لە بەر ئەوەی لە ناخەوە هەست بە نائارامی دەکات، بۆیە هەردوو رەگەز رووبەڕووی گرفتێك بووینەوە کە پێویستە چارەسەربکرێ.

خوێنەری بەڕێز...

ماوەیەکی زۆرە وەکو ئافرەتێك کار لە سەر ئەوە دەکەم ولآمی ئەو پرسیارە بدەمەوە ، ئاخۆ بۆچی ناتوانین بە خۆشی و یەکسانی بژین؟ کێشەکان لە کوێن؟ هۆکار و بەربەستەکان چین ؟ چەندین پرسیاری تر ویستوومە لەو کتێبەدا وەلآمدەرەوەی هەندێك لەو پرسیارانە بم کە لەوانەیە وەلآمی هەر کام لە ئێوەی بەڕێزیش بێت، نووسینەکانم بە شێوەیەکی سادە نووسیون ، ئەوەش ڕێچکەی نووسینی تایبەت بە خۆمە. هیچ شتێکیش بێ کەموکوڕی نابێت و ئەوەی لە توانامدا بووبێت ویستوومە لە ڕێگای ئەو کتێبەوە باسی بکەم کە پەیوەندی بە بابەتەکەمەوە هەبێت، دیارە بۆ ئەو مەبەستە سوودم لە چەندین سەرچاوەی گرنگ وەرگرتووە، هەر چەندە بە داوای لێبووردن لە ئێوەی بەڕێز، هەندێك لە کەسایەتییەکان تەنیا بە ناو ئاماژەم پێکردوون، لە بەر ئەوەی نەمتوانی زانیاری تەواو لە بارەیان وەربگرم. بۆیە وێڕای سوپاسێکی زۆر، هیوادارم بە خوێندنەوەی ئەو کتێبە بە رەخنە و پێشنیازەکانتان هاندەرم بن بۆ ئەوەی بەرهەمی باشتر بە کتێبخانەی کوردی بکەم .

نووسەر
Nasrin.hasan72@yahoo.com

# ناسنامەی ئافرەت

كاتێك كەسێك پرسیارت لێدەكات و پێت دەڵێ: خۆت بناسێنە، راستەوخۆ بیر لەوە دەكەیەوە كە یەكەم جار ناوی خۆت بڵێی، دوایی دەچیتە ناو كارو پیشە و كەسایەتیت، جا هەر جۆرە كەسایەتییەكت هەبێت، نەرم ونیان یان توندو تیژ بی، یان هەر بابەتێك كە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، لە پیناسەی مرۆڤدا، تاك هەلگری چ بیرو باوەڕ و كەسایەتییەك بێت بەو جۆرە خۆی دەناسێنێ، بەلاّم ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین لە هەر دوور رەگەز بۆ پێناسەی خۆیان جیاوازییەك دەبینرێت، لە بەر ئەوەی رەگەزی نێرینە بە ئیرادە و باوەڕبەخۆبوونێكی زۆرەوە پێناسەی خۆی دەكات و دەڵێ: "من پیاوم"... بە هەموو ئەو تایبەتمەندییەی كە هەیەتی، بەلاّم ئافرەت گومانێك لە پێناسەی خۆیدا بەدی دەكات و وەكوو پیاو بە ئیرادەیەكی بەرزەوە ناڵێ،" من ئافرەتم"، وا هەست دەكرێت لە بوونی خۆی بە گوومانە، لە كەسایەتی، لە تواناكانی و لەو پێناسەی بۆخۆی دەكات، وەكوو بڵێی لە پیناسەی خۆیدا دونیایەكی جیاواز لە پیاوە. "**جسی برنارد**" كۆمەڵناسی ئەمەریكی نووسەری كتێبی "دونیای ژنان"، زۆر بە جوانی و راشكاوانە باس لەو جیاوازییە دەكات كە لە هەردوو رەگەزدا هەیە و باس لەوە دەكات كە مرۆڤ وای كردووە دوو دونیای جیاوازی هەبێت: دونیای پیاوان و دونیای ئافرەتان، لە دونیای ئافرەتاندا كۆمەڵێك سنوورهەیە كە لە دونیای پیاواندا بەدی ناكرێت، زۆر شت هەیە لە دونیای ژناندا بە عەیبە وحەرامكراو دەزانرێت، بەلاّم بۆ پیاوەكان بەو جۆرە نییە، ئافرەت لە دونیای ژنانەی خۆیدا رووبەڕووی چەندین پرسیاری بێ وەلاّم دەبێتەوە، ئەگەریش بە دوای وەلاّمەكاندا بگەڕێ لەوانەیە رووبەڕووی چەندین دیاردەی توندوتیژی بێتەوە، بەلاّم پیاو بۆ هەر پرسیارێك وەلاّمێكی پێیە، وا پێدەچێت دوو دونیا بە دوو بیروبۆچوونی جیاواز دروست بووە كە هەر كامەیان بە تیڕوانینێكی جیاواز لە یەكتر دەڕوانن، ئەو تێڕوانینەی بەرامبەر بە یەكتر هەیانە بەرهەمی بیری پیاوە كە لە سەر بنەمای پیاوسالاری پەروەردە كراوە. تێڕوانینی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت لە دونیای پیاوسالاری خۆیدا، ئافرەتێك دەناسێنێ كە بە پێی سروشتی خۆی وابەستە بە پیاوە و لە بەر بێ توانایی جەستەیی و عەقڵی وای لێهاتووە بێ ئەو هیچی پێ نەكرێت،

ئافرەت ئەو بوونەوەرەیە تەنیا ئەرکی ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵی لە ئەستۆیە و دەبێ بەردەوام لە خزمەتی پیاودابێت، بەڵام تێڕوانینی ئافرەت بەرامبەر بە خۆی زۆرجار ئەوە نییە کە پیاو لێی دەڕوانێ، ئەوەش لە کاتێکدایە هەست دەکات هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پیاودانییە، بۆیە زۆر جار بەرامبەر ئەو بۆچوونانە کاردانەوەیەك لە خۆی نیشان دەدات، بۆ ئەوەی تێبەگات، "بۆچی وایە!..." بەڵام زۆر بەکەمی وەڵامی بۆیەکانی دەستدەکەوێت و زۆرجاریش دەرەنجامەکەی کاردانەوەی سلبی لێ دەکەوێتەوە.

لە پێناسەی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ وەکو تاك چۆن پێناسەی خۆی دەکات و بۆ ئەو مەبەستە پشت بە چ بنەمایەك دەبەستێ؟ بە دروستبوونی شێوەی سروشتی خۆی کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە وەکو یەکن و وەکو یەك لەدایك دەبن، یان ئەوەتا خۆی لە سەر بنەمای بیروڕا و بۆچوونەکانی پێناسە دەکات، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خودی تاك کە لە سەر چ بنەمایەك پەروەردە کراوە، هەڵبەت هەر تاکێکی کۆمەڵگە لە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەیە دایە کە تێیدا دەژیت، ژینگەی کۆمەڵگەش تا ڕادەیەکی زۆر لە پێناسەی مرۆڤایەتیدا پشت بە فەرهەنگ و نەریتە باوەکان دەبەستێ کە زۆر جار لەو پێناسەیەدا هەر دوو ڕەگەز ( ئافرەت و پیاو) وەکو یەك سەیر ناکرێن، ئەوەش لە ژێرکاریگەری نەریتی پیاوسالارییە کە پیاو بە پلە یەك و ئافرەت بە پلە دوو دەناسرێت، دیارە لە هەموو بوارێك پلە یەك بایەخی زیاترە و ئەوەی دوای ئەویش واتا پلە دوو ئەو گرینگیەی نییە و بە کەمتر سەیر دەکرێت. لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئەگەر مرۆڤ لە چوارچێوەی مرۆڤایەتیدا پێناسە بکرێت وەکوو مرۆڤێك، کەواتا بۆچی پێگەی پیاو بەهێزترە ؟ بۆچی پیاو باڵادەستە؟ بۆچی ڕەگەزی نێرینە زیاتر بایەخی پێ دەدەرێت؟ بۆچی تاوەکو ئێستا ئافرەت وەکو پیاو نەیتوانیوە پێش بکەوێت و....؟ ئەمانە و چەندین پرسیاری تر کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، دیارە بیروبۆچوونێکی زۆر سەبارەت بەو بابەتە هەیە، بەتایبەتی لە نێو کەسایەتییە ناودارەکانی جیهاندا، بۆ نموونە، "**سیمۆن دێبوڤار**"نووسەری بە توانای فەرەنسی لە کتێبی "ڕەگەزی دووەم" زۆر بە جوانی باسی ئەو بابەتە دەکات و لە سەر ئەو

باوەڕیە: **کاتێك پێناسەی مرۆڤ دەکرێت، راستەوخۆ باس لە پیاو دەکرێت، بەڵام ئافرەت بە"ئەوەی تر" پێناسە دەکرێت وەکو ئەوەی کە رەگەزی دووەم بێت، "ئەوەی تر"یش ئەو بەها و بایەخەی نییە کە یەکەم هەیەتی.**

هەر لە سەرەتای پێناسەی مرۆڤایەتیدا راستەوخۆ بیر لەو جیاوازییە دەکەینەوە کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا دروست بووە، ئەویش بە هۆی ئەو چەمکە پیاو سالارییەی کە هەمووکات بە سەر بیرو هزری کۆمەڵگەدا زاڵبووە، تەنانەت هەندێك لە نووسەرە ناودارەکانیش لەو کاریگەرییە بێبەش نەبوون، بۆ نموونە، نووسەری بە ناو بانگی فەرەنسی"**جان جاك رۆسۆ**" لە سەر ئەو باوەڕە بووە :" **هەر جۆرە پەروەردەیەکی ئافرەت دەبێ وابەستە بە پیاو بێت، ئافرەت بۆ پیاو دروست بووە کە تەسلیمی پیاو بێت و ناعەداڵەتییەکانی قەبووڵ بکات.**

لە لایەکی تر "**پۆلن دولابار**" لە ساڵی ١٦٧٣ لە کتێبەکەیدا بە نێوی "**یەکسانی دوو رەگەز**" لە سەر ئەو باوەڕەیە :" **لە بەر ئەوەی پیاوان بەهێزترن و یارمەتی رەگەزی بەرامبەریان دەدەن، ئافرەت وەك نەریتێك ئەو وابەستەبوونە قەبووڵ دەکات، ئافرەت هیچ کات پێگەیەکی گونجاویان نەبووە، نە ئازادی و نە پەرەردەیەکی باش، لە بەر ئەوە ناتوانین لە بەڵگەکاندا پشت بە رابردوو ببەستین و بڕیارێکی دادوەرانەمان هەبێت، هیچ شتێك ئەوە دەرناخات کە ئەوان کەمتر لە پیاو بن،" ئاناتۆمی"، جیاوازییەکان دەرناخات، بەڵام هیچ یەك لەو جیاوازیانە ئیمتیازێکی تایبەت بۆ پیاو نایەنێتە ئاراوە."**

بەرزی پلەو پایەی پیاو لە ناو کۆمەڵگەدا توانیویەتی رۆڵێکی ئیجابی هەبێت لە سەرکەوتنەکانیدا و ئەوەی ویستویەتی پێی گەیشتووە، بەڵام ئەو دەرفەتانە هیچ کات بۆ ئافرەت نەڕەخساون ، ئەگەریش هەبووبێت، ماوەکەی زۆر کورت بووە.

"**سیمۆن دێبوڤار**" هەر لە رەگەزی دووەم دەڵێ:" **سەرکەوتنی چەمکی پیاوسالاری، نە هەڵکەوتە و نە بەرهەمی شۆڕشێکی گەورەیە ، لە سەرەتای مرۆڤایەتی پلە و پایەی بایۆلۆژی بە بوونەوەرە نێرینەکان بەخشراوە کە خۆیان هەموو کات بە گەورەتر و سەرکەوتووتر لە رەگەزی مێینە دەزانن.** سەرکەوتنە یەك لە دوا یەکەکانی پیاو لە

نـــاو کۆمەڵــدا و قــۆڕخکردنی دەســـەلآت و داگیرکردنـــی هـــەموو پۆســـتە ســـیادی و گرنگەکانی ژیان، زۆر جار بۆتـە هۆکارێـك بـۆ ئـەوەی کچان ئاواتیـان ئـەوە بێـت کـە بریا کورِ بوونایە و ئەوانیش دەبوونە خاوەنی هەموو ئـەو تایبەتمەندییانـە کـە کورِ هەیەتی، بە وتەی **نەواڵ سەعداوی": کچ لە بەر جیاوازی جەستەیی و یان ئەندامی نێرینـەی کـوِڕ نییـە کـە حـەزی لێیـە کـورِ بێـت ، بـەڵکوو لـە بـەر ئـەو ئیمتیـاز و تایبەتمەندییانەیە کە کۆمەڵگە بە کورِی بەخشیوە".**

هەموو ئەو شێوازە ژیانەی کە لە سەر ئەو بنەمایە (پیاوسالاری )دامەزراوە، کاریگەری بەرچاوی لە شێوازی پەروەردەدا هەیە، بە جۆرێك ئافرەت خۆی زۆر جار بـڕوا بـەوە دەکـات کـە پلـە و پایـەی پیـاو بـەرزترە، بۆیـە لـە پـەروەردەکردنی منداڵەکانیـدا ئـەو شـێوازە پـەروەردە دەگرێتـە بـەر و بـە شـێوەیەکی بەرچـاو جیـاوازی لـە نێـوان کـچ و کورِەکەیدا دەکات، کچێکی بێ بڕوا و بێبەش، بە پێچەوانە کورِێکی بە ئیرادە و خاوەن هەموو شتێك، جارێکی تـر دەگەڕێمـەوە سـەر وتەیـەکی نـەواڵ سـەعداوی کـە دەڵـی:" **ئێمە بە ئاشکرا ئارزووەکانی کورِ نابینین کە بیەوێ ببێت بە کچ، چونکە کۆمەڵ نێر جیا دەکاتەوە، هەر بۆیە زۆر زەحمەتە کورِێك سیفەتەکانی خۆی وازلێ بهێنـێ کـە ببێتە کچ ، بەلآم لە بەر ئەوەی کۆمەڵ زیاتر پلە و پایەی بۆ کورِ داناوە ئارزووەکانی کچ پاڵی پێوە دەنێ ببێت بە کورِ.**

لە سروشتی مرۆڤایەتیدا یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەیـە، کـە واتـا کۆمەڵگـە بۆتـە هۆکـاری سـەرەکی لـە دروسـتبوونی ئـەو جیاوازییـەی لـە نێـوان رەگەزەکانـدا دەبینرێت، بە پێی ئەزموونی ژیـانی مرۆڤایـەتی هەسـت بـەوە دەکـەین کـە ئـافرەت و پیاو تـەنیا لـە بـواری جسـتەییەوە جیـاوازن ، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـافرەت زۆربـەی ئـەو ئەرکانە دەتـوانێ جێبـەجێ بکـات کـە پیـاو ئـەنجامی دەدات و دەتوانێـت بەشـداری لـە هـەموو ئـەو بوارانـەدا بکـات کـە پیـاو بەشـدارە، تـەنیا لـە دوو ئەرکـدا جیـاوازی دەبینرێت، ئەرکی دایکایەتی کە تایبەتە بە ئافرەت و ئەرکی باوکایەتی کە تایبەتە بە پیاو.

بە پێی ئەو بۆچوونانەی لەو بوارەدا هەیە، کۆمەڵێك پرسیار دروست دەبێت کە پەیوەندی بەو جیاوازیانەوە هەیە کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەست پێدەکرێت، ئەوجیاوازییە لە کوێوە سەریهەڵداوە؟ ئایا هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتی پیاو باڵادەست و ئافرەت ژێردەستە بووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی تایبەتن بەو بوارە و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە، چەندین بیرورِا و لێکۆڵینەوەی جیاواز هەیە.
لە هەموو کۆمەڵگەیەك بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەی ئێمەدا لەو لێکۆڵینەوانەی تایبەت بە ئافرەتان کراوە، بیرورِایەکی زۆرمان سەبارەت بە گرنگی چەمکی پیاوساڵاری دەست دەکەوێت، لەو لێکۆڵینەوانە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێناسەی ئافرەت لە سەر بۆچوونێکی پیاوسالاری ناسنامەی پێدەبخشرێت، ئایدلۆژیای پیاوسالاری لە سەر ئەو باوەرِەیە کە ئافرەت لە پیاو کەمترە و بۆ راستی بەڵگەکانیش پشت بە نوسراوە مێژووییەکان و یان سروشتی ئافرەت دەبەستێت، بەڵام ئایا ئەو بەڵگانە تا چەند دەتوانێ وەڵامدەری پرسیارەکان بن و تا چەند دەتوانین وەڵامی راستمان دەست بکەوێت؟ ئەگەرلەو بابەتەوە پشت بە مێژوو ببەستین، لەوانەیە وەڵامی تەواومان دەست نەکەوێ، لە بەر ئەوەی زۆربەی مێژوونووسان پیاو بوون و زۆر جار لە بەرژەوەندی خۆیان بابەتەکانیان نووسیوەتەوە و ئەو بابەتانەی لە بەرژەوەندی خۆیاندایە خستویانەتە رِوو. ئەگەر پشت بە سروشتی زانستی ببەستین، لەوانەیە بە پێی چەندین بەڵگەی زانستی وفەلسەفی، بۆمان روون بێتەوە کە مرۆڤەکان لە بنەرِەتدا جیاوازییان تەنیا لە بواری فسیۆلۆژییەوە هەیە."**سیمۆن دیٚبوڤار**" هەر لە کتێبی رەگەزی دووەم باس لەوە دەکات کە " **پلە و پایەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا هەر ئەو پلە و پایەیە کە پیاو بۆی تەرخان کردووە و لە هیچ قۆناغێکدا ئافرەت سەرکەوتوو نەبووە یاسایەك بۆ بەرژەوەندی خۆی بسەپێنێت**".
هەمووکات یاسا لە بەرژەوەندی پیاودا بووە، لە بەر ئەوەی خۆی نووسیویەتی، واتا پیاو لە ناو کۆمەڵگەدا توانیویەتی ئەو حاکمیەتە پیاوسالارییە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی قۆرِخ بکات. لە گەڵ ئەوەی مێژوو زیاتر باس لەو حاکمیەتە دەکات، بەڵام بۆ دەوڵەمەندکردن و وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە سەر ئەو بابەتەی ئایا

مێژوو تاچەند توانیویەتی شتەکان وەکو خۆی بگوازێتەوە و ئایا بۆ ئەم مەبەستە دەتوانین پشت بە مێژوو یان سروشت ببەستین، لێکۆڵینەوەیەکم هەڵبژاردووە و دەیخەمە روو کە "**د. ئەلیزابێت برانتر**" کەسایەتییەکی ناوداری فەرەنسی ئەنجامی داوە:

لێکۆڵینەوەکانی "**د.ئەلیزابێت برانتر**"نوسەری کتێبی "**کەسێکی تر** " کە مامۆستای فەلسەفەیە لە دیراساتی خوێندنی باڵا لە" پاریس "، بە جوانی وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە. ئەو ئافرەتە بۆ ئەوەی زیاتر لە واتای پیاوسالاری تێبگات بۆ دواوە دەگەڕێتەوە و لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە سەر ئەو هێزە هاوسەنگییەی نێوان رەگەزەکان دەست پێدەکات، گەڕانەوە بۆ ١٠- ١٠٠ هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح، قۆناغێك کە بە قۆناغی راوکردن و کۆکردنەوەی گژ وگیا بە ناوبانگە، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە چۆن دەتوانین ئەو راستییەمان بۆ دەرکەوێت، لە کاتێکدا هیچ نووسراوێك لە بەر دەستدانییە و هەست بەو هێزە هاوسەنگییە بکەین کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەیە و تەنانەت دەستنیشانی ئەو ئەرکانە بکەین کە بۆ هەردوو رەگەز تەرخانکراوە. ئایا دەتوانین بگەینە ئەو راستییەی کارەکان لە سەر چ بنەمایەك دابەشکراون ؟

ئاسەوارناس و مرۆڤناسەکان لە بەر هەلومەرجی ژیانی ماددی و مەعنەوی مرۆڤە لەمێژینەکان، بەڵگەیەکیان لە بەردەستدایە، کە پەیوەندی بە ٣٥٠٠٠ (سی و پێنج هەزار ساڵ) لەمەوبەرە ، ئەو بەڵگانەش لە رێگای بیرلێدەرەکان و گۆڕهەڵکەنەکان وەدەست هاتووە، تەنانەت هەندێك وێنەی سەر دیواری ئەشکەوتەکان سەرەداوێکن بۆ ئەو لێکۆڵەرەوانەی دەیانەوێت زانیاری لە سەر مرۆڤەکان وەربگرن، لە بەرهەمی لێکۆڵەرەوەکان ئەو راستییەت بۆدەردەکەوێت کە چ شتێك بۆتە هۆی جیاوازی رەگەزی لە نێوان یەکتردا، تەنانەت هۆکاری پەیوەندی نێوانیان و ئەو هێزە هاوسەنگییەی نێوانیان چییە.

## جیاوازی رەگەزی

ئەفریقیاییەکان چیرۆکی زۆر لە بارەی جیاوازی رەگەزی دەگێڕنەوە،"**ماساییەکانی کنیا**" لە سەر ئەو باوەڕەن کە لە سەرەتاوە ئافرەت و پیاو لە دوو تایفەی جیاواز ژیانیان بە سەر بردووە ، ئافرەتان جۆرێك لە گژوگیایان پەروەردە دەکرد و پیاوانیش مەڕداربوون ، پێکگەیشتنی ئەو دوو رەگەزە لە دارستانەکان بە هەڵکەوت و تەنیا بۆ پەیوەندی جنسی بووە و ئەو منداڵانەی لەو پەیوەندییە لە دایك دەبوون لای دایکیان دەمانەوە. کاتێك منداڵەکانیان گەورە دەبوون، دەچوونە لای پیاوەکان، ئەو رێڕەوە بەردەوام بووە تا ئەو کاتەی ئافرەتان ناچار بوون بۆ لای پیاوان بگەڕێنەوە، بەو جۆرە ئافرەتان رازی بوون ببن بە هاوسەری پیاوەکان و لەگەڵیاندا بژین. زۆرێك لە قەومە سەرەتاییەکانیش بەم جۆرە جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاو دەردەخەن. لەو نیشانانەی لە بەر دەستدایە، ئافرەتان و پیاوان شێوەی ژیانی زۆر جیاوازیان هەبووە، لەوانەیە لە دوو کۆمەڵگەی جیا ژیانیان بە سەر بردبێت .دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی نێوان ئافرەت و پیاو دوو شێوازی جیای لە ژیان دروست کرد: راوکردن، جموجۆڵێکی پیاوانە بوو و کۆکردنەوەی گژو گیاش جموجۆڵێکی ئافرەتانە .

**"سرژ موسکویچی " لەو بارەوە دەڵێ:"ئافرەتان تەنیا بۆ کۆکردنەوەی گژوگیا لە ماڵەوە دەچوونە دەرەوە و لە تەنیشت ماڵ و لە شوێنێکی دیاریکراو هاتووچۆیان دەکرد، لە کاتێکدا پیاوان بۆ راوکردن بۆ شوێنێکی دوور دەڕۆیشتن ".**

قۆناغی راوچییەتی وکۆکردنەوەی گژوگیا بە هۆی ئەو پەیوەندییەی لە سەرچاوە خۆراکییەکاندا هەبووە کاریگەرییەکی بەرچاوی لە پەیوەندی نێوان رەگەزەکاندا دروستکردووە، ئافرەتان و پیاوان بۆ دابینکردنی خۆراك رێگایەکی جیاوازیان دەپێوا. بەو جۆرە جیاواز لە یەکتر دەژیان، ئافرەتان لە گەڵ منداڵەکانیان و پیاوە راوچییەکانیش بە یەکەوە ژیانیان بە سەر دەبرد.

"**ئاندرە گوران**" مرۆڤناسی فەرەنسی باس لەو ژیانە دەکات کە چۆن ئافرەتان و پیاوان لە شوێنی نیشتەجێبوون بە یەکەوە بە سەریان بردووە و دەڵێ :" واپێدەچێت ئافرەت و پیاو بە یەکەوە نانیان نەخواردبێت، ئەو حاڵەتە جیاوازییەش تاوەکو ئێستا

له هەندێك كۆمەڵگەدا رەچاو دەكرێت بۆ نمونە: لە ئـەفریقیا، نێـو كوردەكـان، سـوور پێستەكان، داها و یوكاتـانی هینـدی، لەگـەڵ ئەوەیـدا لـە دوو گرووپـی جیـاواز بـوون، بـەلآم هـەر چـۆنێك بێـت، پەیوەندییەكـە ئەوەنـدە بـەهێز بـووە، بۆتـە مایـەی بەردەوامبوونی ژیان بۆ هەردوو رەگەز."

لـەو قۆناغـەدا بنـەمای دابەشـكردنی كـار بـە پێـی جیـاوازی رەگەزییـە، بـەلآم ئـەركی هـەردوو رەگـەز لـە هـەمان كاتـدا تەواوكـەری یـەكترن، هـەر چـەندە ئـافرەت و پیـاو ئەركێكی جیاوازیان لە بەردەستدایە ، بەلآم راستەوخۆ پەیوەندییان بە یەكەوە هەیە، واتـا تاكـەكانی كۆمەڵگـە بـێ یارمـەتی یـەكتر نـاتوانن لـە ژیانـدا بـەردەوام بـن و هەردووكیان تەواوكـەری یـەكترن. زۆربـەی لێكۆڵـەرەوەكان لـە سـەر ئـەو بـاوەڕەن كـە دابەشبوونی كار لە سـەر بنـەمای جیـاوازی رەگـەزی لـە بەرژەوەنـدی پیاوانـدا بـووە و كـاری راوچییەتی كـە بـە كۆمـەڵ ئـەنجامیان دەدا، بۆتـە هـۆی توانـای بیركردنـەوەیان زیاتر بێت. "**ئەدگار مورن**" لە سەر ئەو باوەڕەیە:" راوكردن لە سەر سـەوزایی بۆتـە هـۆی گەشـەكردنی توانـای بـیری پیـاوان، ئـەوان لـە گـەڵ ئـاژەڵی زیـرەك رووبـەڕوو دەبوونەوە، ئەمەش بۆتە هۆی بەهێزبوونی توانـا گرنگـەكانی مـرۆڤ وەك، سـەرنجدان، بەرگریكردن، خەبات، ئازایەتی ، پیلانـدانان و... بە پێچەوانەوە كۆكردنـەوەی گـژوگیا وەك كارێكی تاكەكەسی كاریگەری لە سەر فەرهەنگی ژنانە كردووە، بۆیە وەكو پیـاوان هەستی هاوكاریان نەبووە و ناچاربوون خۆیان تەسلیمی پیاوەكان بكەن، بـەم شـێوەیە دیاردەی پیاوسـالاری سـەریهەڵدوە. بـەلآم بـە پێچـەوانە، لـە لێكۆڵینـەوەكانی "**ئـادرین زیلمـن**"دا بیروڕایـەكی جیـاواز لـە كۆكردنـەوەی گـژوگیا دەردەكـەوێت و بۆچـوونێكی جیاواز هەیە، بە بیروڕای ئەو، كۆكردنەوەی گـژوگیا جموجـۆڵێكی مەترسـیدار بـووە و پێویسـتی بـە توانـای بیركردنـەوەی زۆر هـەبووە، ئـەوان دەبوایـە ئـەو گـژو گیایـەیان كۆكردبایەوە كە بە كەڵكی خواردن بهاتبایە، ئەو هەست بـە ترسـكردنە كاریگـەری لـە سەر پەروەردەكردنی تواناكانی ئافرەت هـەبووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبوایـە پێداویسـتی منداڵەكانیشیان دابین بكەن، بۆیە دەتوانین بیر لە لێهاتوویی و توانـای بیركردنـەوەی ئافرەت بكەینەوە. پارێزگاریكردنی بـەردەوامی منـداڵ وەك ئـەركێكی دایكانـە، یەكـەم

سەرچـاوەی مرۆڤایەتییـە لـە کۆمەڵگـەدا، منـداڵ لـە دایکـی فێـری ئـەو بـەها مرۆڤایەتییانە دەبێت کە لە ژیاندا هەیە، لە راستیدا ئـەوە دایکـە یاساکانی سـەرەتای ژیـانی بـە کۆمـەڵ وەك زمـان و خۆشەویسـتی پـەروەردە دەکـات، کـەواتا لێـرەدا دەردەکەوێت، بیر و توانای بیرکردنەوە و هەستی بە یەکەوە بـوون، تـەنیا تایبـەت بـە پیاوان نییە، بەڵکو هەردوو رەگەز، هەر یەکە و بـە رێگـای خـۆی و بـە پێـی توانـای هەلومەرجی ژیانی، ئەو تایبەتمەندییە مرۆڤانەیان تێدایە. سەبارەت بـە دابەشـبوونی ئەرکەکانی نێوان هەر دوو رەگەز، لە نێوان زۆربەی لێکۆڵەرەوەکاندا بیروڕای هاوبـەش هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا کە دێتە سەر پەیوەندی نێوان ئافرەت و پیاو چەندین بۆچوونی جیاواز دەبینرێت .

**حکومەتی دایکسالاری**

لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەیـەم بیروڕایـەکان زیـاتر لـە سـەر ئـەوە کـۆك بـوون کـە حاکمیەتێکی دایکسالاری بـە سـەرکۆمەڵگەدا زاڵبـووە،"**باخوفن**"ی ئـەڵمانی و "**لویس هنری مورگانی**" بەریتانیایی لە سەر ئەو باوەڕە بوون کە لە خێزانە سـەرەتاییەکاندا دەسـەڵاتێکی دایکسـالاری حـوکمی گێـڕاوە و لـە رێگـای دایکانـەوە وەچـەکانیان بـەردەوامبووە، لـە دوای تێپـەڕبوونی قۆنـاغی دوورودرێـژی قەومـە سـەرەتاییەکان چەمکی "**پیاوبوون**" دروست بووە. پیاو، "هێز و سامان و... ئافرەتی داگیر کردووە و بەوشـێوەیە پیـاو دەسـەڵاتی گرتۆتـە دەسـت و لـە رێگـای حاکمیـەتی پیاوسـالاری بەردەوامی وەچەکان بۆ باوك گوازرایەوە ".

"**ئـەولین ریـد**"مرۆڤناسـی ئەمـەریکی بـە نوسـینی کتێبـی "**بـەرەو کـامڵبوونی ئـافرەت**"دەنگۆیـەکی زۆری نایـەوە، لـەو کتێبـەدا زیـاتر ئامـاژە بـە وتـەکانی "**بریفو**"دەکات، "**بریفو**"لە بیروڕایەکانی خۆی سەبارەت بە دایکان دەڵێت:"دایکان بە رەخسـاندنی کـەش و هەوایـەکی دڵسـۆزانە، کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتییان دروسـتکرد". هەندێك لە لێکۆڵەرەوان لە سەر ئەو باوەڕەن کە بابەتی هێز، بێ رەچاوکردنی بابەتـە سەرچاوە خۆراکییـەکان کـە ئـافرەت رۆڵـی سـەرەکی تێـدا بینیـوە ناتوانرێـت ڕای بـۆ

**دەرببڕدرێت ، بە بیروڕای "ئازین زیلمن": "خۆراکی گیایی کە کۆکردنەوەی لە ئەستۆی ئافرەتان بووە، بەشێکی گرنگ لە سەرچاوە خۆراکییەکانە کە ئافرەت لەو ڕێگایەوە توانیویەتی  هاوسەنگی هێز لەگەڵ پیاودا دروست بکات."**

**حکومەتی پیاوسالاری**

بە بیروڕای"**لوی**"کە مرۆڤناسەکانی تر داکۆکییان لە بیروڕایەکەی دەکرد، خێزان وەکو کۆمەڵێکی جیهانی هەرلە سەرەتای دەرکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەبووە، لە دەیەی ١٩٦٠ "**لیونل تایگر**"و"**رابین فوکس**" **لەو** بیروڕایەدابوون کە لە ژیانە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی، ڕاوکردن یەکەم هەنگاوبووە بۆ دروستبوونی خزمایەتی لە نێو مرۆڤەکاندا، ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە هاوکاری و بە یەکەوەبوون و دابەشکردنی گۆشت لە نێو ڕەگەزی نێرینە یەکگرتوویەکی دروستکردووە، ئەو گرووپە نێرینانە بەرەبەرە لە گرووپەکانی تر بۆ خۆیان هاوسەریان هەڵبژارد و ڕۆڵی ڕێبەری و باوکایەتی فێربوون ، لە ساڵی ١٩٧٣ "**ئەدگار مورن**" ئەو باسەی زیاتر پەرەپێدا، ئەو لە بەرامبەر پیاوێکی ڕاوچی، ئافرەتێکی سادە ومیهرەبان و بێبەشی دانا، بە بیروڕای "**مورن**" پیاوان هێزی سیاسی وەردەگرن و حکومەتی خۆیان بەسەر ئافرەتاندا دەسەپێنن و ئەو ڕێڕەوەش هەر بەردەوام دەبێت. بە بیروڕای "**مورن**" لە سەرەتای ژیانی کۆمەڵایەتی، مرۆڤی پیاوسالار بۆ دروستکردنی خێزان بە سەرکۆمەڵگەدا زاڵبووە و کامڵبوونی مرۆڤ بە هۆی پتەوبوونی پەیوەندییەکانی نێوان باوك و دایك و منداڵ دروستبووە، ئەمەش بۆتە هۆی کامڵبوونی مرۆڤ و دروستبوونی خێزان، پیاوان بە دابەشکردنی ئافرەتان لە نێو خۆیاندا پەیوەندی جنسییان یاسایی کرد، تۆڕی خێزانیان پتەوترکرد و ئەو بڕیارەی کە جاران لە سەر دابەشکردنی ئافرەت لە نێو خۆیاندا هەبوو، کۆتایی پێ هات و یەکێکی تر هاوسەرەکەی هەڵئەدەبژارد.

**"ئـەدگار مـورن"** لـەو بابەتـە ئـەوە دەخاتـەڕوو کـە سـنووردارکردنی داواکارییـەکانی ئافرەتـان و یـەکگرتوویی پیـاوان لـە نێـو خۆیانـدا، بۆتـە هـۆی ئـەوەی گـەورەیی و زاڵبوونی خۆیان بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن.
زۆربەی مرۆڤناسەکان لـە سـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە لـە قەومـە سـەرەتاییەکاندا دیـاردەی پیاوسالاری هـەبووە، تەنانـەت **"سـیمۆن دێ بوڤـار"**: **دەسـەڵاتی پیاوسـالاری هـەر لـە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە هەڵکەوت و یان لە ئاکامی شۆڕشێکدا بەدی نەهاتووە، بەڵکو بەرهەمی بەرزی پلەی بایولۆژی پیاو بووە کە ڕێگایان پێدراوە حاکمی تاك بن وهێز و توانای خۆیان بسەلمێنن.**

### حکومەتی تەواوکەری ئافرەت و پیاو

بە بیروڕای هەندێك لە کارناسانی بواری مرۆڤایەتی هیچکام لـەو بۆچوونانە نـاتوانێ بەلگەیـەکی تـەواو بـە دەسـتەوە بـدات لـە مـەڕ هـەبوونی حکومـەتێکی پیاوسـالار یـان دایکسالار، لە بەر ئەوەی پێیان وایە ئەو بابەتە زۆر ئاڵۆزە کە باسی بکرێت، یان ببێتە فاکتەرێکی سـەرەکی بـۆ سـەلماندنی ئـەو بابەتـە. زۆربـەی بیروڕایـەکان زیـاتر بـاس لـە بـوونی حاکمیـەتێکی پیاوسـالاری دەکـەن، بۆیـە بـە پێـی ئـەو زانیارییـە کەمـەی لـە بەردەستدایە و لە سەر بنەمای پەیوەنـدی نێـوان دایـك و منـداڵ کـە سـەرەتاییترین و دیارترین پەیوەندی کۆمەلایەتییە، ناتوانین بگەینە سەر ئەو بـاوەڕەی کـە حاکمیـەتی دایکسالاری هەبووە.
بـە بـیروڕای **"فرانسـوا ئـاز ئەریتـە"**: **"هێـزی سیاسـی و حـاکمبوونی دایکـان تـەنیا چیرۆکێکە، تەنانـەت لـە کۆمەڵگـەی راوچییەتی و کۆکردنـەوەی خۆراکیشـدا ئەمـە سەلمێنراوە کە ئافرەتان هەموو کات چاو لەدەستی پیاوان بوون."**
**"ئیروکوا"**لە سەر ئەو باوەڕەیە :**" ئافرەت سەرەڕای ئـەوەی هێـز و مـافی تاکەکەسـی هەیە ، بەلام پیاوەکان گەورەترن"**.
هەنـدێك لـە مرۆڤناسـەکان لـە سـەر ئـەو بـاوەڕەن: لەگـەڵ ئەوەیـدا ئافرەتـە وەنێوکەوتووەکان لە ماڵە گەورەکاندا تاڕادەیـەك سەرپەرشـتیاری کاروباریـان دەکـرد و

خاوەن دەسەڵات بوون، بەڵام تەنیا پیاوان بوون کە نوێنەرایەتی ریش سپییەکانیان دەکرد و هەر ئەوان قسەیان دەکرد. هەر چەندە زۆربەی بیروڕایەکان ئەوە دەردەخەن کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پیاوان زیاتر لە ئافرەتان خاوەن دەسەڵات بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بۆچوون لە سەر ئەو باوەڕەن کە لەو قۆناغەدا جۆرێك لە هاوسەنگی هێزی لە نێوان رەگەزەکاندا هەبووە و هەرکامەیان هێز و بەهای تایبەت بە خۆی هەبووە کە تەواکەری یەکتر بوون و تا ئەمڕۆش ئەو هێزە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا دەبینرێت، بۆیە ئافرەت یان پیاو بە تەنیا ناتوانێ پێناسەی ژیانێکی راستەقینەی مرۆڤایەتی بکات.

# جیاوازی دونیای ئافرەت و پیاو

**جۆرج زیمل: "ئافرەتان دونیایەکیان هەیە کە زۆر جیاوازە لە دونیای پیاوان".**

بە پێی یاسای سروشتی جیهان، ئافرەت و پیاو جیاوازیان نییە تەنیا لە لایەنی جەستییەوە نەبێت، کەواتا پێشکەوتن یان دواکەوتنی ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا پەیوەندی بە هوشیاری کۆمەڵگەوە هەیە، هەر بە پێی وتەیەکی "**کارل مارکس"کە دەڵێت:"ژێردەستی و شوێنکەوتوویی ئافرەت لە سروشت و پێکهاتە بایۆلۆژییانەی کە نەگۆڕن سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو بەرهەمی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییەیە کە مێژینەیەکی ئاشکرا و دیاریان هەیە و شیاوی گۆڕانن"**

جیاوازی دونیای ئافرەتان لە یاریکردن خوێندن، کارکردن و... زۆربەی ئەو کردەوانەی کە لە ژیاندا هەیە، بەدی دەکرێت، ئافرەتان هیچکات کۆمەڵگەیەکی کراوە و سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان نەبووە، بەڵکو تەنیا گرووپێکن لە ژێر کاریگەری پیاودا ژیان بە سەر دەبەن، هەروەکو "**سیمۆن دێبوڤار**" ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەت پێناسەیەکی ژنانەی سەربەخۆی نییە، ئەگەر مرۆڤ بە پێکهاتەی خۆی خاوەنی دونیایەکی جیاوازە، کەواتا ئەو جیاوازییە لە هەردوو رەگەزدا هەیە، بەڵام دونیای جیاوازی رەگەزی بابەتێکی ترە، ئافرەت زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە ژێرکاریگەری پیاودا بە سەر دەبات هەر بۆیە تاوەکو ئیستا نەیتوانیوە لە پێناسەی خۆیدا وەکو"**دێ بوڤار**" دەڵیت،" ناسنامەیەکی ژنانەی تایبەت بە خۆی هەبیت، ئەوەی لە دونیای پیاوانەدا دەبینرێت، ئەوەیە کە لە دونیای جیاوازی خۆیدا ئازادە، بەڵام ئەو ئازادییە بۆ ئافرەت سنووردارە ، بۆ نموونە، لە خێزانێکدا کوڕو کچێك بە یەکەوە لە دایك دەبن، وەکو دوو منداڵ گەورە دەبن، دوایی هەست بەو جیاوازییە دەکەن، تەنانەت کوڕ هەست بەوە دەکات کە پلە و پایەی لە کچ بەرزترە ، هەردووکیان بە یەك قۆناغدا تێدەپەڕن، بەڵام بە دوو بۆچوون و فکری جیاواز، لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن بەرەبەرە داب و نەریت و عورفی کۆمەڵایەتی دوو کەسایەتی جیاواز لە مرۆڤ دروست دەکات ، کوڕو کچ بە دوو جیهانی زۆر جیاواز لە یەکترپەروەردە دەکرێن، هەر لە منداڵییەوە کچ رادێت کە زیاتر گەمە بە بووکە شووشە و یاری باجێنێ بکات و یان ئەو یارییانەی تایبەتن بە ئیش و کاری ئافرەت

و کوڕیش گەمە بە تۆپ و ئەو یارییانەی کە تایبەتن بە شەڕ و توندوتیژی، تۆپ بۆ کچ لەوانەیە شتێکی نامۆ بێت و تەنانەت بۆ کوڕەکەش لەوانەیە گەمەکردن بە بووکەشووشە ئاسایی نەبێت، جا هەر لەو یاریکردنە سادەوە بگرە تا زۆربەی ئەو شتانەی کە ڕۆژانە دێنە ئاراوە و پەیوەندی بە ژیانیانەوە هەیە، ئەو جیاوازییە جۆرە بیرکردنەوەیەك لای ئافرەت دروست دەکات کە لەوانەیە تا بە ئەمڕۆش پەسەند بووبێت. "**سیمۆن دێبوڤار**"دەڵێ: **لەو قۆناغەدا ئافرەت خۆی ئەمە قەبووڵ دەکات کە جیهان بە گشتی پیاوانەیە و پیاو بەڕێوەی دەبات و ئەمڕۆش بە سەریدا زاڵە، ئافرەت لەو جیهانەدا زیندانی جەستە و شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەتی و بێبەشبوون لە دەربڕینی بیروڕایەکان، ئافرەتان هەرگیز کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆیان دروست نەکردووە ، بەڵکو ئەوان تەنیا بوونە بەشێك لەو کۆمەڵگەی کە ڕەگەزی نێرینە ڕێبەرایەتی دەکات و ئافرەتان پلەی کەمتر لە پیاویان داگیر کردووە، لەو کۆمەڵگەیەدا بە یەکگەیشتنی ئافرەتان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر تەنیا لە بەر ئەوەیە وەکو یەکن و لە هەمان کاتدا پەیوەستن بە دونیای پیاوان.**

هەر وڵاتە بە پێی فەرهەنگی تایبەت بە خۆی جیهانێکی جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاودا دروست کردووە، بۆ نموونە لە هەندێك شوێن تاوەکو ئێستاش ئافرەت و پیاو بە یەکەوە نان ناخۆن، بە یەکەوە سەفەر ناکەن، لە کڕینی کەلوپەل پرس بە ئافرەت ناکرێت، ئێستاش ئەو پەیوەندییە روحییەی کە دەبێ لە نێوانیاندا هەبێت نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە بە یەکسانی سەیری یەکتر بکەن و لە یەکتر تێبگەن، بۆیە دەبینین زۆربەی کێشەکانی نێوان ڕەگەزەکان بە هۆی لێك تێنەگەیشتن دروست دەبێت. پیاو زیاتر حەزی لە کاری دەرەوەویە و ئەگەر بۆی بکرێت زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی بە سەر دەبات و ئافرەتیش زیاتر سەرقاڵی ئیشی ماڵەوەیە و حەز دەکات کاتەکانی بێکاری لەگەڵ ژنە دراوسێ یان هاوڕێکانی بە سەر ببات، هەر دوو ڕەگەز کەمتر کاتی خۆیان بۆ ئەو بابەتە گرنگانە تەرخان دەکەن کە پەیوەندی بە هەردوولاوە هەیە، بۆیە زیاتر ناچار دەبن لەگەڵ هاوڕەگەزەکانیان ئەو پەیوەندییە دروست بکەن و هەموو شتێك لایان بدرکێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆ بوون و

**دوورکەوتنەوەی ئافرەت و پیاو لە یەکتر، لەو کاتانەدا هاوڕەگەزەکان باشتر دەبنە هاوڕێ و زیاتر لە یەکتر تێدەگەن تاوەکو دوو ڕەگەزی جیاواز.**

**جیهانی ئافرەتان، جیهانێکی ناسك و پڕ لە خۆشەویستی و دوور لە توندوتیژییە ، ئافرەت زۆربەی کات نەرم و نیانە و هەستی لێبووردەیی زیاترە، حەزی لە شەڕ و کێشە نییە، هەر ئەوەش وای کردووە لە زۆر بواردا نەتوانێت وەکو پیاو بێت، بە تایبەتی لە کاتی شەڕدا .**

**"جسی برنارد" کۆمەڵناسی ئەمەریکی لە سەر ئەوباوەڕەیە: تا وەکو هەردوو ڕەگەز بە شێوەیەکی باش پەروەردە نەکرێن، ئەو کێشانە دێنە ئاراوە و دوو دونیای زۆر جیاواز و نامۆ لە یەکتر دروست دەبێت .لە وتەکانی ئەو کۆمەڵناسە ئەمەریکییە سەرنجمان بۆ هەندێك بابەتی تایبەت بە پەروەردە رادەکێشێ، پەروەردەکردنی تاك لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیەکی دوور لە جیاوازی ڕەگەزی، بەڵام ئەوەی ئێمە لە پەروەردە فێری بووین هەر ئەو دونیا جیاوازەیە کە لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەیە، بۆیە پێداچوونێکی باش لە بواری پەروەردەدا پێویستە، بۆ ئەوەی بتوانین کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێ .**

**دونیای ئافرەتان بە پێی قۆناغەکانی ژیان دەگۆڕێت، ئافرەتان لە تەواوی دونیادا لە هەوڵی سەرکەوتندان و هەر کەس پێوەرێکی تایبەتی بۆ سەرکەوتنی هەیە کە لە سەر چ بنەمایەك بەرنامەی ژیان بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرچەندە کۆمەڵگە ڕۆڵی سەرەکی لە بەرەوپێشچوونی ئافرەتدا هەیە، بەڵام ئەو ئافرەتانەی لە ژیاندا سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە بە دڵنیاییەوە ئەو کەسانن کە ئیرادە و باوەڕبەخۆبوونێکی زۆریان هەیە وبیرو باوەڕی خۆیان بە ڕاشکاوانە دەربڕیوە و هەموو ئەو قۆناغەیان تێپەڕاندووە کە بە نێوی ترس و دڵەڕاوکێ ڕێگربوون لە بەردەم سەرکەوتنیاندا و تەنانەت ئەو کەسانەن کە پاڵپشتێکی بەهێزیان هەیە لە لایەن پیاوەوە ، بەڵام چ پاڵپشتییەك ...؟**

**"مری ئان ویلیامسون"**نووسەر و مامۆستای زانکۆ: **"هەندێ جار کاتێك باس لە هێز دەکرێت ، شتێك لەو کاتەدا کە بیری لێدەکەینەوە، مرۆڤێکە هێزێکی زۆری هەیە،**

**یان خاوەن سامانێکی زۆرە، بە رای من ئافرەتی گەورە و بەهێز ئەوکەسە نییە پارەیەکی زۆری هەبێت، بەڵکو ئافرەتی گەورە، کەسێکی نەترسە و بە تواناکانی رێگای ژیان بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، هەندێك کەس پێیان وایە ئافرەت بۆ سەرکەوتنی پێویستی بە پیاوێك هەیە هەست بەو جیاوازییە بکات کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، پیاوێك خۆی بە گەورەتر لە ئەو نەزانێت و وەکو خۆی سەیری بکات، بەڵام ئەو بیرو باوەڕە کاتێك دەگونجێ کە ئافرەت پارەی نەبێت و لە بواری ئابوورییەوە پەیوەست بە پیاو بێت، لە کاتێکدا ئەگەر ئافرەتێك پشت بە توانا ئابووری خۆی ببەستێت دەتوانێ سەربکەوێت بە مەرجێك باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەبێت، من سەرەتا لە سەر ئەو باوەڕە بووم بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا دەبێ پیاوێك هەبێت کە بەربەرکانی لەگەڵ ئەو شتانە بکات کە رووبەڕووم دەبێتەوە و لە کاتە سەختەکانی ژیاندا پارێزگاریم لێ بکات ، بەڵام دوایی بیرم لێکردەوە کە ئەو بۆچوونانەم رەنگدانەوەی ئەو بیرو باوەڕە چەوتەیە کە لە بارەی خۆم هەمە، وەك نەناسینی خۆم و هەستکردن بە بێ توانایی خۆم، هەر بۆیە بۆم دەرکەوت هیچ کەس ناتوانێ جگە لە خۆم بەرگریم لێ بکات، ئێستا بۆم دەرکەوتووە ئەو پیاوەی دەتوانێ یارمەتیم بدات، تەنیا لە بواری مەعنەوییەوە دەتوانێ هاوکاریم بکات کە خۆم بناسم و لە بەرامبەر کێشەکاندا هەستی باوەڕ بە خۆبوونم بەهێز بکات."**

**چەمکی ڕەگەزی مێینە یان (ئافرەتبوون)**

چەمکی ئافرەتبوون لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تێڕوانین و مانای تایبەت و جیاوازی هەیە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی تاکی کۆمەڵگە کە چۆن سەیری ئافرەت دەکات، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بیروبۆچوون و فەرهەنگە جیاوازەکان کاریگەرییان لە سەر تێڕوانینی مرۆڤ هەیە، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی پیاوسالار، تاکی کۆمەڵگە لە ژێر فەرهەنگێکدا پەروەردە دەکرێت کە ئافرەت بە بوونەوەرێکی جیا لە پیاو سەیر دەکات، لەو کۆمەڵگەیەدا ئافرەت بەرەبەستێکی زیاتری لە بەردەم پێشکەوتنەکانیدا دەبێت. بۆ هەر بابەتێکی کۆمەڵگە چەندین بۆچوونی جیاواز سەرهەڵدەدات، بەڵام

زیاتر ئەو بۆچوونانە پەسەند دەکرێن کە کۆمەڵگە بە گشتی پەسەندی دەکات و ئەوانی تر بە نامۆیی لە کۆمەڵگە دەردەکەون، لە حاکمیەتی پیاوسالاری هەردوو رەگەز دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو دیاردەیە، بێ ئەوەی هەست بە بەندکراوی خۆیان بکەن، بە تایبەتی ئافرەت کە زۆربەی شتەکانی بۆ سنووردارە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە بنەمای فیکری لە سەر ئەو بیروباوەڕە بێت، پیاویش دەکەوێتە ژێر گوشارەوە و دەچەوسێتەوە، بەڵام لە وانەیە شێوازی لەگەڵ ئافرەتدا جیاواز بێت. پیاو لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا هەر چەندە زۆربەی بەرژەوەندییەکانی پارێزراوە، بەڵام بە هەندێك بیرکردنەوە دەردەکەوێت ئەویش گوشارێکی زۆری لە لایەن کۆمەڵگەوە دەکەوێتە ئەستۆی و تووشی حاڵەتێك دەبێت، پێی دەڵێن "ناچاربوون" واتا ناچار دەبێ بە تەنیا هەڵگەری کۆڵە باری ژیان بێت، ناچار دەبێت هەستە جوانەکانی بشارێتەوە، لە لایەکی تر هەر دوو رەگەز ناچار دەبن بە زۆر شت رازی بن کە ئەو حاکمیەتە بۆی دەستنیشان کردوون و پابەندی هەندێك لەو داب و نەریتانە بن کە لە کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە، ئەوەش زۆر جار وا لە مرۆڤ دەکات بکەوێتە نێوان دوو حاڵەتەوە واتا "توانا و بەربەستەکان"، ئەو دووانە پەیوەندییان بە یەکتر هەیە، لەو کۆمەڵگەیەدا ململانێ لە نێوان توانا و بەربەستەکانە ، زۆر جار مرۆڤ توانای هەیە ، بەڵام ناتوانێ بە سەر بەربەستەکاندا زاڵ بێت، ئەوە مانای ئەوەیە تواناکانی مرۆڤ بێ سوود و کەم دەبنەوە و زۆربەی مافەکانیشی لێ زەوت دەکرێن، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، بۆچی مرۆڤ لەو کۆمەڵگەیەدا هەست بە بەندکراوی خۆی ناکات. "**مریلین فرای" فەیلەسوفی ئەمەریکی زۆر بە جوانی بابەتی بەندکراوی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا شی دەکاتەوە و دەڵێ:"باڵندەیەك بێنە بەر چاوت کە لە ناو قەفەزێکدا بەند کراوە، ئەگەر لە مەودایەکی زۆر نزیك سەیری ئەو قەفەزە بکەی، تەنیا دەتوانی یەك میلەی ئەو قەفەزە ببینی و تایبەتمەندییەکانی ئەو قەفەزە دەست نیشان بکەی، بێ ئەوەی سەرنج بدەیە ئەو خاڵەی بۆچی ئەو باڵندەیە ناتوانێ لێی دەرباز بێت، بەڵام ئەگەر لە مەودایەکی دوور سەیری ئەو قەفەزە بکەی دەبینی ئەمە تەنیا میلەیەك نییە، بەڵکو کۆمەڵێك میلەن بوونە بەربەست لە بەردەم**

**هەڵفرینی باڵندەدا، یەك میلە بەتەنیا ناتوانێ بەربەستی سەرەکی بێت بۆ فڕینی باڵندە.**

مرۆڤ ئەگەر تەنیا لە سنووری خۆیدا سەیری واقیعی ژیان بکات، زۆر شتی بۆ روون نابێتەوە، بۆ نموونە ئەو داب و نەریتانەی کە لە ناو خێزاندا هەیە، زۆر جیاوازە لە واقیعی دەرەوە کە کۆمەڵگەیە، زۆر جار ناتوانی لە ناو خێزاندا پەیڕەوی هەندێك شت بکەی کە لە کۆمەڵگەدا باوە، یان بە پێچەوانەوە. وا بیر بکەوە لە ناو خێزاندا کەسێکی ئازاد و سەر بەخۆیت، بەڵام لە دەرەوەی خێزان ناتوانی زۆر لەو هەڵسووکەوتانە بکەی کە لە خێزانەکەتدا رەچاوی دەکەی، بۆیە مرۆڤ ئەگەر بە بیرتەسکی بڕوانێتە ژیان، بیرێکی بەرفراوانی بەرامبەر بە کێشە و بەربەستەکان نابێت، زۆر جاریش بە هەڵە لە شتەکان تێدەگات و ناتوانێ شیکردنەوەیەکی زانستییانەی بەرامبەر بە رووداوەکان هەبێت و چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە. لە کۆمەڵگەدا یەك کێشە بە تەنیا ناتوانێ بەربەستی سەرەکی لە سەرکەوتنی مرۆڤ بێت، بەڵکو کۆمەڵێك گرفت لە ژیانی مرۆڤدا هەیە کە قەفەزێکیان دروست کردووە و ناتوانێ لێی دەرباز بێت، بۆیە مرۆڤیش هەست بە بەندکراوی خۆی ناکات، لێرەدا پێویستە مرۆڤ بەردەوام بیرێکی فراوانی بەرامبەر بە رووداو و پێشهاتەکان هەبێت ، ئەو کاتە تێگەیشتنی بەرامبەر بابەتەکان زیاتر دەبێت و باشتر دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات. با بەینەوە سەر باسی باڵندەکە، دەبینین هەموو شتێکی بۆ سنووردار کراوە، تەنانەت توانای هەڵبژاردنیشی نییە کە بیەوێت لە قەفەز بێتە دەرەوە، بۆ مرۆڤیش هەر بەم شێوەیە، کاتێك هەموو دەرگایەك بەرووی مرۆڤدا دادەخرێت، کەواتا چۆن دەتوانێ شتێك هەڵبژێرێت لە ئارەزووی دابێت.

لەو حاکمیەتەدا کە بە نێوی کۆمەڵگەی پیاوسالار حوکم لە سەر ئافرەت دەکات هەموو شتێکی بۆ سنوورداره، بۆ نموونە کاتێك کچێك پرسیار دەکات " بۆچی من ناتوانم بە تەنیا بچمە دەرەوە و براکەم دەتوانێ و یان ئەو کارە بۆ براکەم رەوایە و بۆ من رەوا نییە ویان بۆ براکەم دەتوانێ ئەو قسانە بکات و من ناتوانم... کۆمەڵێك پرسیاری تر لەم بارەیەوە بۆی دروست دەبێت کە تەنیا وەڵامێك لەو کاتەدا

وەریـدگرێت ئەوەیـە کـە پێـی دەوترێـت، تـۆ "کچـی و ئـەو کـوڕە..." ئـەو کۆمەڵـە پرسیارانەی ئافرەت بە بەردەوامی بۆی دێتە پێش، بە وەڵامـەکانی تـەنیا دەگاتـە ئـەو سنوورەی لەگـەڵ براکەیـدا هەیـەتی، لێـرەدا کێشـەکە تـەنیا کچێك نییـە کـە لـە نـاو خێزانێکدا ئەو کێشەی هەبێت، بەڵکو مێینـەبوونی لـە نـاو کۆمەڵگەی پیاوسـالارە کـە بەربەستی بۆ دروست دەکات، هەربۆیـە"مێینـەبوونی" ئـافرەت لـە کۆمەڵگـە هۆکـاری سەرەکی ئەو راستییەیە کە ناتوانێت لـە پیـاو باشـتر بێـت، هـەموو شـتێك بـۆ ئـافرەت نامۆیــە و ئــافرەت دەبێتــە قوربــانی تێڕوانینــی کۆمەڵگــە، ئەگــەر ئــافرەت لــەو کۆمەڵگەیەدا ناتوانێت خاوەن پلە وپایەکی بەرزی سیاسی، کۆمەڵایـەتی یـان ئـابووری بێت، ئەوە پەیوەندی بەجیاوازی رەگەزی هەیە، بە گشتی بۆ چەمکی "ئـافرەتبوون" لـە کۆمەڵگـە دەگەڕێتـەوە، بـە تایبـەتی ئـەو تێڕوانینـەی کـە کۆمەڵگـە بەرامبـەر بـە ئافرەت هەیەتی، بەلام دەبینین ئەو راستییە لە پیـاودا نییـە، "پیـاوبوون" بەربەسـت نییە بـۆ وەدەسـتهێنانی پلـەو پایـەی باشـتر لـە نێـو کۆمەڵگـەدا، پیـاو نابێتـە قوربـانی هەڕەشـە و توندوتیـژی و دەسـتدرێژیکردن لـە لایـەن کۆمەڵگـەوە، تووڕەبـوونی پیـاو شتێکی ئاساییە و نـامۆ نییـە، بـەڵکو بەڵگەی دەرخسـتنی پیاوەتییـە، بـە پێچەوانەوە ئەگەر ئافرەت تووڕە بێت، ئەوە بـە کەسـێکی نـامۆ دەناسـرێت کـە شـیاوی تووڕەبـوون نییە. ئەگەر "مێینە بوون " لەو کۆمەڵگەیەدا مانای بـێ توانـایی ئـافرەت بێـت، ئـەوە "نێرینە" مانای توانا و هێمای پیاوەتییە و تێڕوانینێکی جیاوازی لە کۆمەڵگەدا هەیـە ، هەر ئەو تێڕوانینە جیاوازەش بۆتە هۆی کۆك نەبوونی ئـافرەت و پیـاو لـە زۆربـەی بیروڕایەکاندا، پیـاو بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانی پیاوسـالاری خـۆی بەربەسـت لـە بەردەم سەرکەوتن و پێشکەوتنی ئافرەتدا دروست دەکات، بۆیـە دەتـوانین بڵێین لـەو کۆمەڵگەیەدا دوو ژیانی جیاواز بۆئافرەت و پیاو دروست بـووە ، ژیـانی ئـافرەت زیـاتر بە ئەرکی ماڵداری سـەرقاڵە و ئـەرکی پیـاویش زیـاتر کارکردنـە لـە دەرەوە، بـەلام بـا ئـەوەشمان لـە یـاد نەچێت، ئـافرەت رۆڵـی سـەرەکی دەبینـێ لـە رەخسـاندنی کـەش و هەوایەکی لەبار بۆ پیاو کە لە ماڵەکەیدا هەست بە ئارامی بکات، ئەو هەلە گونجاوە وا لە پیاو دەکات بە ئاسوودەیی کارەکانی لە دەرەوە ئەنجام بدات و زیاتر خـۆی سـەرقاڵی

ئەو پرۆژانە بکات کە لە بەردەستیدایە و بە دڵنیاییەوەش زیاتر لە کارەکانی دەرەوەی سەردەکەوێت، بەڵام ئایا بۆ ئافرەت ئەم هەلە دەگونجێ؟ ئافرەت ئەگەر بۆخۆی لە ماڵەوە نەبێت، لە شوێنی کارکردنی زیاتر بیر لە ماڵ و منداڵەکانی دەکاتەوە، لە بەر ئەوەی دەبێ ئەرکی دایکایەتی و هاوسەرێتی بە باشی ئەنجام بدات، لە شوێنی کارکردنی زۆر حەزدەکات خێرا ئیشەکانی تەواو بێت و بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، لە ماڵەوەش کاری زۆر هەیە کە دەبێ ئەنجامی بدات، بۆیە بۆی ناکرێت زیاتر بیر لە بەرژەوەندی خۆی بکاتەوە و کاتی پێویستی لە بەر دەستدا نییە، هەر بۆیە ناتوانێ وەکو پیاو سەرکەوتوو بێت.

باسم لە داب و نەریتی کۆمەڵگە کرد کە تا چەند کاریگەری لە پێشکەوتنی ئافرەت هەیە ، لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا، چەمکی ئافرەتبوون مانای تریشی هەیە، وەك بێدەنگی ، ملکەچبوون بە بنەماکانی خێزان ، شەرمکردن و بە تەواوی لە ئەمر و فەرمانی هاوسەر و باوك و یان براکەیدا بێت، ئافرەتێك خاوەنی بیروڕای تایبەتی خۆی بێت و کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، ئەوە بەربەستی بۆ دروست دەبێت، هەر بۆیە زۆر جار کە باس لە رێبازی فێمێنیزمی دەکرێت ، زۆربەی ئەو کەسانەی لە بەرژەوەندییان دانییە، پێیان وایە ئەو رێبازە دەبێتە هۆکارێك بۆ تێکچوونی شیرازەی خێزانەکان.

رۆشنبیریەتی مرۆڤ پێوەری سەرەکییە لە دروستبوونی بنەمای کۆمەڵگەیەکی تەندروست، لە بەر ئەوەی مرۆڤی رۆشنبیرزۆر بە ئاسانی رووبەڕووی کێشەکانی دەبێتەوە و بە شێوەی زانستییانە هەوڵ دەدات لە سەر بنەمای لێك تێگەیشتن بە سەر بەربەستەکانیدا زاڵ بێ. هەر چەندە ئەرکی مرۆڤی رۆشنبیر زۆر و کێشەکانیشی زیاترە، سەرەڕای گرفتی خێزانی، خۆی لە بەرامبەر هاوڵاتی و نەتەوەکەی بە بەرپرس دەزانێت و ناتوانێ وا بە ئاسانی لێی تێپەڕێت، لە بەر ئەوەی مرۆڤی رۆشنبیر لێکدانەوەیەکی واقیعبینانەی بۆ ژیان هەیە و زۆر بە باشی دەتوانێ هاوسەنگی لە نێو ئەندامانی خێزاندا بپارێزێ و زۆر بە زانستییانە مامەڵە لەگەڵ کێشە وگرفتەکاندا دەکات، بۆ هەر ئەندامی خێزان و تەنانەت تاکەکانی کۆمەڵگە بە

پێی کەسایەتی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، مرۆڤی رۆشنبیر خاوەن کەسایەتییەکی بەرزە و لە ناو کۆمەڵگەدا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و لە بواری کۆمەڵایەتیدا کەسێکی لێهاتوو و دڵسۆزە، بۆیە پێویستە ئافرەت لەو سەردەمەدا ئاستی رۆشنبیری بەرز بێت.

لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی باسم کرد، ئەگەربمانەوێت بەدوای ناسنامەی ئافرەتدا بگەڕێین، پێناسەیەکی تەواومان بۆ نادۆزرێتەوە، لە بەر ئەوەی لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن و پێشکەوتنی مرۆڤ بە سەر قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی مرۆڤایەتی، گۆڕانکاری بە سەر کۆمەڵگەدا هاتووە، ئەوەش بەو مانایەی چۆن لە ئافرەتیان ڕوانیوە، بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە هەردوو رەگەز لە ژیانی مرۆڤایەتیدا تەواوکەری یەکترن . ناسنامەی هەر تاکێك پەیوەندی بە تێڕوانین وبیروباوەڕی لە ناو کۆمەڵگەدا هەیە، ئەو ناسنامەیە بە هۆی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا دروست دەبێت، دیارە ناسنامەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ جێگیر نییە، بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگار و ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەر کۆمەڵگەدا دێت، لە قاڵبی خۆیدا نامێنێ، ئەمەش پەیوەندی بەو کەسەوە هەیە چۆن خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەگونجێنێ، بەڵام بە پێی ئەو بەڵگانەی باس لە حاکمیەتی پیاوسالاری دەکەن، دەتوانین تاڕادەیەك پێناسەی ئافرەت بکەین. ئافرەتێك کە لە چوارچێوی حاکمیەتی پیاوسالاری دابێت، دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێك لەو داب ونەریتانەی کە بە نێوی پیاوسالاری حوکم دەکەن، لەو کۆمەڵگەیە ئافرەتی باش کەسێکە، لە بەڕێوەبردنی کاروباری ماڵ و ئەرکی دایکایەتی و هاوسەری چالاك و لێهاتوو بێت، بە تەواوی گوێڕایەڵ بیت، کاردانەوەی بەرامبەر هیچ شتێك نەبێت. شەرمن و بێدەنگ و لە سەرخۆ بێت، بە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە رازی بێت کە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتە پێی دەدرێت و... لەو حاکمیەتەدا ئافرەت وەکو پیاو ناتوانێ لە بوارە پێشکەوتنەکاندا بەشداری بکات و تواناکانی خۆی دەربخات و تەنانەت رازی دەبێت بە هەموو ئەو جیاکارییەی کە لەگەڵ پیاو هەیەتی، سەرەڕای ئەوەش رێزێکی تایبەتی بۆ پیاو داناوە و پێی وایە کە پلە وپایەی پیاو بەرزترە و دەبێ رێزی تایبەتی لێ بگیرێ. ئەو کولتوورە پیاوسالارییە لە

ناخی تاکی کۆمەڵگەدا قووڵ بۆتەوە و شێوازە بیرکردنەوەیەکی لای ئافرەت دروست کردووە کە پێی وایە ئەمە شتێکی سروشتی ژیانە و زۆر ئاساییە پیاو بە سەر ئافرەتدا زاڵ بێت و بەو ژیانە رازی بێت، ئەگەر توندوتیژیشی بەرامبەر بکرێت.

جارێکی تر دەگەڕێینەوە سەر ژیانی قۆناغی راوچییەتی، پیاو بە حوکمی ئەوەی ئەرکی دابینکردنی بژێوی ژیانی لە ئەستۆ بووە، ئافرەتی ناچار کردووە لە ژێر کاریگەری ئەودا بێت و زۆربەی ئەو یاسانەی لە بەرژەوەندی خۆیدا بوون بە نێوی داب و نەریت بە سەر ئافرەتیدا سەپاندووە و ئافرەتیش لە ژێر کاریگەری ئەو یاسایانە ژیانی بە سەر بردووە . بیرو توانای ئافرەت تەنیا لە چوارچێوەی ئەو سنوورەی بۆی دیاریکراوە گەشەی کرد و هەر لەو سنوورەدا مایەوە و نەیتوانی لەو قاڵبە داخراوەی بۆی دروستکراوە زیاتر پەرە بسێنێت، ئەگەر بیریشی لە جیاوازییەك کردبێتەوە نەیتوانیوە دەریببڕێت، لە ترسی ئەوەی نەتوانێت بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات، بیرکردنەوەکانی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی زۆر جار وەکو پیاو بیر بکاتەوە و پیاوانە بێت، بۆ نموونە: بە پێی ئەو بۆچوونانە زۆربەی ئافرەتان ئەوەندی حەزیان لە کوڕە، لە ئارەزووی کچ دا نین، کچەکانیان وا فێر دەکەن لە خزمەتی براکانیاندا بن ، یان لە بیروڕادەربرین و هەموو ئەو بابەتانەی تایبەت بە هەردووکیانە، تەنیا بیروڕای کوڕەکە وەردەگرن و گرنگی بە کچەکە نادەن، سەرەڕای ئەوەی هەلومەرجی خۆپێگەیاندن لە بواری پەروەردەدا بۆ کوڕ زیاترە، بۆیە ئەو ناهاوسەنگییەی لە نیوان کوڕو کچ دا هەیە لە ژیانی رۆژانەی داهاتوویاندا رەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆکارێك بە رێژەیەکی کەم بەشداری لە بوارە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەدا بکەن ، بە تایبەتی بواری خوێندن، ئەوەش وای کردووە زیاتر سەرقاڵی ئەرکی ماڵداری بن ...، بەو ئاڕاستەیە ئافرەت لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا بووە و هەر لە ژێردەسەڵاتی ئەودا پێناسەی ناسنامەی بۆ کراوە، لە دواییدا ئەو پێوەرە بۆ کۆمەڵگە گوازراوەتەوە و کۆمەڵگەش هەر لەو سۆنگەیەوە سەیری کردووە.

**"سیمۆن دێ بوڤار" دەڵێ: پێناسەی مرۆڤ تەنیا پیاو دەگرێتەوە، ژن کاتێ پێناسەی خۆی دەکات ،دەڵێ: من ژنێکم ، بەڵام پیاو ئەو کارە ناکات ئەو دەڵێ، لە پێناسەی**

**مرۆڤ سوود لە وشەی پیاو وەرگیراوە ، نەك ژن، ژنان لە نێو پیاواندا پەراوێزبوون، نە مێژوویان هەیە ، نـە سروشـتێکی گونجاو.** لـە وتـەکانی "دێ بوڤـار" ئـەوەمان بـۆ روون دەبێتــەوە، پێناسـەی ئـافرەت هـەر ئەوەیـە کـە لـە کۆمەڵگەیـەکی پیاوسـالاردا هەیــەتی، هــەر ئــەم تێڕوانینــە کەســایەتی ئــافرەتی لاوازکــردووە و بــەهای پــێ نەبەخشیوە.

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و ئەو داهێنانـە نوێیانـەی لـە بـواری فکـری دروسـت بوو، ئافرەت هەستی بەوە کرد کە دەبێ بـەرەنگاری دەسـەڵاتی پیاوسـالاری بێتـەوە و بۆ داکۆکیکردن لە ماف و داخوازییـەکانی و بنبڕکردنـی دیـاردەی نایەکسانی هەوڵیـدا، بە تایبەتی لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ ی سەدەی بیستەمدا کە جموجۆڵـەکانی بزووتنـەوەی فێمێنیزمی دەستی پێکـرد، بـەلاّم تـاوەکو ئێسـتاش لـە زۆر وڵاتـدا ئـەو بزووتنەوەیـە پەرەسەندنێکی بەرچاوی بـە خۆیـەوە نـەبینیوە و پێگەیـەکی پتـەوی نییـە، (دوایـی زیاتر باس لەو بزووتنەوەیە دەکەین )، لەو سەردەمەدا کە سەردەمی نوێخـوازی بـوو، ئـافرەتیش لـە گـەڵ نوێبوونـەوەدا هـەوڵی گۆڕانکـاری دا. ڕێـژەی خوێنـدنی ئـافرەت بەرزبۆوە و ڕێژەی بۆ کارکردن لـە دەرەوە زیـاتر بـوو کـە متمانـەی پـێ بەخشـی بـۆ دۆزینەوەی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی ، لە گـەڵ ئـەو گۆڕانکارییـەدا دژایەتیـەك لـە گەڵ ئەو ڕێچکەیە دروست بوو، لە بەر ئەوەی لەگـەڵ کولتـوورە باوەکـانی پیاوسـالاری نەدەگونجا، بەلاّم ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و زانستی و فەرهەنگی و هونـەری ئـافرەت بـەرەو پێش چوو تا ڕادەیەك کە خۆی لە گەڵ سەردەمی نوێدا گونجاند و زیاتر هەستی بەوە کرد، خاوەنی ناسنامە و پێناسەی خۆیەتی.

هەوڵـەکانی ئافرەتـان بــۆ گەیشـتن بــەو ناســنامە تایبەتییــە بــێ ئامــانج نــەبوون وتاڕادەیـەك وەکـو باسـم کـرد تـوانی خـۆی دەربخـات. لـە لایـەکی تـر مۆدێرنـەبوونی کۆمەڵگە بە تایبەتی لە بواری گەشەکردنی میدیا و ڕاگەیاندن هۆکاری تری ناساندنی ئـافرەت و ڕۆڵ وکاریگەرییـەکانی لـە نـاو کۆمەڵگـەدا بـوو، هـەروەها بەشـداریکردن لـە ناوەندە پەروەردەیی وکۆمەڵایەتییەکان هەلومەرجی زیـاتری بـۆ دەسـتەبەر کـرد بـەو ئاڕاسـتەیەی کـە پێگـەی خـۆی لـە نـاو کۆمەڵگـەدا پتـەوتربکات و هەنـدێك لـەو قاڵبـە

سونەتە بێتە دەرەوە و باشتر بتوانێت پێناسەی خۆی بکات، لەوەی کە تەنیا ئەرکی ماڵداری و بە خێوکردنی منداڵی هەبێت .

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە بارودۆخی ژیان بە شێوازێکی تر گۆڕا، داواکاری خەڵك بەرز بۆوە تا وای لێ هات پیاو نەتوانێ بژێوی خێزانەکەی بە تەنیا دابین بکات، لەو میانەدا پێویستی بە کەسێك بوو یارمەتی ئابووری بدات و لە بەڕێوەبردنی خەرجی ماڵەوە هاوکاری بکات، بۆیە هەلومەرجەکان لە بار بوون بۆ ئەوەی ئافرەت زیاتر تواناکانی دەربخات. بە شداریکردنی ئافرەت لە مەیدانی کارکردندا و سەرفکردنی وزە و توانای خۆی و هاوکاریکردنی خێزان بەو بڕە پارەیەی دەستی دەکەوت بە شێوەیەکی ئیجابی کاردانەوەی لە ناسنامەی ژیانیدا هەبوو، تەنانەت کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە یارمەتیدرێکی باش بۆ ئەو وڵاتە بوو، لە بەر ئەوەی سەرمایەی ئابووری ئەو وڵاتە بەرەو پێش دەچوو، هەرچەندە لەو میانەدا ئەرکی ئافرەت بە سەر چوار کاردا دابەش دەکرا، وەك کاری دەرەوە ، ئەرکی ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ و هاوسەریەتی، بەڵام بە کارکردنی لە دەرەوە، تێڕوانینەکانی بەرامبەر بە ژیان بەرفراوان بوو، تۆڕی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا بەهێزکرد، هەستی کرد زیاتر لە ژیان وئازادی تێدەگات و بە شێوەیەکی زانستییانە تواناکانی بە گەڕخست، لە پێناو گەیشتن بەو سەردەمە نوێیەی کە سەردەمی خۆناساندن ودەرخستنی تواناکان بوو ، ئەو پێناسە راستەقینەی کە هەبوونی خۆی وەك رەگەزێکی لێهاتوو بسەلمێنێت.

سیستەمی ئەمڕۆی ژیان بە جۆرێکە کە مرۆڤ تێڕوانینێکی جیاوازی بەرامبەر بە ژیان هەیە و وەکو رابردوو بیر ناکاتەوە، مرۆڤی ئەو سەردەمە بە ئاسانی دەستی بە هەموو بوارەکانی پێشکەوتن رادەگات، بە ئاسانی دەتوانێ سەفەر بکات و لەگەڵ فەرهەنگ و ژیانی وڵاتان ئاشنا بێت، بۆیە زووتر پێش دەکەوێت، ئافرەتی ئەمڕۆش تا ڕادەیەك ئاشنایە لەگەڵ مافەکانی و هەلومەرجەکان لەبارترن بۆ ئەوەی بتوانێ پێش بکەوێت، هەر بۆیە کاتێك باس لە ماف و یەکسانی دەکات، وەکوو جاران بە شتێکی نامۆ سەیر ناکرێت و کەمتر گرفتی بۆ دروست دەبێت، ناوەندێك هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ داوای هاوکاری لێ بکات، بە چەندین سەنتەر و رێکخراوی تایبەت بە

**ئافرەتـان کـار بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـەکانی دەکـەن، لەگـەڵ ئەوەشـدا پیـاوی ئـەو سەردەمە باشتر لەگەڵ هەلومەرجەکان دەگونجێ و هاوکاری هاوسەرەکەی دەکات.**

# خەبات لە پێناو یەکسانیدا

ئەو کاتەی منداڵ بووم، زۆر کەم هەستم بەو جیاوازییە رەگەزییە دەکـرد، کـە ئـەمڕۆ بۆتە دیاردەیەکی زەق و بەرچاو لە کۆمەڵگەی مرۆڤایـەتی، لـە بـەر ئـەوەی مـرۆڤ لـە قۆناغی منداڵیدا تەنیا  هەست بەو شتانە دەکات کە لە چواردەوریدا ڕوو دەدەن و زۆر بە بەرفراوانی بیر ناکاتەوە، یان بیرکردنەوەکانی تەنیا لـە چوارچێوەی خێزانەکەیـدا گەشە دەکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە خێزان چۆن منداڵەکانی پەروەردە دەکات.  هـەر لـە منداڵیمەوە ئەو هەستە لەلام دروست بوو کە مرۆڤـەکان لەگـەڵ یـەکتر یەکسانن، واتـا هیچ جیاوازییەکیان لە گەڵ یەکتر نییە، ئەوەش بە هۆی پەروەردەی بنەماڵەکەم بوو، باوکم بۆ خێزانێکی حـەوت کەسـی، سـێوێکی دەکردەحـەوت پارچـە، یـان بـۆ زۆر شـت هـەمووان دەبوایـە پشـکێکمان بـەر کەوتبایـە.  لەگـەڵ ئەوەیـدا بنەماڵـەی بـاوکم لـە خێزانێکی عەشایری بوون، گلەیی و گازەندەی  زۆری لێدەکرا،  لە سەر ئێمەی کچ کـە دوو خوشـك بـووین، بـەڵام بـاوکم هـیچ کـات هـەوڵی نـەدا لـە براکانمـان دابـڕێین، بـە تایبەتی سەبارەت بە خوێندن، لە بەر ئەوەی بە بیروڕای ئەوکاتەی بنەماڵە، کچ مـافی تـەواوکردنی خوێنـدنی نـەبوو، کـە چـی بـاوکم زۆر بـە راشـکاوانە بـەرەنگاری ئـەو بۆچوونانە دەبۆوە و دەیگوت:  کوڕ و کچ هیچ جیاوازییەکیان نییە، وەکو یەك مافیان هەیە. هەر لە سەر ئەو شێوازە پەروەردەیە گەشەم کرد،  لە گەڵ کوڕو کچانی دراوسێ گەمەم دەکـرد تـا ئـەوە کاتـەی هەسـتم کـرد  دەبـێ وەك کچێکی گـەورە هەڵسوکەوت بکەم، ئەوەش بە هۆی  کاریگەری  تانـە و تەشـەری خـەڵك و هەنـدێك لـە دراوسـێمان بوو کە پێیان دەوتم: کچێ پێـت عـەیب نییـە لـە کۆڵان گەمـە دەکـەی، ئێسـتا وەختـی شووکردنتە ... ئەو کاتە زۆر بڕوام بە خۆم هەبوو، لـە چوارچێوەی ماڵەکـەی خۆمـدا دەمرڕوانیە ژیان و پێم وابوو هـەموو وەکـو یـەکین، وەکـو دوو منـداڵ سـەیر دەکـراین، نەك وەکو دوو رەگەزی جیاواز...لە راستیدا زۆر هەستم بە خۆشی دەکرد و هـیچ لـەو جیاوازییانە تێنەدەگەیشتم، بـەڵام کـە گـەورەتر  بـووم و وەك کچێك یـان بڵـێم وەك رەگـەزی مێینـە  چوومە نـاو کۆمەڵگـەوە ، بەرەبـەرە هەسـتم بـەوە کـرد کـە جیهـانی کۆمەڵگە زۆر لە جیهانە جوانەکەی من جیـاوازترە، هەسـتم کـرد ئێمـە  وەك رەگـەزی مێینە لە زۆر شتدا جیاوازیمان لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر پێ دەکرێت ، هـەر لـە ژیـانی

ئاسایی ناو خێزان بگرە تا ژیانی دەرەوە، هەروەها لە زۆر بواری فکری وەکو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایەکان و ڕادەربڕین کە زۆر گرنگیمان پێنادرێ، ئەو کاتە هەست دەکەی رووبەڕووی کێشەیەك دەبیتەوە، بەرفراوانبوونی بیر و تێگەیشتنی زیاتر لە ژیان وای لێکردم زیاتر هەست بەو جیاوازییە بکەم، ئەوەی رۆژانە وەکو ئافرەتێك رووبەڕووی دەبوومە زۆر جیاوازتر لەوە بوو کە بیرم لێدەکردەوە، ئەو کاتە زانیم کە کێشەیەك بە نێوی پرسی ئافرەت هەیە و سەریهەڵداوە...

دەروونناسەکان لە سەر ئەو باوەڕەن: کێشە سەرهەڵدەدات هەر کاتێك بتەوێت هەڵوێستێك بنوێنی بەرامبەر ئەو شتەی رووبەڕووت دەبێتەوە. هەڵوێستی ئافرەتیش بەرامبەر ئەو بەربەست و گرفتانەی هاتۆتە سەر رێگای، بۆتە مایەی سەرهەڵدانی چەندین کێشە کە وەك بابەتێکی هەستیاری سەردەمی ئەمڕۆ بێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە کاریگەری لە سەر رەوشی ژیانی مرۆڤایەتی هەیە، بەلاّم لە کاتێکدا ئافرەت لە پێناسەی خۆیدا لە پلە دوو دایە، کێشەکانی تا چەند بە هەند وەردەگیرێن، گرفتە تایبەتییەکانی ئافرەت وەك مەسەلەیەکی هەستیار پێویستییان بە چارەسەرە کە دەبێ زۆرتر بایەخی پێ بدرێت و وەك بابەتێکی گرنگ و هەستیاری جیهانی سەیر بکرێت، لە بەر ئەوەی مەترسی بۆ مرۆڤایەتی هەیە، وەکو هەموو بابەتێکی مرۆڤایەتی.

لە وروژاندنی هەر بابەتێك، راستەوخۆ بۆچوونەکان بە چەندین بیرورا ئاڵوگۆڕ دەکرێن و قسەی لە سەر دەکرێت، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کاریگەرییان پانتایەکی بەرفراوانی داگیرکردبێت و هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی و سیاسی بخاتە ژێر چنگی خۆی. پرسی ئافرەتیش تایبەت بە ناوچە یان شوێنێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو پانتایەکی گەورەی لە جیهاندا داگیر کردووە و رۆژانە رووبەڕووی دەیان گرفت ودیاردەی توندوتیژی دەبێتەوە، یان دەبێتە دەستەمۆی بازاری بازرگانەکان. ئەو کاتەی بۆ ریکلامکردنی شامپۆ وسابوون یان جلوبەرگ، یان کالآیەکی بێ بایەخ لە وێنەی ئافرەتێك کەڵك وەردەگیرێت...، یان وەکو کالآیەك دەفرۆشرێن و بازرگانیان پێوە دەکرێت و بە مەبەستی لەشفرۆشی بە کاریان دەهێنن...، یان بە هۆی باری

ئابوورییەکی نالەبار تووشی دەیان ئارێشە و قەیرانی دەروونی دەبن و زۆر جار ناچار دەبن جەستەی خۆیان بفرۆشن...، یان ئەو کاتەی بە هۆی گوشاری فەرهەنگییەوە پەنا دەبەنە بەر خۆ سووتاندن...، یان کاتێك دیاردەکانی کۆمەڵایەتی داسەپیوو ئافرەت دەخەنە ژێر مەترسی کاریگەری خۆیان...، یان ئەو کاتەی بە بیانووی جیاواز دەکوژرێن ویان بە هۆی زروفێکی سیاسییەوە دەبنە قوربانی... ئەمانە هەمووی وەك بابەتێکی تایبەت بە مرۆڤ پێویستە باسی لێوە بکرێت و چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە نەك وەکو بابەتێکی تایبەت بە جیاوازی رەگەزی سەیر بکرێت، بەڵام زۆر جار تەنیا قسەی لە سەر دەکرێت و بە ئاسانی پشتگوێ دەخرێ، یان دەبێتە مانشێتی بڵاوکراوەکان و بێ ئەوەی پێداچوونەوەی بۆ بکرێ بە زەقی وبێ چارەسەر دەمێنێتەوە. هەڵوێستی ئافرەت لەو کاتانەدا دەبێ دیار بێت و وشیارانە بیر لە بابەتەکانی خۆی بکاتەوە و بزانێت چۆن رووبەرووی ئەو دیاردانە دەبێتەوە، بەلأم ئەگەر خۆی هەوڵ نەدات ناگاتە هیچ ئامانجێك، ئەوەش هەر ئەو پێناسەیە کە من لە سەرەتاوە باسم کرد واتا پێناسەیەکی تەواو لە خۆی. کاتێك مرۆڤ خۆی بناسێت، گرنگی بەها مرۆڤایەتییەکانی زیاتر بۆ دەردەکەوێت و زیاتر خۆی خۆش دەوێت و رێز لە کەسانی تر دەگرێت و خەبات لە پێناو بەرز راگرتنی کەسایەتی و ناسنامەی خۆی دەکات، خەبات لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکان و چەسپاندنی یەکسانی، بەلأم ئەوەی گرنگە ئەوەیە چۆن و لە کوێ دەست پێبکەین؟ لە راستیدا خەبات دەبێ خەباتێکی زانستی و دوور لە هەر دیاردەیەکی توندوتیژی بێت، خەباتی دیالۆگ و تەفاهوم، هەرچەندە بۆ گەیشتن بۆ هەر ئامانجێك ئافرەت بە تەنیا ناتوانێ هەوڵ بدات، بەڵکو پیاویش دەبێ بۆ ئەو مەبەستە هاوکار بێت.

چەمکی یەکسانی و بە یەکسانیبوون ئەو کاتەی واتا راستەقینەی خۆی دەگەیەنێت کە دادپەروەری لە نێوان هەموو چین و توێژەکاندا هەبێت و ئازادییەکی تەواو لە دەربڕینی بیروڕا و بۆچوونەکان دەستەبەر کرابێت، بە تایبەتی لە نێوان ئافرەت وپیاودا، ئەو کاتە کۆمەڵگە هەنگاو بەرەو یەکسانی دەنێ، تا ئەو کاتە کۆمەڵگە نەگاتە ئەو ئاستەی تاکەکانی بە شێوازی لێك تێگەیشتن مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن و چەمکی

یەکسانی بە تەواوی ناچەسپێت. ڕێزگرتن  لە بۆچوونەکانی یـەکتر و لێـك تێگەیشـتن وەکو کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووی یەکسانیخواز هەر جۆرە جیاوازییـەك بنـبڕ دەکـات و دەبێتـە دەروازەیـەکی کـراوە بـەڕووی دۆزینـەوەی سەرچـاوەی کێشـەکان، کاتێـك منـی ئافرەت وەك تاکێکی کۆمەڵگە لە پیاو تێبگەم و ئەویش لە من تێبگات، واتـا دەتـوانین ئـاڵوگۆڕی بیروڕایــەکانی یــەکتر بکــەین و چارەســەرێکی گونجــاو بــۆ گرفتــەکانمان بدۆزینـەوە، تێگەیشـتن لـەوەی  چـیمان دەوێ، چـی دەخـوازین و یـان بەرنامـەمان بـۆ دوارۆژ چـییە، دوایـی دەتـوانین بـە بەرنامەیـەکی تۆکمـە، پـیلان بـۆ  سـەرکەوتنمان دابڕێژین.

سەرهەڵدانی بزاڤی ئافرەتان لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانـەدا سـەرەتایەکی نـوێ بـوو بــە مەبەســتی نــاڕەزایی دەربــڕین  بەرامبــەر بــە رەوش و هەلومــەرجی نالــەباری کۆمەڵگە، وەك  نەبوونی چـەمکی یەکسـانی لـە نێـوان رەگەزەکانـدا کـە بۆتـە هۆکـاری دروســتبوونی چــەندین کێشــە و گرفــت بــە تایبــەتی بــۆ ئافرەتــان کــە بــە پێــی داخوازییەکانیان نین و گوی بۆ ویست وئارەزووەکانیان ناگیرێت کە هـەمان بانگەشـەی یەکسانییە. لـە هەرکۆمەڵگەیـەك کـە بانگەشـەی یەکسـانی دەکرێـت، شـتێکی ئاسـاییە گرفت دروست بێت، بۆ چارەسەری گرفتەکانیش چەندین ڕێگا تـاقی دەکرێنـەوە، لـەو کاتانەشدا بزاڤی ڕێکخراویـی تایبـەت بـە ئافرەتـان وەك پاڵپشـتێکی بـەهێز و کـارا بـە مەبەستی بەدواداچوون و چارەسەری گرفتەکان بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجانـەی ئـافرەت دەیخوازێ کارەکانی دەستپێدەکات، هەڵبەت لەو بزاڤەشدا کۆمەڵێك کەسـانی لێهـاتوو و چالاك کـار لـە سـەر گـۆڕینی رەوشـی ئـافرەت لـە نـاو کۆمەڵگـەدا دەکـەن، کـە بـەرەو ئاڕاستەیەکی باش بڕوات. دیارە هەر وڵاتێك بە پێی هەلومەرجی ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو رەوشە دەکات کـە لـە هەنـدێك وڵاتـدا مێژوویـەکی دوورودرێژی هەیە، بۆ نموونە لە وڵاتی ئەمـەریکا لـە سـاڵی ١٧٧٥ یەکـەم جار ئـافرەت هەسـتی بـەوە کـرد ئـەویش مـافی هەیـە و بـۆ ئـەم مەبەسـتە رووبـەڕووی دەسـەڵاتی سیاسی ئەو سەردەمە بۆوە، دوایی وردە وردە پەرەی سەند تا ساڵی ١٨٨٨ کە لە زۆربەی وڵاتاندا ڕێکخراو و سەندیکای تایبەت بە ئافرەتان دامەزرا. ئەم خەباتە بەردەوام بـوو

تـا ٨ی مارسـی ١٩٠٨ لـە نیۆیـۆرك لـە كارگـەی چـنین كـە ١٢٩ كرێكـاری ئـافرەت بـە مەبەستی كەمكردنەوەی كاتی ئیشكردنی رۆژانـەیان و زیـادكردنی مووچـە، هـەروەها هەبوونی یاسایەكی تایبەت بۆ چاودێری، وەك بەڕێوەبەرایەتی چاودێری تەندروسـتی و بەڕێوەبەرایەتی چاودێری تایبەت بـە بـەخێوكردنی منـداڵ، مانیـان گـرت. خـاوەنی كارگـە بـۆ ئـەوەی دەنگـی مانگرتووەكـان نەچـێتە دەرەوە، دەرگـای كارگـەی داخسـت و دوایی كارگەكە ئاگری گرت، مانگرتنەكان لە بەر ئەوەی شـوێنی دەربازبوونیـان نـەبوو لە ناو ئاگرەكەدا سووتان. دوو ساڵ دوای ئەو رووداوە لە ساڵی ١٩١٠ بۆ یەكەم جار لـە كۆپنهـاگن پایتـەختی دانیمـارك كۆنگرەیـەكی تایبـەت بـە ئافرەتـان بەسـترا، لـەو كۆنگرەیـەدا ((**كلارا زاتكین**))گـەورە خـەباتكاری مـافی ئافرەتـان، كـە خـەڵكی ئـەڵمانیا بوو، هەشتی مارسی وەك رۆژێكـی جیهـانی تایبـەت بـە ئافرەتـان ناسـاند. لـەو كاتـەوە خەباتی ئافرەتان بەردەوام بووە بە ئامانجی نەهێشتنی دیـاردەی جیـاوازی رەگـەزی و گـۆڕینی سیسـتەمی پیاوسـالاری و بنبڕكردنـی دیـاردەی توندوتیـژی، ئـەو رۆژە بۆتـە سومبولی هەموو ئافرەتانی جیهان.

لە كوردستانی خۆماندا جوڵانەوەی ئافرەتـان توانیویـەتی كاریگـەری خـۆی هـەبێ، تـا پێش راپەڕینە مەزنەكەی ١٩٩١ خـەباتی ئافرەتـان تـەنیا خـەباتێكی سیاسـی لـە پێنـاو دەستەبەركردنی مافە سیاسـییەكان و رزگـاربوونی نەتـەوەی كـورد لـە ژێـر دەسـەڵاتی رژێمی داگیركـەر بـوو، بەشـداریكردنی ئـافرەت لـە كایـەی سیاسـیدا رۆڵ و كاریگـەری خۆی هـەبووە، لـە بـەر ئـەوەی زۆربـەی ئـەو پارسـەنگانەی راسـت كردۆتـەوە كـە پیـاو نەیتوانیوە بە تەنیا جێبەجێی بكات، ئافرەتی كورد وەك پێشمەرگەیەك رۆڵی بینیوە، لە ناو رێكخستـنەكانی نێوشاریشـدا رۆڵـی بەرچـاوی هـەبووە و لـە پێنـاو كوردایەتیـدا دەستبەسەر كراوە، لە ناو زیندانـدا ئەشـكەنجەدراوە، كاتێـك هاوسـەرەكەی لـە دەرەوە خەباتی دەكرد، ئەو بە تەنیا بەرپرسیاریەتی منداڵـەكانی لـە ئەسـتۆ گرتـووە، لەگـەڵ ئەوەشدا وەك دایك و خوشكی پێشمەرگە بەردەوام لە مەترسیدا بووە، بە هۆی پرسـە هەسـتیارەكانی نەتەوەكـەی بـیری لـە مافـەكانی خـۆی نەكردۆتـەوە، بۆیـە لـە دوای راپەرینـە مەزنەكـەی سـاڵی ١٩٩١ و ئـەو دەسـتكەوتانەی كـە كـورد وەدەسـتی هێنـا،

جموجۆڵەکانی بۆ گەیشتن بە ماف و داخوازییەکانی زیاتر بوو ، دیارە رەوشی ئارامی و سەقامگیری هەر ولآتێك هۆکارێکە بۆ زەق بوونەوەی دیاردە کۆمەلآیەتییەکان، بۆیە لە دوای ئەو کەش و هەوا ئارامەی کوردستان تا ڕادەیەك بە خۆیەوە بینی، زیاتر پەرە بە لایەنی کۆمەڵایەتی درا، بزاڤی ئافرەتانیش لە رێگای رێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان لە پێناو دەستەبەرکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان سەرەتایەکی باش بوو، بۆ دروستبوونی بنەمایەك بە مەبەستی گەیشتن بە داخوازییەکان، ئەمڕۆش بەختەوەرانە چەندین ناوەندی تایبەت بە ئافرەت هەیە. **(مایکل کیل )**کۆمەڵناسی گەورەی ئەمەریکی دەڵێ :"**هەوڵ و خەباتی ئافرەتان لە پێناو یەکسانیدا وەك بزاڤێکی رزگاریخواز، یەکێکە لە گەورەترین بزووتنەوەکانی سەرکەوتووی سەدەی بیستەم و لەوانەیە هەموو سەدەکان ، لەبەر ئەوەی ژیان و چارەنووسی زیاتر لە نیوەی کۆمەڵ کە ئافرەتە، بەو بزووتنەوەیە گرێدراوە**".

لەگەڵ هەموو ئەو خەبات و هەوڵدانەی لە پێناو نەهێشتنی دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت کراون ، بەلآم هەنووکە وەك پرسێك بۆتە جێگای سەرنج و گفتگۆ کردن.

لەگەڵ ئەوەی دیاردەی جیاوازی رەگەزی بە شێوەیەکی بەرفراوان بە سەر بیر و هزری کۆمەڵگەی ئێمەدا زاڵە، تا چەند توانراوە گۆڕانکاری لە بۆچوونی تاکی کۆمەڵگەدا سەبارەت بە ئافرەت دروست بێت ، ئایا لەو کۆمەڵگەیەدا کە خوازیاری یەکسانی و رێزگرتن لە مافەکانی تاکە، تا چەند ئافرەتان بە مافە رەواکانیان گەیشتوون؟ تا چەند ناوەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەك سەنتەر و رێکخراوەکان توانیویانە وڵامدەرەوەی داخوازییەکانی ئافرەتان بن؟ ئایا توانیویانە ببنە بنەمایەك بۆ ئەوەی ئافرەت پێناسەی راستەقینەی خۆی بکات... پرسیار لەم بوارەدا زۆرە، بەڵام گرنگ ئەوەیە تا چەند دەتوانین شرۆڤەی ئەو بابەتە بکەین و هۆکارەکان دەستنیشان بکەین، هەروەها تیشك بخەینە سەر خاڵە لاوازەکان و ئەو بەربەستانەی بۆتە هۆکاری سەرەکی لە گەیشتن بە ئامانجەکان.

هەر تاکێکی کۆمەڵگە تێڕوانینێکی جیاوازی بەرامبەر بە ژیان وجیهانی دەوروبەری هەیە، ئەم جیاوازییەش بۆتە هۆی دروستبوونی چەندین بیروڕای جیاواز، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا پیاو بە حوکمی ئەوەی خاوەن دەسەڵاتی تاکە، هەلومەرجی ژیان بۆی لە بار و گونجاوترە، بۆیە باشتر لە ئافرەت دەردەکەوێت و توانای خۆی زیاتر دەردەخات، بە پێچەوانە دەبینین ئەو هەلومەرجە بۆ ئافرەت لە ناوەندەکان کەمترە. پیاو بێ ئەوەی گوێ بۆ ویست و ئارەزووەکانی ئافرەت بگرێ، خۆی بەرنامە بۆ ژیان دادەڕێژێ، ئەو بەرنامەیە زیاتر لە بەرژەوەندی خۆی دایە، لەو کۆمەڵگەیەدا بەها و مافەکانی پیاو گرنگی زیاتری هەیە، دەرکەوتنی ئافرەتیش وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە بە پێی ئارەزووەکانی پیاوە، ئەرك ومافیشی لە ژێردەستی ئەو دایە، زیاتر گوتار و قسەی پیاو جێبەجێ دەکرێت و ئامانجی پیاو دەپێکێت، کەسایەتییەکی پیاوانە لە ناخی ئافرەتدا دروست دەبێت، جیاواز لە کەسایەتییەکی ئافرەتانە کە وەك ئافرەتێك خاوەنی بیرورا بێت و گوزارشت لە پێناسەی خۆی بکات، ئەوەش کۆسپێکی گەورەیە لە بەردەم هەنگاوەکانی لە ژیانی کۆمەلأیەتی و تەنانەت سیاسیشدا.

چەمکی دیموکراسی، یەکسانی بە سەر کۆمەڵگە دابەش دەکات، بەڵام ئەو دیموکراسییەی کە بەردەوام باسی دەکەین بە واتای یەکسانی و ئازادی لە رادەربڕین و بڕیاردان، تا وەکو ئێستا لە پێناسەی خۆیدا نەیتوانیوە ئەو مانایە بچەسپێنێ، بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو راستییە پشت دەبەستین بەو جیاوازییەی کە لە نێوان رەگەزەکاندا (ئافرەت و پیاو)هەیە، بۆ نموونە، توندوتیژی کردن بەرامبەر بە ئافرەت تا وەکو ئێستاش وەك بابەتێکی گرنگی کۆمەڵگە نەتوانراوە چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەر ئەو دیموکراسییەی ئێمە رۆژانە بانگەشەی بۆ دەکەین، بەو بارودۆخە بچێتە پێش و نەتوانێ ئەو لەمپەرە نایەکسانییە لابدات و بە سەریدا زاڵ بێت، چۆن دەتوانێ بانگەشەی دادپەروەری بکات. لەو حاڵەتەدا لەوانەیە دیموکراسی تووشی نیگایەکی جیاخوازی رەگەزی بێت، ئاکامەکەشی دامەزراندنی دیموکراسییەکی پیاوسالارانە کە تەنیا لە بەرژەوەندی پیاو و کۆمەڵگەی پیاوسالار دادەبێت، لێرەدا

ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئافرەت دەکەوێتە بەر هەڕەشە و مەترسییەکی زۆرەوە کە چۆن بتوانێت لەو کۆمەڵگەیەدا خۆی تێدا بدۆزێتەوە و پێناسەی تەواوی خۆی بکات، هەروەها ئاستەمە لەو کاتەدا  رۆڵ و ئەرك ومافی خۆی بناسێت و تووشی چەندین گرفت دەبێت، لە ناو کۆمەڵگەدا  هەست بە بوونی خۆی ناکات، بۆیە بۆ دۆزینەوەی پێویستیمان بە  شۆڕشێکی هۆشیاری و خۆ رۆشنبیرکردن هەیە.

ئەگەر وەك نموونە باس لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستان بکەین، دەبینین بوار بۆ هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگە ڕەخساوە کە بەشداری لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگەدا بکەن و تیشك بخەنە سەر خاڵە لاوازەکانی کۆمەڵگە و ئەوسا کارکردن لە سەرئەو خاڵانەی کە بەربەستن لە بەردەم پێشکەوتن و هەنگاونان بەرەو مەدەنیت بە مەبەستی چارەسەرێکی گونجاو ، هەروەها بە رێزگرتن لە مافەکانی تاك و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بە بەشداریکردن  لە پرۆسەی سیاسی لە سەر بنەمای لێك تێگەیشتن بتوانین زۆربەی کێشەکان لە نێو کۆمەڵگەدا چارەسەر بکەین، دیارە لەسەر ئەو بنەمایە تا ڕادەیەك توانراوە ئەم هەنگاوە بەرەوپێش بچێت، بەڵام هەنووکە کۆمەڵێك بەربەست و گرفتی تر هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەی  دیموکراسییەت بەرەو ئاڕاستەیەکی باشتر بڕوات و پێگەی خۆی باشتر لە کۆمەڵگەدا بچەسپێنێت، هەر چەندە قۆناغەکانی پێشکەوتن هەنگاو بە هەنگاو جێ پێی خۆی پتەوتر دەکات، بەڵام  تاوەکو ئێستا ناتوانین  باس لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووخوازی سەردەمیانە  بکەین، لە بەر ئەوەی پرسی ئافرەت کە خۆی لە کۆمەڵێك گرفت دەبینێتەوە چارەسەری گونجاوی بۆ نەدۆزراوەتەوە، بۆیە هەنگاوەکانمان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی یەکسان دەبێ پتەوتر و زانستییانەتربن و هەموو ئەو هۆکارانە شی بکرێنەوە کە بەربەستن لە بەردەم پرۆسەی دیموکراسیدا. لە سەر پرسی ئافرەت چەندین بۆچوونی جیاواز سەرهەڵدەدات و هەر کەسە بە پێی ئاستی تێگەیشتن و تێڕوانینی  خۆی ئەو بابەتە هەڵدەسەنگێنێ و تێڕوانینی خۆی لە مەڕ پرسی ئافرەت دەردەبڕێت، کێشەکانی تایبەت بە ئافرەت زۆرن، بۆیە ناتوانین بە

**تەواوی باس لە هۆکارەکانی بکەین، بەلاّم بەگشتی دەتوانین ئاماژە بە هەندێك خالّ بکەین کە کاریگەرییان لە سەر رەوشی ئافرەت هەیە :**

**١- هۆکاری دەرەکی:**

**-خێزان**

**تاکی کۆمەلگەی کوردی تاوەکوو ئێستاش پابەندی هەندێك لەو داب ونەریتانەیە کە لە کۆنەوە بۆی ماوەتەوە، تاوەکوو ئێستاش پەیوەندی کۆمەلاّیەتی بە تایبەتی خێزان پەیوەستە بەو بنەما فکرییانەوە، یەکێك لەوانە دیاردەی جیاوازی رەگەزییە، کوڕ بە خاوەن کەسایەتییەکی جیاواز پەروەدە دەکرێت و کچیش بە شێواز و تایبەتمەندییەکی تر، ئەو شێوازە جیایە هەر لە تەمەنی مندالّیدا کاردانەوەی لە سەر کەسایەتی کەسەکە دادەنێت وکاریگەری لە سەر ژیانی دەبێت، بە تایبەتی لە سەر ئافرەت. بە وتەی "بارون" : لێهاتوویی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە سەربەستیەوە لە دەربڕینی ئارەزووەکانیدا. بەلاّم دەبینین لە زۆربەی خێزانەکاندا ئەو لێهاتووییە لە کوڕەکاندا بەدی دەکرێت و لە کچەکاندا زۆر کەمە، ئەوەش لە ژێر کاریگەری شێوازی پەروەردەی خێزانییە .**

**خێزان وەك پێکهاتەیەکی بچووك لە نێو کۆمەلگەدا رۆلّی لە بەرەوپێشچوونی ئافرەت هەیە ، ئێمە لە پێشەوە باسی ئەوەمان کرد کە پەروەردەی خێزانی تا چەند دەتوانێ کاریگەری لە رەوشی ئافرەتدا هەبێت. ئەگەر ژینگەیەکی گونجاو بۆ پەروەردەکردنی ئافرەت وەکو پیاو هەبێت ئەوە دەتوانێ بگاتە ئەو دەستکەوتانەی پیاو لە کۆمەلگەدا پێی گەیشتووە، پەروەردەی خێزانی بۆ پێگەیاندنی تاك زۆر گرنگە بە تایبەتی بۆ ئافرەت، بۆیە ژینگەی خێزانی تا چەند لە بەرژەوەندی ئافرەتدا بێت، ئەوەندە زیاتر دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێت لە دروستبوونی کەسایەتییەکی بەهێز کە لە ژیانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، نەبوونی جیاوازی رەگەزی لە ناو خێزاندا و پاراستنی یەکسانی لە نێوان ئەندامانی خێزان بە تایبەتی لە نێو ئافرەت و پیاودا کاریگەری لە پێشکەوتنی ئافرەتدا هەیە.**

**- -کۆمەڵگە**

هەر کۆمەڵگەیەك هەڵگری داب و نەریت و کولتووری تایبەت بە خۆیەتی کە پێی دەناسرێت و وەك رێچکەیەك بۆ ژیان پەیڕەوی دەکات، لە ناو کۆمەڵگەدا هەندێك جار دیاردەکانی کۆمەڵایەتی وەك دیاردەی پیاوسالاری دەبنە بەربەست لە بەردەم هەوڵ و خەباتی ئافرەتان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، دیارە کۆمەڵگەی پیاوسالاریش کۆمەڵێك بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە کۆمەڵگەدا پەیڕەو دەکرێت، پیاوسالار وەکو لە ناوەکەی دیارە، واتا دەسەڵاتدار، بە واتایەکی تر پیاوی خاوەن دەسەڵات و قۆرخکردنی هەموو پۆستە گرنگەکان، کە هەموو شتێك لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دابێت، هەر بۆیە لەو بەرنامەی لە کۆمەڵگەدا پەیڕەو دەکرێت، هەمووی لە بەرژەوەندی پیاو دادەبێت و ئافرەت وەك کەسێکی گوێڕایەڵ، ئەرکی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەبێ، لەو کۆمەڵگەیەدا ئەو بابەتانە زیاتر پەسەندن کە ڕای گشتی لە سەری کۆك بن، بۆیە ئاستەمە ئافرەت لەو کۆمەڵگەیەدا بتوانێت بە شێوەیەکی باش پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، لادان لە هەر نەریتێکی پیاوسالاری بە سەر ئافرەتدا دەشکێتەوە و دەبێتە قوربانی ئەو بیروباوەڕە، بۆیە زیاتر ئافرەت لەو کۆمەڵگەیەدا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت، لە بەر ئەوەی بێدەنگبوونی زیاتر لە بەرژەوەندی دادەبێت، ئەگینا دەکەوێتە بەر مەترسییەوە و زۆر جار دەبێتە قوربانی، دیاردەی پیاوسالاری زیاتر پەیوەندی بە ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەوە هەیە و لەسەر بنەمای ئەو هۆشیارییە مامەڵە لەگەڵ پرسی ئافرەت دەکرێت، هۆشیاری کۆمەڵایەتی دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ گۆڕینی زۆربەی ئەو بنەما فیکرییانەی کە کاریگەرییان لە سەر رەوشی تاکی کۆمەڵگە هەیە بە هەردوو رەگەزەوە، لە بەر ئەوەی کێشەی ئافرەت تەنیا تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکو پیاویش دەگرێتەوە، بەلاّم ئەوە تارادەیەك ئەستەمە و پێویستی بە کارکردنی زۆر هەیە، بە وتەی"**مونتین**": ((**هۆشیاری مرۆڤ لە بنچینەدا هۆشیاری کۆمەڵایەتییە و لە داب و نەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە وا بەئاسانی ناتوانێ دەستبەرداری بێت، بۆیە هوشیاری بەو کۆمەڵە دەستکەوتە پێناسە دەکات کە سەرچاوەی پەیدابوونیان کولتوورو داب و نەریتەکانەکانی نێو**

**کۆمەڵە، لە بەر ئەوەی هوشیاری بە ئاوێنەی  رەنگ و دەرەوەی رووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دادەنێ ))**. لێرەدایە بایەخدان بە هۆشیاری بیری تاك زۆر پێویستە ، تێڕوانینی کۆمەڵگە هەندێك جار پشت دەبەستێت بە بیری خێڵ و عەشیرەت و نەریتە کۆنەکان کە رەچەڵەك بە رەچەڵەك بۆ نەوەی نوێ دەگوازرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هۆشیارکردنەوەی تاك کاریگەری لە نزیکبوونەوەی ئامانجەکان هەیە، ئەو ئامانجەی کە بیرو باوەڕ دروست دەکات، هۆشیاری تاك دەبێ لە بیرو بۆچوونەکانەوە دەست پێ بکات، بە تایبەتی پیاو، لە بەرئەوەی تێڕوانینی پیاو بەرامبەر بە  ئافرەت هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبوونی بەربەستەکان و پیاو دەبێ بگاتە ئەو بڕوایەی کە ئافرەت هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەودا نییە و وەکو خۆی سەیری بکات، هۆشیاری تاك سەرچاوەی هۆشیاری کۆمەڵگەیە، دیارە رێگایەکی زۆر بۆ ئەو بوارە هەیە، بەلاّم گرنگ ئەوەیە چۆن بەکاری بهێنین، بە تایبەتی دەتوانین رۆڵی سەنتەر و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە هەند وەربگرین کە دەتوانن کاریگەری بەرچاویان لە رۆشنبیرکردنی تاك هەبێت.

### ٢- هۆکاری ناوەکی:

**★ نەبوونی ئاستی رۆشنبیری ئافرەت**

رێژەیەك لە ئافرەتان بەپێی پێویست بایەخ بە  بەرزکردنی ئاستی رۆشنبیری خۆیان نادەن و زۆربەی کاتەکانی خۆیان تەرخان دەکەن بە بواری بێ سوود و بێ بایەخ کە تەنیا کات بە فیرۆدانە، لە کاتێکدا  ئەمڕۆ بواری زانست و تەکنۆلۆژیا بە شێوازێکە دەتوانین سوود لە هەموو ئەو بوارە زانستییانە وەربگرین و ئاستی رۆشنبیری خۆمان زیاد بکەین و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆمان سوودیان لێوەربگرین، لە لایەکی تر دەتوانم بڵێم، ئافرەتان گرنگی بە کاری گرووپی نادەن و بیر لەوە ناکەنەو کە هاوکاری یەکتر بن و بە شێوەیەکی گرووپی کار بکەن ، هەر ئەو شێوازە کاردانەوەی نێگەتیڤی لە سەر ئافرەت هەیە. لە بەر ئەوەی کاری گرووپی ئاستی رۆشنبیری ئافرەت بەرز دەکاتەوە،  لە کاری گرووپی چەندین بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکرێن و چەند شتی نوێ

فێردەبین، لـە کۆکردنـەوەی هـەموو ئـەو بیروڕایانـە بەرنامەیـەکی جوان دادەڕێـژی و کـاری لـە سـەر دەکـەی، بـە یەکـەوە کـارکردنی ئافرەتـان سـەرکەوتنیان لـە کارەکانـدا مسۆگەر دەکات .

★ **هەستی خۆ بەکەم زانین**

دیارە کەسایەتی هـەر کەسـێك لـە سـەر بنـەمای فکـر و جـۆری بیرکردنـەوەی دروسـت دەبێت، هەر بۆیە پێویستە گرنگی زۆر بە بنەما فکری و بـە تایبـەتی بـەهرەی مـرۆڤ بدرێت، یەکێك لەو فکرە باشانەی کـە کاریگـەری لـە سـەر ژیـانی مـرۆڤ هەیـە، هێـزی باوەڕبەخۆبوونە. مرۆڤ کە باوەڕی بە خۆی هەبێت کەمتر دەکەوێتە ژێر باری ئازار و تـەنگ وچـەڵەمەکانی ژیـان، چـەندە بـاوەڕ و متمانـەی بـەهێز بێـت، ئەوەنـدە زیـاتر لەگەڵ کۆسپەکانی ژیان خۆڕاگر دەبێت و ئـەو کاتـە کەسـایەتی مـرۆڤ گەشـە دەکات و پەیوەندییەکی گونجاو لە نێوان خەڵکدا دروست دەبێـت. ((**هلـن لرنررابینـر**))لەسـەر ئەو باوەڕەیە: "**هەرچی زیاترلە گەڵ خەڵکدا پەیوەندیمان هەبێت زیاتر دەتوانین بە هێـزی بـاوەڕ بـە خۆبـوون، تواناکـانی خۆمـان دەربخـەیـن**".بـێ توانـایی ئـافرەت لـە کۆمەڵگـەدا بــە هــۆی بەربەســتەکانەوە تــا ڕادەیــەکی زۆر ئــیرادە و متمانــەی لێــی سـەندۆتەوە و پەیوەنـدی لەگـەڵ کۆمەڵگە پچـڕاندووە و ئەمـەش بۆتـە هـۆی ئـەوەی هەسـت بـە کـەمی بکـات، خـاڵی گـرنگ لێـرەدا ئەوەیـە، ئێمـە چۆن بتـوانین لـە خاڵـە لاوازەکان بە مەبەستی سوودگەیاندن بە خۆمان کەڵك وەربگـرین، بـۆ نموونـە، کاتێـك مرۆڤ هەست بە کەمی دەکات، دەتوانێ دەرەنجامی باشـی لێ وەربگـرێ، لـە بـەر ئـەوەی هەنـدێك جـار هەسـتی خـۆ بەکـەم زانـین هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ هـان بـدات بـە قازانجی خۆی ئیش بکـات و بـەرەو پـێش بچێت، بـەڵام بـە پێچـەوانە ئەگـەر هـەر لـە منداڵییەوە مرۆڤ هەست بەو کەموکوڕییە بکات و دایك وباوکیش بایەخی پـێ نـەدەن و بەلای خۆشیەوە گرنگ نەبێت، ئەو هەستە وردە وردە گەشە دەکات و دەبێتـە هـۆی دروستبوونی گرێیەکی دەروونی، ئەو کاتە چارەسەرکردنی ئاستەم دەبێت و مرۆڤ وای لێدێت لە تەواوی بوارەکانی ژیانیدا هەسـت بـە بـێ توانـایی بکـات، هەڵبـەت ئەمـە لـە ئافرەتانـدا زۆر بـەدی دەکرێـت، لـە بـەر ئـەوەی لـە نـاو خێـزان کـچ هـەر لـە قۆنـاغی

منداڵیدا کەمتر لە کوڕ بایەخی پێ دەدرێت و پلە و پایەی کوڕ بەرزترە و پێگەیەکی تایبەتی لە ناوکۆمەڵگەدا هەیە، با نموونەیەك لەو بوارەدا باس بکەین، خێزانێك خاوەنی کچ و کوڕن، لەو خێزانەدا ئەگەر هەر لە سەرەتای منداڵی کچەکە سەرکوت بکرێت و پێی بوترێ: ئەو کارەی مەکە عەیبە، وا دامەنیشە حەیات دەچێ، زۆر قسە مەکە، کەم پێبکەنە و...لە هەمان کاتدا ئەو شتە بۆ کوڕەکە نەبێ، ئەو هەستە لە کچەکەدا گەشە دەکات و وا بیر دەکاتەوە لە براکەی کەمترە، بۆیە لە دوارۆژدا کاریگەری لە سەر کرداری دەبێت کە هەست بە لاوازی و بێ ئیرادەیی بکات، بەلاَم کوڕەکە بە پێچەوانە خاوەن ئیرادەیەکی بەرزە، بۆیە رۆلی پەروەردە لە بنەما فکرییەکاندا زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی هەستی باوەڕبەخۆبوون لە منداڵدا بە تایبەتی کچ گەشە بکات و تواناکانی زیاتر دەربکەوێت.

# بزووتنەوەی ئافرەتان،

# هەنگاوێك بۆ بەرەو پێشچوون

زۆر جار ژیان وا لە مرۆڤ دەکات بخرێتە ناو قاڵبێکی داخراو کە پەیوەستە بەهەندێك داب و نەریتەوە، ئەمەش زۆر جار لە بەرژەوەندی رەگەزەکانـدا نییـە، لـە بـەر ئـەوەی توانایی، تایبەتمەندی، کەسایەتی و ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتییان بێ ڕەچاو کردنـی ئـەو گۆڕانکارییانـەی لـە جیهانی ئـەمڕۆدا روودەدات قـۆرخ دەکرێـت، ئـەوەش دەبێتـە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەك بۆ ئـەوەی بـەرەنگاری ئـەو گوشـارە ببنـەوە کـە کۆمەڵگە خستویەتە سەر هزری مرۆڤەکان، سەرهەڵدانی بزووتنـەوەی ئافرەتانیش بـە هۆی ئەو گوشارو ناڕەزاییەوە بووە کە لە کۆمەڵگەدا رووبـەڕووی بۆتـەوە، هەرچـەندە ئەو بزووتنەوەیە تەنیا بەرژەوەندی ئـافرەتی نەپاراسـتووە، بـەڵکو یارمـەتی پیاویشـی داوە بۆ رزگاربوونی لەو چوارچێوە کولتووریـەی بـۆی دەستنیشـانکراوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا زۆر جار چۆنیەتی تێڕوانینی پیاوەکان لەو بزووتنەوەیە ئەوە دەردەخات کە ئـەو سـەرهەڵدانە بەربەسـتی دروسـت کـردووە. پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان یـەك لایەنە نین، بۆیە بزووتنەوەی ئافرەتان لـە هـەنگاوە بـەرەو پێشچوونەکانی پێویسـتی بەو گۆڕانکارییانە هەیە کە دەبێ لە پیاوەکانیشدا رووبدات، زۆربـەی پیاوەکـان لەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە بزووتنـەوەی ئافرەتـان سـەرەڕای ئـەوەی زیـان بـە رەگـەزی نێرینـە دەگەیـەنێت، شـێوازێکە لـە هەڵخەڵەتانـدنیان، ئـەوەش لـە وتـە و نوسـراوەکانیان بـە بەرفراوانی دەبینرێت، زۆر جاریش ئاگاداری ئافرەتان کراوەتەوە بەقەد بەڕەی خۆیان لاق ڕابکێشن و بەو شتانە رازی بن بۆیان دانـراوە. هەنـدێك لـە پیـاوان پێیـان وایـە ئافرەتـان هـەوڵی دامەزرانـدنی کۆمەڵگەیـەکی ژنسـالاری دەدەن و تەنانـەت هەنـدێك جاریش بەوە تاوانبار دەکرێن کە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی خێزان دەدەن، بەڵام ئەگەر لە راسـتی ئـەو بزووتنەوەیـە بـڕوانین پێچـەوانەی ئـەو بیروڕایانەیـە، لـە بـەر ئـەوەی ئامـانجی بزووتنــەوەی ئافرەتــان نــاڕەزایی دەربڕینــە لەگــەڵ جیــاوازی رەگــەزی و توندوتیـژی دژی ئافرەتـان و ریگـەگرتن لـە هەنـدێك داب و نـەریتی داسـەپاو کـە کاریگـەرییان لـە سەرگەشـەکردنی تواناکـانی ئـافرەت هەیـە، بەواتایـەکی تـر ئـەو دژایەتیکردنـە لەگـەڵ خێزانـدا نییـە، بـەڵکو ئامـانج پاراسـتنی مافـەکانی خێزانـە،

خێزانێکی دیموکراتی و بێبەری لە هەر دیاردەیەکی توندو تیژی کە لە سەر بنەمای ڕێز و ڕەچاوگرتنی مافەکانی هەموو ئەندامانی خێزان دامەزرابێت.
جیاوازی ڕەگەزی، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و کۆمەڵگەش بە پێی نەریتی خۆی مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو دیاردەیە دەکات، ئەو دیاردەیە هەوڵ دەدات ئافرەت بخاتە ناو قاڵبێکی دروستکراو کە گۆڕانکاری تێدا ڕوونەدات و وەك ڕەگەزێکی پلە دوو بمێنێتەوە و پیاویش خاوەن دەسەڵات بێت. ئەگەر بەباشی سەرنج بدەین دەبینین، کۆمەڵگەیەك هەڵگری ئەو بیروڕایانە بێت، بەرژەوەندییەکانی لە قازانجی پیاویشدا نییە، بابەتی بڕیاردان لەسەر ئافرەت و پیاو پەیوەندی بەو تێڕوانینەوە هەیە کە کۆمەڵگە بۆی دیاری کردووە، کەواتە لەو کۆمەڵگەیەدا بە شێوەیەکی ئاسایی دەردەکەوێت کە گیروگرفت هەیە لە نێوان ئەو شتەی مرۆڤ بە پێی حەزی خۆی دەیخوازێت، لەگەڵ ئەو شتەی کۆمەڵگە بە باشی دەزانێت، بۆ نمونە زۆر لە پیاوانی ئێمە حەزیان لەوەیە هەستی خۆشەویستی خۆیان بەرامبەر هاوسەرو منداڵەکانیان دەربڕن، بەلاَم هەر وەکو باسم کرد کۆمەڵگە ڕێگەی پێ نادات، لەوکۆمەڵگەیەدا هەر لە منداڵییەوە کوڕەکان لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی ئاشنا دەکرێن، فێر دەکرێن هەستی جوان ومرۆڤانەیان بشارنەوە، نەوەك پیاوەتییان یان ئەو شتەی کۆمەڵگەی داخراو بە پیاوەتی دەزانێت، گومانی لێ بکرێت، ئەوان ئازار و ترس و خۆشەویستی و نەرم ونیانی خۆیان سەرکووت دەکەن، تەنانەت لەو کۆمەڵگەیەدا پیاو ناتوانێ لە بەر چاوی خەڵك هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ هاوسەر و منداڵەکانیشی دەربڕێت، ئەگینا نازناوی ترسنۆك یان ژنانی یان ژن مردووی دەخرێتە پاڵ، لە بەر ئەوەی پیاون... ! پیاویش نابێ ئەو تایبەتمەندییانەی هەبێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر تووڕە و گرژومۆن و بە گژداچوونیان هەبێت، ئەوە سەلماندنی پیاوەتییەتی، لێرەدا هەموو هەستە نەرم و جوانەکان بە تاوانی پیاوێکی "ژنانی" سەرکووت دەکرێن. سەرەڕای ئەو گرفتە، پیاو بەردەوام بە پێی میکانیزمی سروشتی خۆی دەبێ ئاگاداری ڕەگەزی بەرامبەری بێت کە هیچ تایبەتمەندییەکی لەو زیاتر نەبێت و پێشی نەکەوێت، لە بەرئەوەی سەرکەوتنی ئافرەتێك بە سەرخۆیدا بە شەرم دەزانێت، سەرەڕای ئەوەش

لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆی لە سەر هەندێك تایبەتمەندی بەردەوام لە ململانێ دایە، وەکو هەموومان دەزانین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا رکەبەرایەتی پیاوان لەگەڵ یەکتر بۆ وەرگرتنی پۆست و وەدەستهێنانی سامان زۆر بایەخی پێدراوە و ئەو پیاوەی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە بێت لە کۆمەڵگەدا زیاترپەسەندە، ئەمەش زەختێکی ترە کە کۆمەڵگە بە سەر رەگەزی نێرینەدا سەپاندوویەتی. ئەو پیاوەی لەو قاڵبە دروستکراوە لابدات ئەوە لە ناو کۆمەڵگەدا بە نامۆیی دەردەکەوێت. **"سیمۆن دیبوڤار" لە کتێبی"رەگەزی دووەم" لە سەر ئەو باوەڕەیە: هەندێك گرێی دەروونی لەپیاواندا هەیە کە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە گەشە دەکات و لە تەمەنی گەورەیدا بە شێوازێك دەیەوێت ڕێگایەك بۆ دەربڕینی ئەو گرێ دەروونییانە بدۆزێتەوە هەر بۆیە لە ڕێگای توندوتیژی و هاوارکردن و دامەزراندنی حاکمیەتێکی پیاوسالار لە ژینگەیەکی بچووکی وەکو خێزاندا ، دەیەوێت بە سەر ئەو گرێ دەروونییانەدا زاڵ بێت و قەرەبۆی رابردووەکانی بکاتەوە".** پرۆسەی هاوسەرگیری زۆر جار هانی پیاوی داوە ببێتە دەسەڵاتدارێکی داگیرکەر و سامناك، بەو شێوازەی خۆی دەیەوێت و هەموو رێگایەکی گرتۆتە بەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بسلمێنێت، یان بە واتایەکی تر لەو گرێ دەروونییە رزگاری بێت، جا لە هەر رێگایەك بێت، ئەمەش زیاتر کاردانەوەی لە سەر ژیانی ئافرەت هەیە و وەك کارێکی بەردەوامی رۆژانە کاریگەری لە سەر هەموو ژیانی داناوە ، بۆیە لەو حاڵەتەدا ئافرەت تووشی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی وتەنانەت جەستەیی دەبێتەوە، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە سەر ئافرەتی نەخۆش ئەنجامدراون دەرکەوتووە، زۆربەی نەخۆشییەکانی ئافرەت پەیوەندی بە نالەباری زروفی خێزانەوە هەبووە کە هەستی بە نائارامی کردووە ، بەو کاردانەوەیە هەندێك جار ئافرەتێکی یاخی لێ دروست بووە کە ناچاری کردووە توندوتیژ بێت، ئەوەش بۆتە هۆکارێك لە سەرهەڵدانی کێشەی خێزانی، لێرەدا زیاتر گرنگی بزووتنەوەی ئافرەتانمان بۆ دەردەکەوێت کە تا چەند لە بەرژەوەندی خێزاندایە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو دەستکەوتە مەزنەی بزووتنەوەی ئافرەتان بۆ هەردوو رەگەز هەیبووە ، چەند خاڵ دەخەینە روو:

**١: توانیویەتی بابەتی جیاوازی رەگەزی  کە تا سەدەیەك لەمەوبەر کەس باسی نـەکرد و وەك بابەتێکی سروشتی سەیر دەکرا، ئەمڕۆ ببێتە پرسێکی کۆمەڵایەتی و هەستیار و روونـی بکاتـەوە  کـە ئـەو بابەتـە یەکێکـە لـە تـەوەرەکانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی کـە دەچێتە پـاڵ بابـەتی "نەتەوایـەتی "و "چینایەتی" و وەکو ئـەو دوو تـەوەرە گرنگـە دەبێ چارەسەر بکرێت و جێگای بایەخ بێت، لە بەر ئـەوەی ئـەو سـێ تـەوەرە بنـەمای دروستبوونی ژیانی کۆمەڵایەتین .**

**٢: گۆڕانکاری لە زیادکردنی رێژەی کارکردنی ئافرەتان لە دەرەوە کردووە، ئەمـەش لـە کاتێکدایە کە تا ساڵی ١٩٧٠ ئافرەتان هەموو کات لە دووڕیانی بڕیاردابوون کە لە نێوان ژیـانی خێزانـی و ئیشـی دەرەوە یـەکێکیان هەڵبـژێرن، زۆر جاریش مـەرجی سـەرەکی ژیانی هاوبەشی لەوەدا بووە کە ئافرەت تەنیا لە ماڵـەوە بێـت و ئیشـی دەرەوە ئـەنجام نەدات، بەڵام ئەمڕۆ زۆر لە ئافرەتان لە پاراسـتنی هـەر دوو ئەرکـدا چ لـە دەرەوە و چ لە ماڵەوە سەرکەوتوون، ئافرەتی مووچەخۆر سەرەڕای ئەوەی لێهاتوویی خۆی زۆر بە باشـی دەرخسـتووە، چ لـە کـاری دەرەوە و چ لـە بـەڕێوەبردنی ئـەرکی ماڵـداری و دایکایەتی، توانیویەتی  هاوسەنگی ژیـانی خێزانـی و کـاری دەرەوەش رابگـرێ و خـۆی لە چوار دیواری ماڵەوە نەهێشتۆتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئەو دایکانەی لە دەرەوە ئیش دەکەن لـە پـەروەردەکردنی منداڵـەکانیان سـەرکەوتووترن. لێـرەدا بـە پێویسـتی دەزانم  زیاتر تیشك بخەمە سەر کارکردنی ئـافرەت، لـە بـەر ئـەوەی زیـاتر پەیوەنـدی بەو باسەوە هەیە ونامەوێت هەروا لێی تێپەرم.**

**کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە،  لە نێوان واقیعی ژیان و بەربەستەکاندا:**

**ئەگەر چی جیاوازییەکی بەرچاو لە ئەرکەکانی تایبەت بە ئافرەت و پیاو دەبینرێت و کۆمەڵگەیـەك ئـافرەتی  بـەهێزتر لـە پیـاو بێـت زۆر کەمـە، بـەڵام ئـافرەت لـە هـەر جێگایەك بێت، ئەرکی خێزانی وەك منداڵبوون و پـەروەردە کـردن و ئـەرکی ماڵـداری لە ئەستۆیە، لە کاتێکدا پیاو زیاتر گیرۆدەی کاروباری دابینکردنی بـژێوی ژیـان، کـاری**

سیاسی و نیزامییە و ئەو بەرپرسیاریەتییەی تایبەت بە ئەرکی ماڵداری بێت نییەتی، هەڵبەت ئەو دابەشبوونەی  لە کارەکاندا هەیە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کەمتر بەرچاو دەکەوێت، لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا سەرقاڵبوونی ئافرەت بە زاوزێ و ئەرکی ماڵداری بۆتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی زیاتر لە بواری ئابووریدا چاو لە دەستی پیاو بێت، بەڵام ئایا لە واقیعی ئەمڕۆی کۆمەڵگەدا کە دابینکردنی سەرچاوەی ئابووری زۆر زەحمەت بووە، پیاو بە تەنیا دەتوانێ ئەو ئەرکە قورسە ئەنجام بدات؟ لەگەڵ ئەوشدا کۆمەڵگە تا چەند ئەم دەرفەتەی بۆ ئافرەت ڕەخساندووە کە پاڵپشتی هاوسەرەکەی بێت لە دابینکردنی ئەو سەرچاوەیە، یان پیاو تا چەند هاوکاری هاوسەرەکەی دەکات لە پێکهێنانی سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆ، بۆ ئەوەی یارمەتیدەری ئابووری خێزان بێ. ئەوەی روون و ئاشکرایە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پیاو رۆڵی سەرەکی لە دابینکردنی داهات و بژێوی خێزان هەیە، ئەمەش زیاتر رێگای بەرفراوان کردووە کە رۆڵی ئافرەت لە ئەرکی ماڵداری وەك ژنی ماڵەوە زیاتر بێت، ئەوەش رێگاخۆشکەرە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی پیاوسالاری زیاتر رۆڵی خۆی لە ناو خێزاندا بگێڕێت. ئەگەر بە تێڕوانینێکی واقیع بینانە سەیری ژیانی ئەمڕۆ بکەین، دەبینین  رەهەندی ئابووری لە قاڵبی سونەتی خۆی وردە وردە چۆتە دەرەوە و لە شێوازێکی مۆدێرن نزیك بۆتەوە، ئەوەش زیاتر بە هۆی ئەو شەپۆلە پێشکەوتنەی رووی لە کۆمەڵگەی ئێمە کردووە، بەشداری بەرچاوی ئافرەت  لە کاری دەرەوە و هەروەها دەرکەوتنی چالاکی و لێهاتوویی لە بەڕێوەبردنی کارەکانی زیاتر کاریگەری لە تێڕوانینی کۆمەڵگە هەیە کە لە بەرژەوەندی ئەودا بێت. دکتۆر (شەهلا) کۆمەڵناسی ئێرانی دەڵێ :**((هەلومەرجی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بە جۆرێکە یەك کەس بە تەنیا ناتوانێ ئیدارەی خێزان بەڕێوە بەرێت ، ئەگەر ژن لە رابردوو دەبوایە تەنیا لە ماڵەوە ئیش بکات و پیاویش لە دەرەوە ، ئەوە ئەمڕۆ ئەو یاسا خێزانییە شیرازەی تێکچووە ، ئەمڕۆ بۆ ئەوەی خێزانێك بتوانێ بەباشی بژێت و پێداویستییەکانی ژیانی بەباشی دابین بکات ، دەبێ ئافرەتیش لەگەڵ پیاودا بۆ دابینکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان هەوڵبدات ، ئەمەش دیاردەیەکی تازە نییە، لەبەرئەوەی ئافرەت هەموو**

**کات لە گوندەکان ئیشی کردووە بە تایبەتی کاری مەڕداری ، کشتوکاڵی و زۆر کاری تر، بەڵام هیچ کات کارەکەی بەهەند وەرنەگیراوە. ))**

بەردەوامبوونی ژیان پێویستی بە ململانێ هەیە لەگەڵ گرفت و کۆسپەکانی ژیاندا، کەواتا بۆ ئەوەی هاوسەران لەژیانی هاوبەشیاندا سەرکەوتووبن ، دەبێ هەماهەنگییەك لەکارەکانیاندا هەبێ، لێرەدا پلەوپایە گرنگ نییە، بەڵکو ئەوەی زۆر گرنگە تایبەتمەندییەکانی تاکە لە چوارچێوەی خێزاندا کە کامیان لە کارەکانیدا چالاکترو لێهاتووترە، ئەوەی بەتواناترە دەبێ هاوسەنگییەك لەگەڵ رەگەزی بەرامبەریدا دروست بکات، بۆ ئەوەی ژیانیان بەخۆشی تێپەڕێت، بەڵام ئەگەر هەرکامیان لێهاتوویی خۆی بەسەر ئەویتردا زاڵ بکات، شیرازەی ژیان تێکدەچێت. لە کۆمەڵگە تازە پێشکەوتووەکان، ئەو ئافرەتانەی لە رووی ئابووری سەرکەوتوون و کەسایەتی بەڕێوەبەرایەتیان هەیە، ناتوانن بە باشی خۆیان لەگەڵ هەلومەرجی کۆمەڵگەدا بگونجێنن و هەست بەنامۆیی دەکەن، کە ئەوەش بە هۆی بیری پیاوسالارییە.(( **مارگارێت هینگ** )) لێکۆڵەری کۆمەڵناسی لەو بارەیەوە بەو شێوەیە ئەو بابەتە روون دەکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە:" **ئافرەتی بەڕێوەبەرلەو وڵاتانەدا وەك کەسێك وایە کە بۆ ژیان روو لە دەرەوەی وڵات دەکات ، بۆ ئەوەی لەو وڵاتەدا ژیان بەسەربەرێت ، ئەو ئافرەتە دەبێ رێنما و نەخشەی شارەکەی پێ بێت و ئەو یاسایە رەچاو بکات کە لەو وڵاتەدا هەیە، بەڵام راستییەکە لێرەدایە کەهەموو کات وەك بێگانەیەك سەیر دەکرێ**" بۆیە ئافرەت لەو بوارەدا دەبێ زۆر ژیرانە مامەڵە بکات، بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەر کاردانەوەیەك بێتەوە. ((**هینگ** )) پێی وایە " **ئافرەت بە درێژایی ژیانی بە هەوڵی خۆی دەتوانێ کاریگەری لە سەر بیروبۆچوونی کۆمەڵگەدا هەبێت، هەروەها تاڕادەیەکی زۆر دەتوانێ لە بەرپرسیاریەتی خێزانی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا هاوکارێکی باش بێت.** بەلاّم لە لایەکی تر دکتۆر(شەهلا) ئابووریناسی ئێرانی لە سەر ئەو باوەڕەیە:" **کێشەی کارکردنی ئافرەت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا نییە، بەڵکو کێشەکە لەو جێگایەوە دەست پێ دەکات کە تاوەکو ئێستا دابەشبوونی کار لە نێوان رەگەزەکاندا بە شێوەیەکی دروست بەڕێوە نەچووە، بەو**

**جۆرەی کە ئیدارەی کاروباری ماڵ تەنیا لە ئەستۆی ئافرەتە، پیاوی ئـەمڕۆ لـە هـەر پلەو پێگەیەك بێت، تاڕادەیەك هەڵگری فەرهەنگی پیاو سالاریە کە بۆی ماوەتەوە."**

**(دکتـۆر غـەنی نـژادی )** ئابووریناسـی ئێرانـی بـەم شـێوەیە بـاس لـەو بابەتـە دەکـات:

**"کێشـەی کـارکردنی ئـافرەت لـەدەرەوە و هـەروەها دابەشـکردنی کـار بـە دەرکردنـی بەیاننامە یان یاسایەك چارەسەر ناکرێت، بەڵکو دەبێ خەڵك فێری کاری فەرهەنگی بکرێن و باوەڕیان بەو کارە هەبێت، ئەمەش ئەو کاتە دێتە دی کە کاری ژن لەماڵەوە بەها و گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت، لەبەر ئەوەی ژن لەماڵەوە هێز و وزە و توانای خۆی سەرف دەکات وەکو کەسێك کە لە دەرەوە ئیش دەکات، کەواتە نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین ئافرەتێك کە لە دەرەوە ئیش دەکات، کاری ماڵەوەش بە تەنیا ئەنجام بدات، بەڵکو دەبێت هاوکارییەك لە نێوان ژن و مێـردا هـەبێت. بـۆ ئـەم مەبەسـتە دەبـێ فەرهەنگێکی نوێ لە کاردا دروست بێت، بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێت لە کاری دەرەوە باشتر رۆڵ بگێڕێت و بایەخێکی زیاتری پێ بدرێت، تا جموجۆڵ و چالاکی زیاتر بێت، هەلومەرجەکان زیاتر لە بەرژەوەندی ئەودا دەبێت و ناچار مافەکانیش بە یەکسانی دابەش دەکرێن. "**

لـەو سـەردەمەی ئـەمڕۆی ولآت کـە گـیرۆدەی قـەیرانی ئـابووری بۆتـەوە، گرفتێکـی سـەرەکی لـە ژیانـدا دروسـت بـووە، ئـەویش بـە هـۆی بەرزبوونـەوەی نرخـی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە لایەك و بەرزبوونەوەی داخوازییەکانی مرۆڤ بـۆ ژیـانێکی باشتر لە لایـەکی تـر کـە وا دەخوازێـت ژن و پیـاو هـەردووکیان کـار بکـەن، بـۆ ئـەوەی بتوانن ژیانێکی خۆش بەڕێوە ببەن، بۆیە گەنجی ئەمڕۆ دەبـێ بـە بـیر وبۆچوونێکی سـەردەمیانە سـەیری واقیعـی ژیـان بکـات و تێگەیشـتنێکی تـری بـۆ هاوکـاریکردنی هاوسەرەکەی هەبێ، بە هۆی ئەو واقیعەی کە لە ژیانی ئەمڕۆدا هەیە.

٣ - ئافرەتـان بـە بـەکارهێنانی هێـزی قەڵـەم و جموجـۆڵی خۆیـان لـە کـردار و وتەکانیانـدا، توانیویانـە بیسـەلمێنن ئـەوانیش بوونـەوەرێکن کـە توانـای کارکردن و چالاکییان هەیە و خاوەنی بیرورِا و داخوازییەکانی تایبـەت بـە

خۆیانن لە ژیاندا و لەو پێناوەشدا هەموو هەوڵێكی خۆیان دەدەن. ئەوەی ئەمرۆ بە شێوەیەكی بەرفراوان بەرچاو دەكەوێت، رۆڵی ئافرەتە لە ناو میدیاكاندا و رۆڵ و كاریگەریان لەو ناوەندە هەستیارەدایە، دەنگ و رەنگی ئافرەت بۆ بەرگریكردن لە ماف و داخوازییەكان لەو ناوەندانە، دەرخستنی لێهاتوویی و تواناكانیەتی.

## بۆچی پیاو پەنا دەباتە بەر توندوتیژی؟

با بزانین پیاو لە بەرامبەر ئەو گۆرانكارییانەدا چ هەڵوێستێك دەنوێنێ ؟ یان ئەوەتا دەبێ لەگەڵ ئافرەت بە یەكەوە هەوڵ بدەن، بۆ بنبڕكردنی ئەو دیاردانەی بۆتە هۆكاری نایەكسانی نێوانیان، یان ئەوەتا دەبێ بەندكراوی ئەو فەرهەنگە بێت كە تەواوی تایبەتمەندییە ناسكەكانی لێ وەردەگرێ و كەسایەتییەكی توندڕەوانەی هەبێت و بەردەوام لە بیری سەلماندنی لێهاتوویی خۆی دابێت كە ئەوەش هۆكارێكە بۆ ئەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بنوێنێ، ئەوەش هێمای پیاوەتی ئەو فەرهەنگەیە كە شانازی پێوە دەكات، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە، تاكەی پیاو لە ژێر ئەم پاڵەپەستۆیەدا دەتوانێت خۆڕاگر بێت؟

لەگەڵ ئەو تایبەتمەندییانەی ئەو جۆرە كۆمەڵگەیە بۆ پیاوی تەرخانكردووە ،دەبێ بە تەنیا بیر لە داهات و بژێوی ژیان بكاتەوە، وەكو باسم كرد، دوور بێت لە هەر جۆرە نواندنی نەرم و نیانی و دەربڕینی هەستی خۆشەویستی بەرامبەر رەگەزی مێینە، لە لایەكی تر هەلومەرجی ژیانی ئەمڕۆش گوشار دەخاتە سەر ئەفكار و چۆنیەتی تێڕوانینی بەرامبەر بە ژیان، ئەوەش دەبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی پیاو پەنا بەرێتە بەر توند وتیژی، لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆكاری تردەكەم:

– : لەو كۆمەڵگەیەدا هەبوونی سەروەت و پلە و پایەی بەرز پارەسەنگێكە بۆ هەڵسەنگاندنی كەسایەتی مرۆڤ، بە تایبەتی بۆ پیاو كە پیاوەتی ئەو دەسەلمێنێت، لە زروفی ئەمڕۆدا جیاوازی چینایەتی رەنگدانەوەی لە ژیانی هەموو تاكەكانی كۆمەڵگە هەیە و بە بەرفراوانی دەبینرێت، ئەگەر پیاو خاوەنی ئەو مافە تایبەتییانە نەبێت،

دەکەوێتە ژێر گوشارێکی زۆر و گومانی پیاوەتی لێدەکرێت، لە ئاکامدا پیاو هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی تر پیاوەتی خۆی بسەلمێنێت، جا لە هەر رێگایەك بێت و بۆ ئەو مەبەستەش زۆرجار پەنا دەباتە بەر توندوتیژی .

- : وەکو زۆربەمان دەزانین لە کۆمەلگەی پیاوسالار زۆر کەم پرس بە ئافرەت دەکرێت و یان بیروڕای سەبارەت بە شتێك وەرەگیرێت، ئەوەش بە هۆی ئەو تێڕوانینە چەوتەی بەرامبەر بە ئافرەت هەیە. لەو کۆمەلگەیەدا پیاو دەبێ بیسەلمێنێت بە تەنیا دەتوانێ بەرەنگاری هەرگرفت ونەهامەتییەك بێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدایە مرۆڤ لە ژیانیدا هەموو کات پێویستی بە هاوڕێ و کەسێکی دڵسۆز هەیە بە تایبەتی هاوبەشی ژیان، کەواتا لەو کۆمەلگەیە کە پاڵنەری پیاوە بۆ ئەوەی بە تەنیا چارەسەری کێشەکانی ژیان بکات و پێویستی بە پاڵپشتی ئافرەت نەبێت، ئەوە توانای بەرەنگاربوونەوەی زۆر ئاستەم دەبێت، بۆیە زۆربەی خێزانەکان ژیانێکی ناتەبا و ئاوێتە لەگەڵ گرفتیان هەیە، لێرەدا پیاو بە مەبەستی دەربازبوون لەو حاڵەت و گوشارەی تووشی بووە، ناچارە پەنا بۆ توندوتیژی دەبات.

– : سەلماندنی پیاوەتی لە بواری جنسیدا، ئەمەش بە رەچاوکردنی تەنیا لایەنێك کە پیاوە، بێ ئەوەی گوێ بە ئافرەت بدرێت. لەو کۆمەلگایە بە هۆی ئەو بیروبۆچوونە چەوتانەی کە لە پەیوەندی هاوبەشیدا بەدی دەکرێت، زۆر شت بە سەر پیاودا سەپێنراوە، بۆ نموونە، پیاوەتی خۆی دەبێ لە شەوی یەکەمی ژیانی هاوسەرێتی بسەلمێنێت، دیارە ئەوەش زۆر جار دەبێتە هۆکاری توندوتیژیکردن بەرامبەر هاوسەرەکەی بە هەر شێوەیەك بێت. یان زۆر جار بۆ هەڵبژاردنی هاوسەر لە ئارەزووی بنەماڵەکەیدا بووە و بە پێی داب و نەریتی ئەوان هەڵسووکەوتی کردووە، بێ ئەوەی هیچ هەستێکی خۆشەویستی لە نێوانیاندا بووبێت، بۆنموونە وەك ژن بە ژنە و گەورە بچووك و یان زۆر جار لە سەر نەریتی بنەماڵەیی، دیارە ئەمەش بە پاڵنەرێك دەژمێردرێت بۆ بەکارهێنانی توند وتیژی .

هەر بۆیە جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ئەو بابەتە گرنگەی کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئافرەتان تەنیا لە بەرژەوەندی ئافرەتدا نییە، بەلکو رێبازێکە بەرگری

**لە مافی هەردوو ڕەگەز دەکات، لە بەر ئەوەی ئەگەر بە وردی سەرنجی ناخی پیاوەکان بدەین و بە ڕاشکاوانە لە ناخیان بدوێین، لەوانەیە بە زۆر شت ڕازی نەبن لەوەی کە بە سەریاندا سەپێنراوە، بۆ نموونە، پیاو حەز دەکات هاوکاری هاوسەرکەی بکات لە ئیش وکاری ماڵەوە، بەڵام لە ترسی خەڵك ناوێرێت، تەنانەت هەندێك جار دایك و باوکی کوڕ دەبنە بەربەست بۆ ئەوەی هاوکاری هاوسەرەکەی نەکات لە ئیش و کاری ماڵەوە و هەندێك جاریش لەوانەیە گرفتی تری بۆ بنێنەوە، بۆیە پێویستە پیاویش بۆ ڕزگاربوون لەو کۆت و بەندەی ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە بۆی داڕشتووە، پاڵپشتێکی بەهێزی ئەو ڕێبازە بێت .**

# چەمکی توند وتیژی

لە پێناسەی توندوتیژیدا دەتوانین بڵێین، توندوتیژی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی یان تاکە کەسییە، بە هەر شێوازێك بێت دژی مرۆڤایەتییە و بە کردەوەیەك پێناسە دەکرێت کە دەبێتە هۆی ئازاردانی مرۆڤ چ بە شێوەی جەستەیی یان دەروونی، دیارە توند وتیژی تایبەت بە ناوچەیەکی جوگرافیایی نییە، بەڵکو لە هەر گۆشەیەکی ئەم جیهانە مرۆڤێکی لێ بێت ئەو دیاردەیە سەر هەڵدەدات بە تایبەتی لە نێو خێزاندا، کە پەلاماردەر یەکێکە لە ئەندامانی خێزان کە بە زۆری پیاوە و قوربانیش زیاتر ئافرەت ومنداڵە. **"کریدیە" نووسەر و رووناکبیری لوبنانی لە بارەی چەمکی توندوتیژی دەڵێ: توندوتیژی، دیاردەیەکی کاتی لە ناکاو نییە ، یان دیاردەیەك کە ناوچەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە، بەڵکو کردارێکە، پەیوەندی بە دوورایییەکانی ناسنامە وبیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەیە".** بە پێی رێکخراوی تەندروستی جیهانی هۆکاری سەرەکی مردنی ئافرەت لە دوای ڕووداوی سەیارە، نەخۆشی وشەڕ، کرداری توندوتیژییە کە بەرامبەری دەکرێت و یان تووشی پەککەوتنی بەشێك لە جەستەی دەبێت، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، بۆچی مرۆڤ پەنا بەر توندوتیژی دەبات؟ ئایا توندوتیژی دەرچوونی هێزێکە تایبەتە بە پیاو، کە هەمووکات خوازیاری دەسەڵاتە، یان ئەوەتا هەموو مرۆڤێك هەندێك تایبەتمەندی خۆی هەیە کە حەز بە ئازاردانی خەڵك دەکات، یان ئەوەتا مرۆڤ لە پێناو بەرگریکردن لە خۆی پەنا بەر توندوتیژی دەبات، هەمووی ئەوانە دەبنە ئامرازێك بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی، بەڵام زۆربەی کات توندوتیژی سەپاندنی هێزی دەسەڵاتدار بە سەر بێ دەسەڵاتە، جا بە هەر رێگایەك بێت. ململانێی هێزی دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات لە مەیدانی ژیان ماوەیەکی زۆرە هەیە، هەڵبەتە لەو نێوەدا بێدەسەلاَت کەوتۆتە چەندحاڵەتەوە، یان ئەوەتا خۆی بە دەستەوە داوە و بە هەموو ئەو مەرجانەی دەسەلاَتدار رازی بووە و خۆی لەگەڵ ئەو واقیعەدا گونجاندووە کە بەسەری هاتووە، ئەگەر توندوتیژیشی بەرامبەر کرابێت، یان ئەوەتا مەیدانی چۆڵ کردووە و یان کەوتۆتە رکابەری لەگەڵیدا تا وەکو سەرکەوتووە، یان ئەوەتا بەرەنگاری بۆتەوە و شکستی خواردووە. ژینگەی مرۆڤایەتی

هەمووکات کاریگەری لە سەر رەوشی ژیانی مرۆڤ هەبووە ، ژینگەی نالەبار و نـاجێگیر مەترسی سەرهەڵدانی دیاردەکانی توندوتیژی زیاد کردووە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئاسـتی رۆشنبیری و هوشیاری کۆمەڵگە ژینگەیـەکی گونجاوە بـۆ مـرۆڤ لـە پێنـاو گەیشتن بـە داخوازییەکان، دیارە لەو ژینگەیەدا بەربەستەکان کەمترن، بۆ نموونـە لـە سـەر پرسـی ئافرەت، ئەگەر ژنێك نەتوانێ لەگەڵ مێردەکەیدا بگونجێـت، جیابوونـەوەی ئاسانترە، بە پێچەوانە لە کۆمەڵگەیەکی تردا لەوانەیە بۆ جیابوونەوە رووبەڕووی ئاسـتەنگێکی زۆر بێتـەوە، لـە دوای جیابوونـەوەش کۆمـەڵێك گرفتـی تـر هەیـە و دەکەوێتـە ژێـر کاریگەری نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەوە. لە وڵاتی ئێمە دیاردەی کۆمەڵایەتی، قەیرانی ئابووری و سیاسی کاریگەری لە سەر رەوشی ژیانی مرۆڤ هەبووە بـە تایبـەتی لایـەنی ئـابووری کـە هۆکـاری سـەرەکییە لـە بـەردەوامبوونی ژیـان بـە تایبـەتی بـۆ ژیـانی هاوبەشی. ئەگەر ئافرەت بە تـەنیا نـەتوانێ بـژێوی ژیـانی خـۆی و منداڵەکەی دابـین بکـات، ناچـارە بـە هـەموو شـتێك رازی بێـت، لێـرەدا ئـافرەت دەبێتـە ئـەو بوونـەوەرە بێدەسەڵاتەی ناچارە بە هەموو بڕیارەکانی دەسەڵاتدار رازی بێت و لەوانەیە زۆر جار لەو پێناوەشدا ببێتە قوربانی.

هەندێك خەڵك لە سەر ئەو باوەڕەن، توندو تیژی زیاتر لە کەسانێکی چـینی هـەژار و خەڵکانێك کە ئاستی رۆشنبیریان نزمە سەرهەڵدەدات، بەڵام تـا چـەند ئـەو بابەتـە باوەڕ پێکراوە؟

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراوە، لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و تەنانـەت لە نێو کەسانی رۆشـنبیردا ئـەو دیاردەیـە بەرچـاو دەکـەوێت، بـۆ نموونـە لـە هۆڵەنـدا، زۆربەی ئەو پیاوانەی توندوتیژییان بەرامبەر ئافرەت ئەنجامداوە، بەڵگەنامەی زانکـۆ یان پلەیەکی بەرزیان هەبووە، یان لە ئەمەریکا ئەو دیاردەیە لە ناوچـینی دەوڵەمەنـد و خـەڵکانی رۆشنبیریشـدا دەبینـرێت، بۆیـە ئەمـە نابێتـە پێـوەری سـەرهەڵدانی ئـەو دیاردەیە، بەڵکو ئەوەی رۆژانە رووبـەڕووی ئـەو حاڵەتانـە دەبێتـەوە لـە هـەموو چـین وتوێژێك پێکهاتووە، لێـرەدا شـێوازێکی نـوێ لـە تونـد وتیـژی دەردەکـەوێت، کـە هـیچ

جیاوازییەکی نییە لە نێوان ئەوروپا و وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، یان کەسانی ڕۆشنبیر و نارۆشنبیر .

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کاتێك باس لە توندوتیژی دەکرێت، بۆچی ڕاستەوخۆ بیر لە پیاو دەکرێتەوە و زیاتر ئەو تاوانبار دەکرێ، ئایا ئەوە بە مانای دەسەڵاتداریێتی پیاوە؟ یان ئەگەر ئافرەتیش دەسەڵاتدار بێت، دەبێتە کەسێکی توندوتیژ...؟ لە شیکردنەوەی توندوتیژیدا، چەمکێك نییە بکەری تەنیا پیاو بێت، بەڵکو ئافرەتیش دەتوانێ توندوتیژ بێت و ئەوەش لە ناخی هەموو مرۆڤێکدایە، بەڵام لە ڕاستیدا ئاستەمە بیر لە توندوتیژی ژنانە بکەینەوە، لە بەر ئەوەی وەکو شتێکی نائاسایی زیاتر دەبێتە جێگای سەرسوڕمان، ئەوەش بە هۆی ئەو سیما پاك وبێگەردەی ئافرەتانە، هەرچەندە لە لاپەڕەکانی مێژوو باس لەو توندوتیژییانە کراوە کە ئافرەتان تیایدا ڕۆلیان هەبووە، بۆ نموونە باسی ڕۆڵی ئافرەتان دەکرێت لە پاکتاوکردنی ڕەگەزی سەدەی بیستەم لە (**ئاڵمانیای نازی** ) و (**ڕوواندا** ).

(**دوهینینگ گودینۆ** ) لە لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی تایبەت بە توندوتیژی ئافرەتان لە ڕۆژگاری شۆڕشی فەڕەنسا ئاماژە بەوە دەکات: لە کاتی ئەو شۆڕشەدا ئافرەتان بەراستی توندوتیژ بوون، هەڕەشەی کوشتنی دوژمنەکانیان دەکرد، هاواریان دەکرد ودوژمنەکانیان دەکوشت، دوایی سەیریان دەکردن. (**گۆدینۆ** ) لەو لێکۆڵینەوەدا تا ڕادەیەکی زۆر ویستوویەتی بەرگری لەو کردارەی ئافرەتان بکات کە لەو کاتەدا بە شێوەیەکی سامناك دەریانخستووە. لە لایەکی تر (**مۆنیك کافتۆ**) ئەو ئافرەتە فەیلەسوفەی لە خۆتەقاندنەوەی خوازیارانەی ئافرەتان سەری سوڕماوە و چەند هۆکار بۆ ئەم کردەوە دێنێتەوە، لە یەکێك لە هۆکارەکان دەڵێ: ئایا ئەو کردەوە لە بەر ئەوەیە ئەگەر جەستەی ئافرەتێك بتەقێتەوە سامناکتر دەردەکەوێت یان ئەوەتا ئافرەتان نایانەوێت جیاوازیان لەگەڵ پیاواندا هەبێت بەرامبەر ئەو بڕوایەی هەیانە، یان ئەوەتا خۆیان بە کەسێکی بەهێز و ئازا دەردەخەن، بەڵام بیرکردنەوە لەو کارە تا ڕادەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەرە. هەروەها مێژوو باس لە ئافرەتێك بە نێوی (**بیل ژانا پلاسوپیك** ) سەرۆکی پێشووی سێرب لە (**بۆسنا**) دەکات، کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەوروپا

لە مانگی فێوریە لە دادگای نێودەوڵەتی (**لاهای**) بە ١١ (یازدە) ساڵ مەحکوم کرا، ئەو ئافرەتە ٧٢ ساڵە بە هۆی تاوانی دژەمرۆڤایەتی بڕیاری لەسەر درا، کە رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە سیاسەتی پاکتاوکردنی قەومی لە شەڕی (**بۆسنا**) لە ساڵەکانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٥ .

لە کرداری توندوتیژیدا ناتوانین ئەو دیاردەیە تەنیا لە سنوورێکی دیاریکراودا باس بکەین، بەڵکو ئەو دیاردەیە هەموو سنوورەکانی مرۆڤایەتی بزاندووە. بەڵام ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە ئافرەتانی توندوتیژ ڕێژەیان بەراورد لەگەڵ پیاودا زۆر کەمترە، ئافرەتان بە هۆی فەرهەنگی سروشتیان لەگەڵ توندوتیژی پیاواندا نامۆن و هۆکار و مەبەستەکانیشیان جیاوازە. (**سیلیۆیان گافانیسکی** )فەیلەسوفی فەرەنسی لەو بارەیەوە دەڵێ: **"ئافرەتی توندوتیژ هەمووکات ژنانی یاخی، شۆڕشگێر و هەندێك جاریش تیرۆریستن ، توندوتیژی ئەوان بە گشتی ئەوە نییە خوازیاری دەسەڵات بن، بەڵکو بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ توندوتیژی، بە مەبەستی بەرگریکردن لە خۆیان، لە ئامانج ومافەکانیان".**

لەگەڵ ئەو مەبەستە جیاوازییانەی سەبارەت بە توندوتیژی لە هەر دوو رەگەزدا هەیە، بەڵام هەندێك توندوتیژی بە شێوەیەکی شاراوە خۆیان دەنوێنن، ئەویش توندوتیژی کولتووری و ئابوورییە، هەرچەندە زۆربەی توندوتیژییەکان بە شێوازی جەستەیی، دەروونی، جنسی ئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەوەی زۆر باسی لێوە ناکرێت، توندوتیژی ئابووری و کولتوورییە، هەرکامەیان مێژوویەکی دوورودرێژیان هەیە. کولتوور وەك بەشێك لە ناسنامەی هەر وڵاتێك هەڵگری کۆمەڵێك بۆچوونی تایبەت بە خۆیەتی و لەو روانگەیەوە سەیری تایبەتمەندی مرۆڤەکان دەکات، (**نەریتی پیاوسالاری** ) وەکو هەموو هۆکارەکانی توندوتیژی بە سەرەکیترین هۆکاری ئەو توندوتیژییە ناسراوە کە بۆتە هۆی جیاوازی دانان لە نێوان ئافرەت و پیاودا، بە تایبەتی زاڵکردنی رەگەزی نێرینە بە سەر رەگەزی مێینەدا، سەرەتای لەدایکبوونی کچ و کوڕ لە ناو خێزاندا ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت و هەرکام لە ئێمە لەوانەیە ئەزموونێکی لەو جۆرەمان هەبێ و بە شێوازێك هەستمان بەو نایەکسانییە کردبێت کە لە ژیانی رۆژانەماندا روویانداوە، کۆمەڵگەی پیاوسالاری

هەڵگری بنەمایەکی کولتوورییە کە پلە وپایەی پیاو لە ئافرەت لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەرزتر دەنرخێنێ، ئەوەش زیاتر بۆ ئەو بۆچوونە دەگەڕێتەوە کە ئافرەت بە هۆی مێینە بوونی لە پیاو بێ تواناترە ، بەڵام ئایا ئەمە راستە؟

لێرەدا دەمەوێت هەندێك لەو بابەتە بدوێم، دیارە "**ئافرەتبوون**" یەکێکە لەو بەربەستانەی کە ئەمڕۆ بۆتە بابەتێکی گرنگ لە بەردەم پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئافرەتدا، بەڵام ئەزموونی ژیانی مرۆڤ تا ئەو سەردەمە زۆر لەو بابەتانەی روونکردۆتەوە کە پێوەری سەرەکی لە توانای رەگەزەکان لە جیاوازی جەستەیاندا بەدی ناکرێت، بەڵکو پەیوەندی بە لێهاتوویی وچالاکی مرۆڤەوە هەیە، ئەو پێوەرەی کە لە سەر بنەمایەکی کولتووری بە سەر ئافرەت و پیاودا سەپاوە، هیچ واتایەکی زانستی نییە، بەڵکو دروستکراوی بیری کۆمەڵگەیە و بە سەر رەگەزەکاندا دابەشکراوە. لە لایەنی زانستی ئافرەت توانیویەتی بەشداری لەو کارانە بکات کە پیاو ئەنجامی دەدات، تەنانەت ئەوەش سەلمێندراوە، ئەگەر ئافرەت وەکو پیاو دەرفەتی خۆپێگەیاندن و بواری بەرەوپێشچوونی بۆ دەستەبەر بکرێ و یان وەکو پیاو سوودی لە ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا وەربگرێ، لەوانەیە زۆر چالاکتر دەربکەوێت، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەو دەرفەتە لە بەردەم ئافرەت کەمە. توندوتیژی کولتووری بە جۆرێك بۆتە بەربەست لە بەردەم ئافرەتدا کە بیرکردنەوەکانی تەنیا بەو ئاڕاستەیە بێت کە هەوڵی خۆرزگاربوون بدات و بەربەرەکانی لەگەڵدا بکات، ئەوەش کاریگەری لە سەر توانای بیرکردنەوەی هەبووە. هۆشیاری کۆمەڵایەتی بە داب و نەریت و کولتووری کۆمەڵگەوە بەستراوە کە تا چەند دەڕوانێتە کەسایەتی تاکەکان و تا چەند باوەڕی بە ئافرەت هەیە کە وەکو پیاو ڕۆڵ و کاریگەری لە ناو کۆمەڵگەدا هەبێ، بەڵام ئاستەمە بۆ ئافرەت لەو بارودۆخەدا پێش بکەوێ کە بنەمای توندوتیژی کولتووری رەگی لە ناو هزری تاکەکان داکوتاوە، بۆیە لە ڕێرەوەی ژیان دوادەکەوێت و ناتوانێ لەگەڵ بارودۆخەکەدا خۆی بگونجێنێ و زۆر جار خۆی لە بەردەم چەندین پرسیاردا دەبینێتەوە، بۆچی پیاو لە من بەرزترە؟ بۆچی ئەو دەتوانێ و من ناتوانم؟، بۆچی زۆرشت بۆ ئەو رەوایە و بۆ من ڕەوا نییە؟ و... ئەوەش خۆی لە خۆیدا هەستکردنە

بەوەی جیاوازی لەگەڵ پیاودا پێدەکرێت. دەرکەوتنی تواناو لێهاتوویی پیاو لە ناو کۆمەڵگەدا بە مانای کەموکوڕی لە ئافرەتدا نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامبوونی لە ناو گرووپێکی سروشتی کە رەگەزی مێینەیە، واتا (ئافرەت) و هەر بەو ناوەوە دەچەوسێتەوە و دەکەوێتە ژێر گوشارەوە. توندوتیژی کولتووری بە شێوازێك مرۆڤ رادەهێنێ کە خاوەنی فەرهەنگێکی توندڕەوانە بێت، ئەو فەرهەنگە لە سەرەتای لە دایکبوون تا کۆتایی ژیان لەگەڵیدا دەبێت، پێ بە پێ هەر لە قۆناغی منداڵی بگرە تاوەکو تەمەنی بەساڵاچوویی، واتا کۆمەڵگەیەکی چەقبەستوو کە پێش ناکەوێت، ئەو کولتووره پێویستی بە هەندێك گۆڕانکاری دەبێت، ئەویش بە کارکردن لە سەر هوشیارکردنی کۆمەڵگە، بە تایبەتی بە گۆڕینی سیستەمی پەروەردەی خێزان.

**" نەواڵ سەعداوی": بۆ ئەوەی کۆمەڵ لە شێوەی خۆی نەمێنێتەوە و بەردەوام لە پێشکەوتندا بێت، پێویستە خێزان بگۆڕێت و بچێتە دۆخێکی تازەترەوە و کەموکورتی لە نێوان ئەندامەکانیدا نەمێنێ.**

یەکێکی تر لەو توندوتیژییانەی کەمتر باس دەکرێت، توند وتیژی ئابوورییە، توندوتیژی ئابووری کاریگەری لە سەر رەوشی ژیانی ئافرەت هەیە، بۆ ئەو مەبەستە جارێکی تر پشت بە وتەکانی نووسەری ناوداری فەرەنسی"**سیمۆن دێبوڤار" دەبەستم، ئەو ئافرەتە نووسەرە لە سەر ئەو باوەڕەیە، یەکەم هەنگاو بۆ ئافرەت کە بتوانێت سەربەخۆیی وەدەست بهێنێ، ئەوەیە لە دەرەوە کار بکات و خاوەنی سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆ بێت، بۆ نموونە، ئەگەر ئافرەتێك لە هاوسەرەکەی جیا بۆوە، بتوانێت بە تەنیا بژێوی خۆی یان منداڵەکانی دابین بکات.**

هەندێك پیاوی خاوەن دەسەڵات لە بواری ئابووری، ئافرەت ناچار دەکات چاو لە دەستی بێت و ئەو پارەی پەیدای کردووە لە لایەن خۆیەوە قۆرخی دەکات، هەندێك جاریش لە ریگای بڕینی پارەی پێویست بۆ سەرفکردن، یان هەڕەشەی دابین نەکردنی پارەی گونجاو، خێزانەکەی ناچار دەکات بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان پەنا بەر کارکردن بەرێت، ئەو دیاردەیە بە تایبەتی لە نێو منداڵاندا زۆر دەبینرێت، هەندێك جار پیاو خۆی بە خاوەنی ئەو پارەیە دەزانێ کە هاوسەرەکەی لە رێگای ئیشکردنەوە

بەدەستی هێناوە و تەنانەت هەوڵ دەدات لە ئارەزووی خۆیدا سەرفی بکات. هەندێك جار بیرێکی نێگەتیڤانە لەم بوارە دا هەیە کە ئافرەت پێی وایە پیاو خاوەن دەسەڵات و بڕیاردەرە، بۆیە دەبێ هەموو کات ژێر دەست بێ و تا کۆتایی تەمەنی بەو شێوەیە گوزەران بکات، بێ ئەوەی بیر لە هیچ داهاتێکی تایبەت بەخۆی بکاتەوە کە لە دواڕۆژدا لەوانەیە پێویستی پێ بێت.

دابەشکردنی کار لە سەر بنەمای رەگەزی، پەیوەندی بە جیاوازی فسیۆلۆجیەوە هەیە، بەو پێیە ئافرەت زیاتر دەبێ سەرقاڵی پەروەردەی منداڵ و ئەرکی ماڵداری بێت و پیاویش لە دەرەوە کار بکات، ئەو شێوازە سروشتییەی لە هەردوو رەگەزدا هەیە تاڕادەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی پیاودایە، لە بەر ئەوەی دەتوانێ زیاتر دەسەلاتی خۆی بە سەر ئافرەتدا بسەپێنێ، هەر لە سەر ئەو بنەمایە ئافرەت بە زەحمەت دەتوانێ سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆی هەبێت. **(ئان ئالکی)**دەلێت: **"دابەشکردنی کار لە سەر بنەمای رەگەزی دروستکراوی کۆمەڵگەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە تواناکان یان جیاوازی رەگەزەکان نییە"**. بۆیە دەبینین کارە گرنگ و پۆستە بەرزەکان لە سەر ئەو پێوەرە کۆمەلأیەتییە لە لایەن پیاوەوە قۆڕخ دەکرێن. هەندێك جار گرفتێکی تر سەبارەت بە کارهەیە، ئەویش نایەکسانی لە وەرگرتنی مووچە لە نێو ئافرەت و پیاودا دەبینرێت. زۆر جار ئافرەت بەرپرسیاریەتی زیاترە، بەتایبەتی کە لە دەرەوە ئیش دەکات و لە ماڵەوەش دەبێ ئەرکە تایبەتییەکانی ئەنجام بدات، ئەوەش دەبێتە مایەی بێزاری لە ئیش و کارەکانی بە تایبەتی لە کاری دەرەوە، لە بەر ئەوەی کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە زۆر ماندوو دەبێت و حەز و ئارەزووی کارکردنی لە دەرەوە کەمتر دەبێت، هەرچەندە کاری ئافرەت لە ماڵەوە زۆر گرنگی پێ نادرێت و وەك ئەرکێکی سەرشانی دەبێ ئەنجامی بدات.

**(جێگای ژن لە ماڵەوەیە)**، ئەمە زاراوەی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە کە باوەڕی بە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە نییە، هەرچەندە ئەمڕۆ ئافرەت تا ڕادەیەك گەیشتۆتە ئەو ئاستەی سەرچاوەیەکی ئابووری بۆ خۆی دابین بکات، بەلأم بەشێکی زۆر لە ئافرەتان تاوەکو ئێستا سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆیان نییە. ژێردەستی ئابووری

ئافرەت کاردانەوەی نێگەتیڤی لە سەر دەروونی دادەنێت، گرفتی ئەو ئافرەتە کاتێك دەردەکەوێت کە هاوسەرەکەی دەمرێت یان جیا دەبێتەوە، ئەوسا دابینکردنی بژێوی ژیانی بۆ ئاستەم دەبێت، کاتێك پیاو بتوانێت ئەو یەکسانییە بپارێزێت و مووچەیەکی تایبەتی وەکو ئیشی دەرەوە بۆ هاوسەرەکەی دابین بکات، کاردانەوەی کەمتر دەبێتەوە، لە بەر ئەوەی سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆ، بەشێکە لە رزگاربوونی لە چەوساوەیی.
زۆر جاریش دیاردەی فرەژنی کاریگەری خۆی هەیە بۆ ئەوەی ژن لە سنووری ئەو برە پارە دەست نیشانکراوە بێت کە بۆی دابین کراوە. سەرچاوەی ئابووری سەربەخۆ بۆ ئافرەت گرنگییەکی تایبەتی هەیە، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا نەکەوێتە ژێر گوشاری دابینکردنی بژێوی ژیان، بۆیە پێویستە پیاو زیاتر بایەخ بە دوارۆژی هاوسەرەکەی بدات، بە تایبەتی بۆ ئەو ئافرەتەی سەرچاوەی سەربەخۆی ئابووری نییە و قەرەبووی ئەو ئەرك و ماندووبوونەی بکاتەوە کە ماوەیەکی زۆر لە ژیانیدا هاوخەم و هاورێی بووە. ترس و دڵەراوکێی پیاو لە ژیان بۆ دوارۆژ کەمترە، لە بەر ئەوەی زۆربەی پیاوان دەتوانن داهاتی بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، کەواتە لێرەدا پێویستە ئافرەتیش هەوڵ بدات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئاسوودەییە لە دوارۆژ بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام چۆن؟ لێرەدا دەبینین ئەرکی ئافرەت لەماڵەوە ئەگەر کەسێکی تر ئەنجامی بدات، دەبێ موچەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت، بۆیە دەبێت کاری ئافرەت لە ماڵەوە بایەخێکی زیاتری پێ بدرێت. دابینکردنی مووچەیەکی تایبەتی مانگانە لە لایەن حکومەتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ متمانە بە ئافرەت ببەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا هاندانی ئافرەت بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدات، پێویستییەکی زەرورییە بۆ داهاتووی.
لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەنگاوەکان بەرەو ئاڕاستەی پێشکەوتن و بە مەدەنیبوونە، بۆیە پێویستە چەندین قۆناغی گرنگ لەو پێناوەدا ببڕین، بەتایبەتی بۆ نەهێشتنی ئەو توندوتیژییانەی رۆژانە بۆ سەر ئافرەت دەکرێت، یەکێك لەو هەنگاوانە ریفۆرمە، واتاچاکسازی لە کۆمەڵگە، هەر چەندە حکومەت تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەو مەبەستە هەنگاوی ناوە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر تاکی کۆمەڵگەیە لە ئاست ئەو هەنگاوەدا

دەبێ خۆی بە بەرپرس بزانێت. لەگەڵ ئەوەیدا توندوتیژی دیاردەیەکی تازە نییە و زیاتر لە چوارچێوەی خێزان ئەنجامدەدرێت و رێوشوێنی تایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کراوە، بەلاّم بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهاندا روودەدات، توندوتیژی فۆرم و شێوازی نوێ و جیاواز وەردەگرێت، بۆ نموونە، قەیرانی سیاسی هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی. لە هەر وڵاتێك ئەگەر یەکتر قەبووڵکردن وریزگرتن لە بیروڕای جیاواز نەبێت، ناسەقامگیری سیاسی دروست دەبێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی چەندین گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی و زۆر جار ئەنجامی بە شەڕ کۆتایی پێدێت. شەڕ لە هەر وڵاتێك ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتە هەیە، بۆیە نەبوونی ئابوورییەکی گونجاو لە وڵاتدا خۆی هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی چەندین گرفتی کۆمەلاّیەتی و تێکچوونی شیرازەی خێزان و جیابوونەوەی هاوسەران لە یەکترە، هەڵبەتە ئەوەی زیاتر زەرەرمەند دەبێت ئافرەتە و هەروەها کاریگەری لە سەرچۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ دادەنێت، ئەوەش ئەنجامەکەی زیادبوونی دیاردەی توندوتیژییە.

## ئافرەت و زیندان

لە هەر وڵاتێك بە پێی ئیجرائاتی یاسایی مرۆڤی سەرپێچیکەر دەستبەسەر دەکرێت و بە پێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دیارە بۆ ئەو مەبەستەش شوێنی تایبەت هەیە، بەلاّم ئەو شوێنانە تا چ ڕادەیەك بۆ زیندانییەکان گونجاوە، ئایا بەندکردنی زیندانی تەنیا ئەوەیە کە لە ژوورێك دابنرێت، یان ئەوەتا زیندان دەبێ ببێتە شوێنی چارەسەرکردنی خەڵکی سەرپێچیکەر و لە ژێر چاودێری چەندین پسپۆر و شارەزا لە بواری کۆمەلاّیەتی و دەروونناسییەوە سەرپەرشتی بکرێت، دیارە هەر وڵاتە بە هۆی سەرپێچی کەسەکە و بە پێی بواری یاسایی مامەڵە لەگەڵ زیندانییان دەکات، بەحوکمی ئەوەی کە ئافرەت کەمتر لە پیاو تووشی سەرپێچی دەبێت، بەلاّم پێویستە بزانین هۆکاری دەستبەسەرکردنی ئافرەت چییە و تا چەند لەگەڵ زیندانییانی پیاودا

جیاوازییان پێدەکرێت و.... هەر چەندە ئەمە کارێکی ئاسان نییە و ناتوانین بە تەواوی ئەو بابەتە ڕوون بکەینەوە، بەلاّم تا ڕادەیەك دەتوانین بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە ڕەوشی زیندانیانی ئافرەت ئاگادار بین، بۆیە دوای دۆزینەوەی سەرچاوەیەك لە بارەی ئافرەتانی زیندانی کە لە سایتێکی تایبەت بە نێوی"زنان"دۆزیمەوە ،بە پێویستم زانی کە باسی بەشێك لەو لێکۆڵینەوە بکەم:

**"ئان هەریسون"**لێکۆڵەرەوەی بەرنامەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە و لە رێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی کار دەکات، ئەو ئافرەتە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لە سەر رەوشی ئافرەتانی زیندانی ئەنجامداوە، لە بەشێك لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەڵێ: لە ماددەی یەکەمی ڕاگەیەندراوی **"لابردنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان"**، رێکخراوی نێو نەتەوەیی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتانی بەم جۆرە پێناسە کردووە: (هەر کردەوەیەك ببێتە هۆی ئازاری جەستەیی ،جنسی، دەروونی و یان دروستکردنی مەینەتی بۆ ئافرەتان لە رێگای هەڕەشە و زۆرداری و یان بێبەشبوونی لە ئازادی ، جا چ لە شوێنە گشتییەکان لە بەر چاوی خەڵك بێت یان لە ژیانی تایبەتمەندی خۆیدا، ئەوە واتای توندوتیژییە). لە ساڵی ٢٠٠٤، رێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی خەباتێکی دەست پێکرد لە ژێر ناوونیشانی **"توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ڕابگرن"**هەروەها لە بارەی ئافرەتانی زیندانی، "خەبات بۆ راگرتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان" ئەو خالاّنەی خوارەوە رەچاو گیرا:

- سوودوەرگرتن بە شێوەیەکی نادروست لە ئافرەتان بە درێژایی زیندانی بوونیان.
- دەستبەسەرکردنی ئافرەتان پێش دادگاییکردن.
- هەلومەرجی خراپی ناو زیندان.
- ئەنجامدانی کردەوەی ناشیرین بەرامبەر بە زیندانییەکان و ئازاردانیان.
- هەر جۆرە جیاکارییەك لە نێو زینداندا بە هۆی جیاوازی رەگەزی.

بە پێی راگەیەندراوی ناوەندی نێودەوڵەتی(ICPS) لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە زیاتر لە نیو میلیۆن ئافرەت لە تەواوی جیهاندا دەستبەسەرن کە هەندێك لەو

ئافرەتــە دەستبەســەرانە حــوکم نــەدراون و هەنــدێکیش حوکمــدراون، بــە پێــی ئــەو لێکۆڵینەوانە نزیکەی ٣\١ەو ئافرەتانە واتا(١٨٣٤٠٠)کەس لە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیندانین و نزیکەی ئەو ڕێژەیـەش لـە وڵاتـی چـین ، رووسـیە و تایلەنـدن و ڕێژەی زیندانییانی ئافرەت لە هەندێك وڵات لە سنووری (١٥٠٠) تێناپەڕێت و زیاترین ڕێژەی ئافرەتە زیندانییەکان لە دوای ئەو چوار وڵاتە بەم شێوەیە:

لــە هیندســتان(١٣٣٥٠کــەس)، ئــۆکراین(١١٨٣٠کــەس)، بــەرازیل(١١٠٠٠کــەس)، ڤیتنــام ( ١٠٩٩٠کـەس)، مەکسیك(١٠٠٧٠کـەس)و فیلیـپین(٦٨٦٠کـەس)، لـە وڵاتـانی تـر زیـاتر لـە (٦٠٠٠) ئافرەتی زیندانی تێدا نییە. ڕێژەی ئافرەتانی زینـدانی لـەو سـاڵانەی دوواییـدا بــەراورد لەگــەڵ ســاڵانی رابــردوو زیــادی کــردووە، "**فلــویزل ئوکــانر**" لــە وتــارێکی لێکۆڵینەوەیی خۆیدا لە بارەی ئافرەتان وتی: **بەرزبوونەوەی بەدناوبوونی ئافرەتان بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان یان قورسایی تاوانەکان نییە، بەڵکو بە هۆی گۆڕان لە سیاسەتی دەرکرنی حوکم و ئیجرائاتی یاساییە.**

**جیاوازیکردن بە ئافرەتان ، پێش دادگاییکردن**

راپۆرتێـك دەربـارەی لابردنـی جیـاوازی بەرامبـەر بـە ئافرەتـانی زینـدانی دەڵێـت: هەنــدێك لــە ئافرەتــان بــەراورد لەگــەڵ پیــاوان لــەکاتی دەستبەســەرکردنیان پــێش دادگـاییکردن رووبـەڕووی دیـاردەی جیـاوازی رەگـەزی دەبنـەوە، لـە زۆربـەی وڵاتـان ســەرەڕای ئــەو ئیجرائاتــە نێودەوڵەتیــەی کــراوە، کــە"دەستبەســەرکردن، پــێش دادگاییکردن نابێ ببێتە بنەمایـەکی تـەواو،"بـەڵام پێیـان وایـە کـە دەستبەسـەرکردن، پێش دادگـاییکردن کـارێکی ئـاساییە، دەستبەسـەرکردنی ئافرەتـان پـێش دادگـاییکردن کاریگەرییەکی ناخۆشی بۆ سەر ئافرەتان هەیە، لە بـەر ئـەوەی ئافرەتـان لەوانەیـە لـە لایـەنی جیـاواز سـنووردارتر لـە پیـاوان بـن و دابینکردنـی بەڵگەنامـە بـۆ سـەلماندنی بێتاوانی خۆیان ئاستەم بێت و یان لەوانەیە بە باشی دەسـتیان بـە راوێـژکاری یاسـایی رانەگات، بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆی دەرکەوت، هیچ کـام لـە

ئافرەتانی ئەفغانی کە پێش دادگاییکردن دەستبەسەرکرابوون دەستیان بە راوێژکاری یاسایی رانەگەیشتووە.

ئافرەتانی زیندانی هەندێك جار لە چینی هەژاران و هەندێك جاریش نەخوێندەوارن، هەروەها هەندێکیان لە رووی تەندروستی رووحی و جەستەییەوە نەخۆشن و هەندێکیشیان ئەو کەسانەن کە مادده سڕکەرەکان بەکار دەهێنن، هەر بۆیە لە کاتی دادگاییکردن توانای کەمتریان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان هەیە.

**هۆکاری تاوانەکانی ئافرەتان**

هەرچەندە ئامارێکی دروست لە سەر ماهییەتی تاوانەکانی ئافرەتان لە بەردەست دانییە، بەڵام(ICPS)رادەگەیەنێت کە بەشی زۆری ئەو سەرپێچیانەی کە ئافرەتان بە هۆیەوە زیندانی دەبن ئەمانەن:

- سەرپێچی بچووك وەکو، دزینی پارە یان کەلوپەلێك.
- سەرپێچی گەورە وەکو ، کوشتن .
- سەرپێچی تایبەت بە هەڵگرتنی مادە بێهۆشکەرەکان و گەیاندنیان بە خەڵکانی تر.

لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیا رێژەی ئەو ئافرەتانەی کە زیندانین خەڵکی "**جامائیکان**"کە هەندێکیان زۆر هەژارن و هەندێکیشیان لەوانەیە لە رووی ناچاری تووشی تاوان بووبن، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە بە هۆی مادە سڕکەرەکانەوە دەستبەسەرکراون لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٦تا ١٩٩٥ بە ڕادەی ٨٨٪ بەرز بۆتەوە لە وڵاتێکی وەکو "**بەرازیل**"نزیکەی نیوەی ئەو ئافرەتانەی دەستبەسەردەکرێن بە تاوانی تایبەت بە مادده سڕکەرەکانە.

لە هەندێك لە وڵاتان ئافرەتان بە هۆی تۆمەتی تایبەت بە بابەتی ئەخلاقی و لە سەر بنەمای بیروڕای جیاواز لە کۆمەڵگە زیندانی دەکرێن، هەندێك جاریش ئەو ئافرەتانەی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر زیندانی دەکرێن، هەر چەندە پیاویش

بە تۆمەتی کاری بەدڕوشتی تۆمەتبار دەکرێ، بەلام لە تێڕوانینی کۆمەلگەوە ئافرەتان زیاتر لە پیاوان تۆمەتبار دەکرێن و هەر ئەمەش بە شێوەیەکی جیاواز کاریگەری لە سەر رەوشی ژیانی ئافرەتان هەبووە، هەندێك لە ئافرەتان بە هۆی بنەمای بیروڕای سیاسی یان ئایینی دەستبەسەر دەکرێن کە رێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی ئەو زیندانییانە بە زیندانی "ویژدان" ناو لێ دەنێت، وەرگرتنی ئامار و وەدەستهێنانی ژمارەی دروست لە زیندانییانی ویژدان یان سیاسی زۆر زەحمەتە، لە بەر ئەوەی زۆربەی ولاتان نایانەوێ دان بەوە دابنێن کە زیندانی سیاسییان هەیە، هەر چەندە بەشێکی زۆر لە چالاکییەکانی رێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی بە درێژایی سالانی رابردوو ئەوە بووە کە مافی دادگاییکردنێکی دادوەرانە بەو زیندانیانە ببەخشرێت .

**دەستبەسەرکردنی ئافرەتانی بێتاوان**

بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی دەستبەسەرکراو هەن کە تاوانبارنین، ئەو گرووپە هەندێك لەو ئافرەتانەن کە بە مەبەستی پاراستنی گیانیان لە ناو زیندانەدا دەپارێزرێن، یان ئەو ئافرەتانەن کە بە نایاسایی پەنایان بردۆتە بەر ولاتانی تر و کۆچبەری نائاساییین.

**دەستبەسەرکردنی ئافرەتان بۆ پاراستنی گیانیان**

گرووپێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی بابەتی دەستبەسەرکردنی ئافرەتانی قوربانی توندوتیژی خستە ژێر لێکۆڵینەوە و رایگەیاند کە بابەتی بێبەشکردنی ئافرەتان لە ئازادی بە مەبەستی پاراستنیان دەبێ چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. ئافرەتانی قوربانی توندوتیژی و ئەو مندالانەی دەبنە قوربانی بەردەوام لە گۆمەلگەدا هەیە، هەر بۆیە لەگەڵ بەرزکردنەوەی سکالانامەی "**ناوەندی بریکارانی میللی ئافرەتانی بەنگلادیش**"دادگای ئەو ولاتە بڕیاریدا کە دەبێ ئافرەتانی تاوانبار لە

ئافرەتـانی قوربـانی توندوتیـژی جیـا بکرێنــەوە، پاشـان وڵاتـی بـەنگلادیش بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەو داواکارییـە بڕیاریـدا لـە جیـاتی زینـدان، شـوێنێکی ئـارام و تایبەتی بۆ ئافرەتانی قوربانی تەرخان بکرێت، لە سەر جەختکردنی ئەو گرووپە بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری پاراستنی ئافرەتـانی قوربـانی توندوتیـژی لـە وڵاتـانی تریش هەوڵدرا ئـەو بڕیـارە جێبـەجێ بکرێـت و ئافرەتـانی قوربـانی توندوتیـژی باشتر بپارێزرێن.

## دەستبەسەرکردنی کۆچبەرانی نایاسایی و پەنابەران

لـەو سـاڵانەدا لـە هەنـدێك وڵات، سیاسـەتێکیان بـە مەبەسـتی دەستبەسـەرکردنی کۆچبەرە نایاساییەکان دەستپێکرد کە لە هەندێك بواردا ئەمە بوو بە هۆی بەزانـدنی سنووری حوکمیWGAD UN، لە سەر بنەمای ئەو حوکمە، ئەو کردەوەیە لەوانەیە ببێتـە هـۆی دەستبەسـەرکردنێکی خۆسـەرانەی ئـەو کەسـانە. لـە هەنـدێك بـواردا بـۆ زیندانییە کۆچبەرە نایاساییەکان هیچ پێداویستییەکی بنەڕەتی نییە بـە تایبـەتی بـۆ ئافرەتان کە لەوانەیە هەندێکیان خاوەن منداڵیش بن. لە ساڵی ١٩٩٩ ئوسترالیا بڕیـاری دەستبەسـەرکردنی ئـەو کۆچـبەرە نایاسـاییانەی دەرکـرد کـە بـە بـێ ڤیـزا دێنـە نـاو وڵاتەکـەی ، ئەمـەش خـۆی گرفتێکـی نایـەوە، لـە بـەر ئـەوەی دەستبەسـەرکردنی ئـەو پەنابەرانـە لەوانەیـە تووشـبوونیان بـە چـەندین نەخۆشـی دەروونـی زیـاد بکـات. لـە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە ئـەو کەسـانەی بـۆ ماوەیـەکی زۆر دەستبەسـەر دەکـرێن، تووشـی چـەندین نەخۆشـی خـەمۆکی دەبـن و یـان زیـان بـە خۆیـان دەگەیـەنن و یـان خۆیان دەکوژن، هەر بەم هۆیە وڵاتی ئوسترالیا رێگا چارەی بۆ ئەو مەبەستە ئەوە بوو کە یان ڤیزای نیشتەجێبوونیان بداتێ، یان ئەوەتا ئازادیـان بکـات کـە بـۆ وڵاتێکـی تـر کۆچ بکەن.

## هەلومەرجی دەستبەسەرکردنی ئافرەتان

ژمارەیــەك لــە یاســاکانی نێودەوڵــەتی مافــەکانی مــرۆڤ ئامــاژە لــە ســەر چــۆنیەتی مامەڵـەکردن لەگـەڵ زینـدانییانی ئـافرەت و پیـاو دەکـەن، مـادەی (١٠ )نێودەوڵـەتی

مافەکانی شارستانی و سیاسی تەئکید لـە سـەر ئـەوە دەکـات کـە دەبـێ لەگـەڵ تـەواوی زیندانییەکان بە رێزەوە و هەر کەسە بـە پێـی پلـە و پایـەی خـۆی سـەیریان بکرێـت، کەسـی تاوانبـار دەبـێ لـە زینـدانییانی دادگـاییکراو و تاوانبـار جیـا بکرێتـەوە، تـازە پێگەیشـتووەکان دەبـێ لـە شـوێنێکی جیـا لـە گـەورەکان بپـارێزرێن، بـۆ زیندانییـەکان دەبـێ بەرنامەیـەکی دارێـژراو بـە مەبەسـتی چاکسـازی و دووبـارە پـەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی هەبێت، لەگەڵ چەندین یاسای تر لە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگـەڵ زیندانییان.

لـە زینـدانی ئافرەتـان سـەرەڕای هـەموو ئـەو کێشـانەی کـە رووبـەڕووی هـەموو زیندانییەك دەبێتەوە، هەندێك بابەتی تایبەت هەیـە کـە کاریگـەری لـە سـەر ئـافرەت زیاترە، ئەو راستییە هەیە کە ئافرەتانی زیندانی بەشێکی کـەمتر لـە پیـاوان پێکدێن، هـەر بۆیـە پێداویسـتییەکی کـەمتریان بـۆ دابـین دەکرێـت، تەنانـەت ئەگـەر رێـژەی ئافرەتـانی زینـدانی زیـاد بکـات، کـەمی پێداویسـتی زیـاتر گوشـار دەخاتـە سـەر ئـەو ئافرەتانە و لە بواری تەندروسـتی کێشـەیان بـۆ دروسـت دەبێـت، هـەروەها خـۆراك و بواری پەروەردەش لە نێو زیندانی ئافرەتان باش نییە، سـەرەڕای ئەمـەش گرفتـی تـر هەیە وەکو:

**١ - دەستبەسەرکردنی ئافرەت لە دووری ماڵ**

هەنـدێك جـار کاتێـك ئـافرەت لـە شـوێنێکی دوور لـە مـاڵ دەستبەسـەر دەکرێـت، دەبێتە هۆی پچڕانی پەیوەندی خێزانی، بە تایبەتی بـۆ ئـەو ئافرەتانـەی منـداڵی بچـووکیان هەیـە، ئەمـەش زۆر زەحمەتـە، ئافرەتـانی زینـداتی زیـاتر لـە پیـاوان بەرپرسـیاریەتی منداڵـە بچـووکەکان و تەنانـەت ئەنـدامانی خێـزان لـە ئەسـتۆ دەگـرن، هـەر بۆیـە زینـدانیکردنی ئافرەتـان زیـاتر لـە پیـاوان دەبێتـە جێگـای نیگەرانی و لە ئاکامدا پچڕانی خێزان.

**٢ - نەبوونی ئاسانکاری پێویست لە ناو زینداندا**

بەگشتی زیندانی ئافرەتان بە بەراورد لەگەڵ زیندانی پیاوان بودجەیەکی کەمتری بۆ دابین دەکرێت، ئەو زیندانانەی تایبەتن بە ئافرەت، کاتییە و بچووکن و بواری ئاسانکاری و پەروەردەیی و وەرزشی و بواری فەرهەنگیان نییە. "**پوانز**" یەکێك بوو لە لێکۆڵەرەوەکانی ئافرەتانی زیندانی کە لە رێکخراوی بەخشینی نێودەوڵەتی کاری دەکرد، ئەو ئافرەتە سەردانی ناوەندێکی زیندانی لە "**ئیلسالوادۆر**" کرد ، لەوێ کەوتە ژێر کاریگەری رەوشی نالەباری ئەو ئافرەتانە، لە ناو زینداندا سەرپێچیەکی زۆری بەرچاو کەوت، هەر لە سەرخۆشبوونی زیندانییەکان تاوەکو توندوتیژی و کوشتن. (٧٢) ئافرەت لە ژوورێکی گەورەدا دەنووستنن کە تەنیا یەك ئاودەست و حەمامێکیان هەبوو، تەختەکانی نووستن دوو قات بوون، هەندێك لە ئافرەتان لە سەر زەوی دەنووستن، ئەوان لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە تا وەکو (٦)ی بەیانی لە ژوورەکانیان دەمانەوە، خواردنیان سارد وباش نەبوو، زۆربەی زیندانییەکان خواردنیان بۆ خۆیان دروست دەکرد، یان ئەو خواردنانەیان گەرم دەکردەوە کە خێزانەکانیان بۆیان دەهێنان.

**٣ - نالەباری رەوشی ئەمنی لە ناو زینداندا**

ئەو رەوشە ئەمنیەی کە بۆ پیاوانی زیندانی هەیە  زۆر جیاوازە لەگەڵ ئافرەتان، ئەمەش زیاتر بە هۆی ئەوەیە کە ئافرەتان بە هۆی تاوانی بچووکەوە زیندانی کراون، وا پێدەچێت کە ئافرەتان لە ناو زینداندا کەمتر لە پیاو کێشە دروست بکەن، هەر چەندە لێکۆڵەرەوەکان دەریانخستووە، کە لە هەر بوارێکدا ئافرەتان پێویستیان بە ناوەندێکی چاکسازی و پەروەردەیی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرپێچکەری لە ناو زینداندا کەمتر بێتەوە و رەوشی ئەمنی زیاتر بەرەوپێش بچێت.

**٤ - نەبوونی چاودێری شارەزا لە ناو زیندانندا**

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتانی زیندانی لە ئەمەریکا و بەریتانیا بۆتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرێکی پیاو کە هیچ لە بواری چاودێری نازانێت، چاودێری ئافرەتە زیندانییەکان بکات، هەر چەندە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تەئکید لەوە دەکات کە ئافرەتە زیندانییەکان دەبێ لە ژێر چاودێری ئەفسەری ئافرەتدا بن و هیچ پیاوێك بۆی نییە سەردانی زیندانی ئافرەتان بکات بە مەرجێك ئەفسەرێکی ئافرەتی لەگەڵدابێت، نەبوونی ئافرەتێکی کارناس و پوختە و لێهاتوو و چالاك بە مەبەستی چاودێریکردن لەوانەیە ببێتە هۆی مانەوەی زیاتر لە ژوورەکانیان و بێ بەشبوونیان لە دیداری خێزانەکانیان.

**٥ - دەستبەسەرکردنی ئافرەتان لە شوێنی تایبەت بە پیاوان**

هەر چەندە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی تەئکید لە سەر ئەوە دەکات کە ئافرەت دەبێ لە شوێنی تایبەت بپارێزرێت، بەلاّم بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتانی زیندانی بۆتە هۆی زیندانیکردنی ئافرەتان لە شوێنی پیاواندا تا ڕادەیەك کارێکی ئاسایی بێت، لە ولاّتێکی وەکو بەریتانیا ئافرەتانی زیندانی هەر لە زیندانی پیاواندان، بەلاّم لە شوێنێکی جیا دەپارێزرێن، یان هەندێك جار لە بەشی پیاوان و لە یەك ژووردا، کە ئەم حاڵەتە ڕەوشی مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئافرەتان بە توندوتیژی زیاد دەکات.

**٦ - لە بەر چاو نەگرتنی پێداویستییە تەندروستییەکانی تایبەت بە ئافرەتان**

بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئافرەتانی زیندانی کێشەیەکی زۆری لە بواری پێداویستییە تەندروستییەکان دروست دەکات ولە هەندیك بواردا بە یەکەوەبوونی زیندانییان دەبێتە هۆی بلاّوبوونەوەی چەندین نەخۆشی وەك سیل، کەچەڵی و مالاریا و هەروەها لە شوێنە تێکەڵەکان مەترسی بلاّوبوونەوەی نەخۆشی جنسی وەك ئایدز زۆرە، هەر چەندە ئەو جۆرە نەخۆشانە لە شوێنی تایبەت دەپارێزرێن، بەلاّم وا پێدەچێت ڕێوشوێنێکی یاسایی تایبەت بەو زیندانییانە ڕەچاو نەگیرێت، هەروەها

زیادکردنی ڕێژەی زیندانییان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین کێشە لە بواری بەکارهێنانی بوارە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، بە تایبەتی بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دووگیانن و یان لە کاتی سووڕی مانگانەدا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەبنەوە.

# چەمکی فێمێنیزم

بزاڤی رزگاریخوازی ئافرەتان بۆ دەستە بەرکردنی ماڤ بە یەکسانبوون و هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ گەیشتن بە ئامانج و داخوازییەکانیان بە کۆمەڵێك رێبازدا تێپەڕی کردووە، یەکێك لەو رێبازانە بە فێمێنیزم ناسراوە.

فێمێنیزم چییە؟ چۆن سەری هەڵداوە؟ چ ئامانجێك دەپێکێ ...؟ بەردەوام بۆتە جێگای پرسیاری لێکۆڵەرەوەکان. کە باس لە فێمێنیزم دەکرێت ، کۆمەڵێك بۆچوون و پێناسەی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە و هەر کەسە بە پێی تێڕوانینی خۆی و ئاستی تێگەیشتنی لەو چەمکە واتایەکی تایبەتی پێ دەبەخشێت و هەر لەو روانگەیەوە زۆر جار بەرامبەر بەو چەمکە دەکەویتە گومان و ناگەیتە ئەو واتا راستەقینەی خۆت دەتەوێت و تەنانەت هەندێك جار توشی نامۆبوون و سەرلێشێواوی دەبیت کە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی زانستی و واقعبینانەمان بۆ ئەو چەمکە نییە، یان هەندێك لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان، واتایەکی تر بەو چەمکە دەبەخشن و یان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە کاری دێنن. فێمێنیزم پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە کە بە گشتی یەك واتا دەبەخشن، ئەویش ناڕەزایی دەربڕینە بە رامبەر نەبوونی نایەکسانی لە بواری کۆمەلایەتی، سیاسی ، فەرهەنگی، هونەری،... کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەیە و ئەو نایەکسانییە لە دیدێکی جیاوازەوە شی دەکرێتەوە. لێرەدا هەوڵ دەدەم زۆربەی ئەو پێناسانە بخەمە روو کە لە کۆمەڵێك سەرچاوەم وەرگرتووە : لە کتێبی قاموسی سیاسی نیگا بەم جۆرە فێمێنیزم پێناسە کراوە :

وشەی فێمێنیزم لە وشەیەکی فەرەنسی femme بە واتای ژن وەرگیراوە و مانای لایەنگریکردن لە ژن دەبەخشێ و ناوی بزاڤێکە کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بۆ یەکسانی مافە رامیاری و جڤاکییەکانی ژنان و پیاوان لە ئەوروپا دەستی پێکرد و بەرە بەرە لە سەرانسەری جیهان پەرەی سەند، ژنان لە سەرەتادا تەنیا بۆ وەدەست هێنانی مافی کۆمەڵایەتی یەکسان بە تایبەتی لە بواری هەلومەرجی کار و حەق دەستەکاندا خەباتیان دەکرد، بەڵام لە درێژەی خەباتەکەیاندا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی

كە بە بێ مافی رامیاری یەكسان لەگەڵ پیاودا ناتوانن مافی جڤاكی یەكسانیش بە دەست بهێنن.

سەرچاوەیەكی تر لە لێكۆڵینەوەیەكی زانستی لە سەر فێمێنیزم لە ئەنتەرنێت باس لەوە دەكات ، فێمێنیزم وەك بزوتنەوەیەك لە سەدەی( ١٧ )بۆ یەكەم جار لە ئەمەریكا لە سالی ١٨٤٠ سەری هەڵدا، ئەویش لە لایەن ئافرەتە رەشپێستەكانەوە كە بە هۆی بیری رەگەزپەرەستی ئەوكاتەوە دەچەوسانەوە و زۆربەی مافەكانیان پێشێل دەكرا. لە سەرچاوەیەكی تر لە رۆژنامەی خەبات كە بە داخەوە ناوی نووسەرەكەم لە یاد نییە ئەو پێناسانەی بۆ فێمێنیزم نووسیوە:

فێمێنیزم: تیۆرێكە لە سەر بنەمای یەكسانیكردنی مافی ژن لەگەڵ پیاواندا، لە پانتایەكی كۆمەڵایەتی، سیاسیدا.

فێمێنیزم: بە رەسمییەت بەخشینە بە داخوازی ژنان لە كۆمەڵگەدا وەك یەك گرووپ.

فێمێنیزم: بزاوتێكی رێكخراوەییە بۆ بە دەستهێنانی مافەكان.

"**كازیوە سالح**"، لە كتێبی فێمێنیستناسی و جڤاكی كوردی بەم شێوەیە باس لە فێمێنیزم دەكات: فێمێنیزم واتا مێینەتی، یان كۆبونەوە و خڕبوونەوە لە دەوری مێینە و كێشەكانیدا ،هەوڵدان بۆ چارەسەركردن و بە ئامانج گەیشتنی خواستەكان لە روانگەی ئافرەت خۆیەوە، بڕیاردان و بەرخودان لە بیر و هۆش و هەستكردن بە نەنگییەكان لە نەست وكرداری خۆیەوە .

"**ساسكیا پریكیا**" لە بارەی فێمێنیزم دەڵێ: فێمێنیزم، "**داهێنانێكە كە ئافرەت واتایەكی نوێ بۆ بابەتی رەگەزایەتی ژنبوونی لە كۆمەڵگەدا دەدۆزێتەوە**".

لە پێناسەیەكی تردا هاتووە: فێمێنیزم، "تێگەیشتنە لەوەی كە جەستە و حەز و ئارەزووە جنسییەكانی ئافرەت بە ئایدۆلۆژیایەكی پیاوسالارانە كۆنترۆڵ دەكرێت و ئافرەتان لە ناو خێزان و شوێنی كاركردن و بە گشتی لە ناو كۆمەڵگەدا دەچەوسێنەوە و داگیر دەكرێن هەر بۆیە دەبێ بە شێوەیەكی زانستی هەنگاو بنێن" .

هەروەها كازیوە سالح دەڵێ:" **فێمێنیزم ،زانستە ، رەوشتە، مرۆڤدۆستە، هەربۆیە هەموو كەس لە رەوش و تێگەیشتن و مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو زانستە تێناگات.**

لە هەر پێناسەیەکی فێمێنیزم دەردەکەوێت کە ڕێبازێکە مانای یەکسانی و دادوەری دەبەخشێت لە نێوان ژن وپیاودا، هەرچەندە هەڵگرانی ئەو چەمکە لە دونیادا زۆرن، بەڵام ئایا هەموو کەس لە واتای راستەقینەی فێمێنیزم تێدەگات یان بە شێوازە راستەقینەکەی پیادەی دەکات ، لە بەشێکی تر لە کتێبەکەیدا **کازیوە سالح** دەڵێت : **"مرۆڤی فێمێنست ،مرۆڤی ژنناسە، مرۆڤی مرۆڤدۆستە ئەو مرۆڤەیە کە دەزانێت کەوا پێویستی بە پەیمانی کۆمەڵایەتی نوێ هەیە لە چوارچێوەیەکی زانستییانە، ئاشتیخوازانە و مرۆڤانە بۆ پێناسەکان دەگەڕێت، وەکو ئەوەی مرۆڤێك چۆن خودی خۆی دەناسێنێت و پاش تەوەری ناسین چۆن گوزارشت لەو ناسنامەیە دەکات"**.

بارودۆخی ژیان لە هەر وڵاتێك بە پێی داب و نەریت و فەرهەنگی تایبەتی خۆی دەگۆڕێت، هەڵبەت لەو هەلومەرجەشدا کێشەکان جیاواز دەبن و پێناسەی فێنێمیزم دەگۆڕێت، هەر بەو پێیە واتایەکی تەواو بۆ ئەو چەمکە نییە، زاڵبوونی هێزێکی سیاسی و سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای جیاواز لە وڵاتاندا چەمکی فێمێنیزمی بە سەر چەندین لق دا دابەش کرد کە لێرەدا ئاماژە بە چەند ڕێبازێك پێویستە:

١- **فێمێنیزمی رادیکاڵی یان(بنەمایی)** : هەڵگرانی ئەو بیروڕایە زیاتر گرنگی بە بنەمای بابەتەکان دەدەن و لە سەر ئەو باوەڕەن کە  هەر لە بنەمادا پیاوەکان هەوڵی داگیرکردنی ژنانەکانیان داوە لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان ، کەواتا ئافرەت دەبێ بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی خەبات بکات.

٢- **فێمێنیزمی سۆسیالیستی** :لایەنگرانی ئەو بیروڕایە پێیان وایە کە دەبێ حکومەت لە لایەن خەڵکەوە و بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بەڕێوە بچێت، لە پێناو لەناوبردنی حکومەتی تاکەکان و موڵکداریێتی تایبەتی و خۆشگوزەرانی گشتی لە هەموو روویەکەوە بێ جیاوازی رەگەزی، ئەوان لە سەر ئەوباوەڕەن کە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەك دیاردەی باوك سالاری کە حوکمی تاکڕەوەیە بۆتە هۆی چەوساندنەوەی ئافرەت، کەواتا دەبێت بەر لە هەموو شتێك ئەو دیاردەیە بنبڕ بکرێت.

٣- **فێمێنیزمی ئیسلامی** : بە پێی ئایدۆلۆژیای ئایین، مەزهەب هیچ کات رێگرنـەبووە لـە بـەردەم یەکسـانی و عەدالـەتی ئـافرەت و پیـاودا، بـەڵکو هەنـدێك دیـاردە وەك حاکمیەتی پیاوسالاری مافەکانی ئافرەت پێشێل دەکات و یان هەندێك کـەس بـە نـاوی ئایینەوە ئافرەت دەچەوسێننەوە.

٤: **فێمێنیزمی لیبراڵی** : لایەنگرانی ئەو گرووپە وەکو لە زاراوەکـەی دەردەکـەوێت بـە واتـای ئـازاد وەرگـیراوە و سـەرجەم واتـای ئـازادیخوازی دەبەخشـێت و لـە سـەر ئـەو باوەڕەیە کە مرۆڤ لە راستیدا بە ئازادی لە دایك بووە و دەبێ بـە ئـازادیش درێـژە بـە ژیانی خۆی بـدات  و بـە بـێ هـیچ ترسـێك بـیروڕای خـۆی دەربـبڕێـت تـا بـەم چەشـنە بتوانێت گەشە بکات و لە ئامانجەکانی خۆی نزیك بێتەوە، بۆ ئافرەتیش وەك تـاکێکی ئەو کۆمەڵگایە دەبـێ ئاسـتەنگەکانی لـە بـەردەم لابـدرێت و یاسـا لـە هـەموو بوارێکـدا هەوڵی چاکسازی بۆ بدات، بۆ ئەوەی وەکو پیاو سەیر بکرێت و هـەوڵ بـدات جیـاوازی رەگەزی نەمێنێت.

٥: **فێمێنیزمی مارکسی** : ئایدۆلۆژیای مارکسی لە سەر بنەمای چینایەتی دامـەزراوە و کێشـەکانی کۆمەڵایـەتی دەخاتـە ئـەو قاڵبـەوە و بـە چـینی سـەرمایەداری و کرێکـاری دەیانبەستێتەوە، رێرەوانی ئەو بیروڕایە پێیان وایە کە کێشەی ئافرەت پەیوەنـدی بـە جیاوازی چینایەتی هەیە و ئافرەت لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەدار هیچ کـات مافـەکانی دەستەبەر ناکرێت، بەڵکو وەك کاڵایەك مامەڵەی پێ دەکرێت و بـەناوی پێشکەوتنەوە بازرگـانی پێـوە دەکرێـت ،کـەواتا بـەر لـە هـەموو شـتێك دەبـێ کێشـەی چینایەتی لـە کۆمەڵگەدا چارەسەر بکرێت و دوایی ئافرەت دەتوانێت لەو بارودۆخەدا رزگاری بێت و بە ئامانجەکانی بگات.

6: **فێمێنیزمی پۆست مۆدێرن**:(post modern) ئەو گرووپە واتا پۆست مۆدێرنەکان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە بە هۆی ئەو جیاوازییە زۆرەی کە لە نێوان ئافرەت و پیاودا هەیە کێشەکانیش یەك لایەنە نین و بە پێی ناوچەی جوگرافی یان جیاوازی کولتووری دەگۆڕدرێت، بۆیە ناتوانین تیشك بخەینە سەر تەنیا خاڵێك لە کێشەکان، لە بەر ئەوەی لایەنگرانی ئەو گرووپە زیاتر هانی ئافرەت دەدەن کە خۆیان هەوڵ بدەن ، بۆ ئەوەی مافەکانیان دەستەبەر بکەن.

**٧: فێمێنیزمی فەرهەنگی**: ئەمڕۆ فێمێنیزمی فەرهەنگی لە هەموو چینەکان لایەنگری زۆری هەیە، کاتێك کە ئەو بابەتە لە روانگەی فەرهەنگییەوە سەیر دەکرێت ، یەکسانی بە مانای توانای رەگەزەکان هیچ واتایەکی نامێنێ و ئەو جیاوازییە شتێکی ئاساییە، فێمێنیزمی فەرهەنگی باوڕی بەو جیاوازییە هەیە کە لە نێوان رەگەزەکاندا بەدی دەکرێت و پێی وایە کە ئەوە شتێکی سروشتییە و دەبێ رێز لەو جیاوازییە بگرین، بەو واتایەی کە ئەگەر پیاوێك توانای لە ئافرەتێك زیاتر بوو، نابێ ببێتە پێوەری باشتربوونی پیاو، بەڵکو دەبێ تێڕوانینی باشمان بۆ ئەو بابەتە هەبێت کە توانای مرۆڤەکان بە تایبەتی رەگەزەکان لەگەڵ یەکتر جیاوازە، بەلاّم لە روانگەی مافەکانەوە یەکسانن. هەموو ولاّتێك فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە و فەرهەنگی هەر ولاّتێك لەگەڵ فەرهەنگی ولاّتانی تر جیاوازە و دەبێ رێز لە فەرهەنگی ولاّتان بگیرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەکیش بەوە بکەین کە فێمێنیزم تەنیا لە خەباتی کۆمەلاّتی و سیاسیدا شی ناکرێتەوە، بەڵکو لە بواری هونەریشدا بە تایبەتی هونەری وێنەکێشان خەباتی دوورودرێژی هەیە و بە هونەری فێمێنیزمی ناسراوە، خەباتی هونەری لە ئەمەریکا و ئەورووپا دەستی پێکردووە، هەر چەندە لە رابردوو ئافرەتی هونەرمەند زۆر هەبووە، بەلاّم ئەو هونەرمەندانە ناچنە ریزی هونەرمەندە فێمێنیزمەکانەوە. تا دەیەی ٨٠ زۆر بەکەمی ناوی ئافرەتی هونەرمەند لە کتێبی مێژووی هونەردا هەبووە،

لە بەر ئەوەی پیاو پێوەری هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەرییەکان بوو، مێژووی هونەری ئەو کاتە پیاوانە بووە کە تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لە ڕەوشی هونەری ئافرەتدا کردووە کە کارە هونەرییەکانیاندا گوزارشتیان لە ڕەوشی ئافرەت نەکردووە و رەمزی ئافرەت بە کارە هونەرییەکانیانەوە دیارنەبووە. لە ساڵی ١٩٧١"**لیندا ناکلین** " وتارێکی سەبارەت بەو بابەتە نووسی کە بۆچی ئافرەتی ناودار لە مێژووی هونەردا نابینرێت و دەڵێ: **"ئەو شتەی بۆتە هۆی ئەوەی ئافرەتان لە مێژووی هونەر وەلابنرێن، زاڵبوونی سیستەمی دەسەلاَت بە سەر دونیای پەروەردە و هونەر بووە، ئافرەتان بە شێوەیەکی سیستماتیك وەلانراون ، نموونەی هەرە بەرچاو، ئەو ئاکادیمیانەن کە گرینگترین شوێنی پەروەردەیە کە ئافرەتی هونەرمەندییان وەرنەگرتووە".**

لە ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧١ دوو هونەرمەندی ئافرەت بە نێوی "جودی شیکاگۆ"، "میریام شاپیرۆ" بەرنامەی هونەری فێمێنیزمیان لە زانکۆکانی کالیفۆرنیا دەست پێکرد کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە کارە هونەرییەکانی ئافرەت کرد و پانتایەکی گەورەی لە جیهانی مرۆڤایەتی داگیر کرد و کۆمەڵێك ئافرەتی بە توانا لە جیهاندا کاریان لە سەر هونەری ئافرەتانە کرد، بۆ نموونە دەتوانین باس لە"مۆنا هاتوم"، فریدا کالو"، "سیندی شێرمن، "کەتێ کێلویتس"و...هتد. بە وتەی "لیندا ناکلین": **ئەگەر فێمێنیستەکان نەبوایەن، هونەری سەردەم بەو شێوەیەی ئێستا نەدەبوو".**

لە خەباتی فێمێنیزمی کۆمەڵێك پیاوی ڕۆشنبیر و چالاك یارمەتیدەری خەباتی ئافرەتانن و هەوڵ دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانج و یەکسانییە خوازراوەکان لە نێو کۆمەڵگەدا چ لە کوردستان و تەنانەت لە جیهانیشدا ، بۆیە خەباتی ئافرەتان هیچ کات ناتوانێ بێ یارمەتی و پاڵپشتی پیاو بە داواکارییەکانی بگات، هەرچەندە بە پیاوان ناگوترێت فێمێنیست، بەڵکو بە پشتیوانانی فێمێنیزم دەناسرێت، بە پێی سەرچاوەکان زۆربەی ئەو پیاوانەی هەوڵیانداوە بۆ رزگاری ئافرەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، بۆ نموونە لە کوردستان دەتوانین باس لە ڕۆڵی سەرکردەی کورد، **"بارزانی نەمر"** بکەین کە هەموو کات خۆی بە پشتیوانی ئافرەتان دەزانی و هیچ

**کات بۆ یارمەتیدانی ئافرەتان کەمتەرخەم نەبووە، هەر بۆیە بە پشتیوانی بەرێزیان لە سالی ١٩٥٢ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دامەزرا و تا بە ئەمڕۆش ئەو خەباتە لە سەر بنەمایەکی نوێخوازی و سیستەمێکی کارا کە لە گەڵ سەردەمی ئەمڕۆدا دەگونجێ لە کارەکانی خۆی بەردەوامە ، لە پێناو پاراستنی مافەکانی ئافرەتان.**

لە **چین"** وەك نەریتێکی باو، پێی کچەکانیان دەبەست بۆ ئەوەی بە جوانی و ناسکی بمێنێتەوە، **"کانگ-یو-وی"** وەك پیاوێکی رەخنەگر لەو نەریتە خەباتی کرد و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی، ئەو دەیگوت:(**من ئێستا ئەرکێکم هەیە کە دەنگی ناڕەزایی رێژەیەکی زۆر لە ئافرەتان بگەیەنمە ئەوسەری دونیا و ئێستا تەنیا یەك داواکاریم هەیە ئەویش ئەوەیە (٨٠) میلیۆن ئافرەتی سەدەی خۆم لە خنکانی دەریای ئازار و مەینەتی رزگار بکەم و هیوادارم ئافرەتان بتوانن بگەنە دوارۆژێکی بەختەوەر و کۆمەڵگەیەکی یەکسان**). هەروەها لە میسر لە سالی ١٨٥٥ ((**کازم ئەمین**)) بە نووسینی کتێبی ((**ئافرەتی نوێ** )) دەنگۆیەکی گەورەی نایەوە. لە ئێران زۆر لە پیاوانی رووناکبیر لە دەیەی(٨٠ و ٩٠ )بابەتی ئافرەتیان هێنایە کایەوە و ناڕەزایی خۆیان لە سەر فرەژنی و زیندانی ژنان دەردەبڕی. لە هیندوستان پیاوانی زۆر وەکو ((**رابنیدرانان تاگور** ))((**گاندی**))((**جەواهیر لعل نەهرۆ** )) بە درێژایی سال دژی کۆیلایەتی ئافرەتان و سووتاندنی بێوەژنان بەربەرەکانیان دەکرد.(بە پێی نەریتی هەندێك ناوچە لە هیند، ئەگەر مێردی ژنێك بمردایە، ئەوە ژنەکەیان بە زیندوویی لە ئاگردا دەسووتاند).

**بەردەوامبوون لە خەبات**

لە ساڵی ٩٧ - ١٧٥٩ **"مری ولستون کرافت"** لە بەریتانیا بەرەنگاری نایەکسانی بەرامبەر بە ئافرەتان بۆوە و لە ساڵی ١٧٨٣ توانی پارەیەکی باش کۆبکاتەوە و قوتابخانەیەکی کچانە دامەزرێنێت.

لە ئەمەریکا یەکێك لەو ئافرەتانەی کە خاوەن کەسایەتییەکی بە هێز بوو لەم بوارەدا((**بتی فریدن** ))بوو فریدن بە کتێبی( **نهێنی مێینە** ) ناوبانگێکی زۆری پەیدا

کرد، فریدن له سەر ئەو باوەڕە بوو ((**بابەتی ئافرەتان لە هەر وڵاتێك نیشانەی نەخۆشی ئەو کۆمەڵگەیە**))، "**فریدن**" لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە پرسیارێك دەست پێی کرد، لەو هاوڕێیانەی لە گەڵیدا هاوپۆل بوون، کە لە دوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ چی دەکەن ؟ کاتێك وەڵامەکان گەڕانەوە، زۆربەی وڵامەکان بە شێوەیەکی پەرت وبڵاو نوسراون و باسیان لە رەوشی ژیانیان دەکرد کە بە باشی بەرێوە دەچێت. بە خوێندنەوەی وڵامەکان هەستی بە نائارامییەك کرد، لە راپۆرتەکەیدا دەڵێ:" **ئافرەتان وەکو پیاوان بیر ناکەنەوە وتەنانەت ناتوانن پیلانێك بۆ دوارۆژی خۆیان دابڕێژن، بناغەی کۆمەڵگە لە سەر بیری پیاوسالاری دامەزراوە و ئافرەتان وەك بوونەوەرێکی ئەسیر لە ماڵەوە پەراوێز کراون**". ئەوە بوو بە سەرچاوەی دۆزینەوەی بابەتی "**نهێنی مێینە**"کە دەنگۆیەکی زۆری نایەوە، سەرەڕای ئەمە ((**بتی فریدن**))خۆی دامەزرێنەری رێکخراوی میللی ئافرەتان لە ئەمەریکا و یەکەم سەرۆکی ئەو رێکخراوەش بوو، هەروەها لە سالی ١٩٧١ لەگەڵ هەندێك لەو ئافرەتانەی لە بواری فێمێنیزم چالاك بوون، کۆمەڵەی سیاسی ئافرەتانی ئەمەریکایان دامەزراند: womens political caucus national

هەوڵ و خەباتی ئافرەتان لە رۆژهەڵات جموجوڵێکی زۆری هەبووە. ((**پندیتارامایی**)) لە ساڵی (١٨٥٨-١٩٢٢) لە هیندوستان یەکێك لەو ئافرەتە شۆرشگێرانە بوو کە کەمتر ناسراوە، ئەو ئافرەتە ئایینی هیندوەکانی بردە ژێر پرسیارەوە و لە دەیەی ١٨٨٨ بە داڕشتنی بابەتێك لە بارەی ئازادی ئافرەتان ژیانێکی سەربەخۆی هەڵبژارد و خەباتی لە پێناو رزگاری ئافرەتان دەکرد.

((**کاریتنی**))**لە** سالی (١٨٧٩-١٩٠٤) لە "ئەندەنوسیا" لە سەر خوێندنی کچان لەو وڵاتە رووبەڕووی گرفتێکی زۆر بووە، بە پێی داب و نەریتی ئەو وڵاتە لە سەر خوێندنی کچان رازی نەبوون. ((**جیوجین**))(١٨٧٥-١٩٠٧) لە (چین) ماڵی باوکی بە جێهێشت و لە پێناو درێژە پێدان بە خوێندن بۆ تۆکیۆ رۆیشت بۆ ئەوەی بتوانێت لە بابەتی ئافرەتان ئیش بکات ،"**جین**" بە هۆی ئەو کارەی دەستگیر کرا و دوایی لە سێدارە درا،"لە بەشێکی وتەکانی دەڵی: (**شۆڕش دەبێت لە ماڵەکانی ئێمە و بە وەرگرتنی**

**مافـەکانی یەکسـانی دەسـت پێـی بکـات )**. هـەروەها(**سـۆگالا**) و (**نانـا**) دوو ئـافرەتی "سریلانکایی" بوون کە زۆر بە توندی بەرگرییان لە مافی ئافرەت دەکرد. ((**سۆگالا**)) لەگـەڵ پادشـای ئـەو کاتـە شـەڕی کـرد و ((**نانـا**))ش شـاعیرێك بـوو، پیاوەکـان بـە شیعرەکانی رازی نـەبوون و دانیـان پیا نـەدەنا، لـە بـەر ئـەوەی شیعرەکانی هـەمووی تایبەت بە مافەکانی ئافرەت بوون.

ئەگەرچـی خـەباتی ئافرەتـان لـە رێبـازی فێمێنیزمیـدا ماوەیـەکی زۆرە هەیـە، بـەلاّم جیاوازییەکی بەرچاو لە رابردوو و ئەمڕۆ سەبارەت بـەو رێبـازە دەبینرێـت، هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنییـەوە تـا بـە ئـەمڕۆ لەگـەڵ گـۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگـەدا قۆناغەکانی ئـەو رێبـازەش گـۆڕاوە، لـە قۆنـاغی یەکەمـدا خـەباتی ئافرەتـان لـە پێنـاو وەرگرتنی مافە سەرەتاییەکان بوو وەك ، خوێنـدن ، کـارکردن ،خاوەنداریـەتی ، مـافی دەنگدان و... ، سەرەڕای ئەوەش خوازیاری چاکسازی لەو یاسایانە بوو کـە بۆتـە هـۆی نایەکسانی لە نێوان ئافرەت وپیاودا، بەلاّم ئەمڕۆ فێمێنیزمـەکان داوای چاکسازییەکی بـەرزتر لـە یاسـادا دەکـەن، واتـا ئـەو ئازادییـەی کـە مافـەکانیان لـە گـەڵ پیـاودا بـۆ دەسـتەبەر بکرێـت و هـەروەها بنبڕکردنـی هـەموو دیاردەیـەکی جیـاوازی لـە نێـوان رەگەزەکاندا. خەباتی فێمێنیزمی لە کاتێکدا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی ئافرەت دەکات، هـەوڵیش دەدات ئاسوودەیی و ئـارامی بـۆ خێزانـەکان دەسـتەبەر بکرێـت، ئـەویش لـە رێگای ئەو یەکسانییەی کە دەبێ لە نێوان ئافرەت و پیاودا دەسـتەبەر بکرێـت، کاتێـك لـە خێزانـدا رێـز لـە بنـەماکانی فکـری ئەنـدامانی خێـزان گـیرا، ئـەوە راسـتەوخۆ ئەندامانی ئەو خێزانە ئاشنا دەبـن چۆن یـەکتر قـەبووڵ بکـەن و لـە یـەکتر تێبگـەن، تێگەیشـتن و تـەفاهوم لـە نێـو خێزانـدا مـەرجی سـەرەکی پێکهێنـانی خێزانێکـی بەختەوەر و ئاسوودەیە، بەلاّم خـاڵی گـرنگ لـەو بـوارەدا ئەوەیـە، چۆن بتـوانین ئـەو مافانە دەستەبەر بکەین، پێش هەموو شتێك ئاشناکردنی ئافرەت بە مافەکانیەتی، لـە بەر ئەوەی زۆربـەی ئافرەتـانی ئێمـە تـاوەکو ئێسـتاش نـازانن چۆن داوای مافـەکانیان بکـەن، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی رۆشـنبیری ئـافرەت و تەنانـەت هوشـیاری کۆمەڵگـە هەنگاوێکی مەزنە بۆ ئەوەوی بتوانن بە شێوەیەکی زانستییانە داوای مافەکانی خۆیان

بکەن، دیارە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان تەنیا ئەرکی ئافرەت نییە، بەڵکو پیاویش وەك پاڵپشتییەکی بەهێزدەبێ یارمەتیدەر بێت بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا.

لە کۆمەڵگەدا چەندین گرووپ و لایەن داکۆکیکاری مافەکانی ئافرەتن و ئەوانیش بە سەر چەند گرووپدا دابەش دەبن:

**یەکەم:** ئەو گرووپە پڕ لە وزە و توانایەن بە باشی لەگەڵ زرووف و بارودۆخی ئافرەت ئاشنان و زۆر بە توندی داکۆکی لە مافی ئافرەتان دەکەن و بە فێمێنیست خۆیان دەناسێنن و داکۆکیکاری تەواوی مافەکانی ئافرەتانن و لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمدا هەنگاو دەنێن کە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە ئەو ڕێبازە لە جیهاندا بە تەواوی پەرە بسێنێت.

**دووەم:** ئەوانەی پشتیوانی کەسانێکن کە داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەن ، ئەو کەسانە لەوانەیە بە فەرمی لەگەڵ ڕێکخراو یان گرووپێکی داکۆکیکار لە مافی ئافرەت نەبن، بەڵام زۆر جار لە ڕێگای پارە و بەشداریکردن لە کۆڕ و سمینارەکان هاوکارێکی باشن.

**سێیەم:** ئەو بەشە لە خەڵك حەزیان لەو کەسانەیە داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەن، بەڵام کەمتر کاتی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکەن، ئەو کەسانە زیاتر کار لە سەر هاندانی ئەو گرووپە دەکەن کە داکۆکیکاری مافی ئافرەتن .

**چوارەم:** ئەو گرووپە بێ لایەنن و لە کۆمەڵگەدا سەرقاڵی ئێش و کاری خۆیانن و ئەگەر زانیان خەباتی ئافرەتان سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت، وەك کەسێکی داکۆکیکار خۆیان دەردەخەن.

## هۆکارەکانی لاوازی جموجۆڵی ئافرەتان

سەنتەر و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەت فاکتەری سەرەکییە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە کێشەیەکی تایبەت بە ئافرەت هەیە، دیارە دروستبوونی سەنتەر و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان و هەر دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی نیشانەی

پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، بەو مانەیەی ئەو دامەزراوانە وەك پردێکی بەهێزن لە نێوان دەسەلأت و خەڵکدا، دیارە ئەرکی ئەو دامەزراوانە گەیاندنی پەیام و داخوازییەکانی خەڵك بۆ حکومەتە.

سەنتەر و رێکخراوەکان وەکو بزاڤێکی رزگاریخواز کار بۆ کاروباری ئافرەتان دەکەن، بەلأم پرسیار ئەوەیە تا چەند رۆڵ و کاریگەرییان لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانای ئەو ناوەندانە لە رووی ماددی و مەعنەوی کە تا چەند دەتوانن رۆلی خۆیان بگێڕن، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا تا چەند توانیویانە لە بواری کێشەکانی ئافرەتان چالاك بن، هەر چەندە ناکرێت لە ئەرك وکاریگەری ئەو ناوەندانە کەم بکرێتەوە، بەڵکو کاریگەری خۆیان هەبووە کە توانراوە لەو رێگایەوە ئافرەت لەو قاڵبە سونەتە داخراوەی خۆی بێتە دەرەوە و لە ناوەندێکی ئافرەتانە ئیش بۆ خۆی و مافەکانی بکات.

سەنتەر یان هەر رێکخراوێکی تایبەت بە ئافرەت لە لایەکەوە پشتگیری دەکرێن، بەڵام گرنگ ئەوەیە تا چەند کار بۆ بەرژەوەندییەکانی ئافرەت دەکەن، لێرەدا خاڵی گرنگ ئەوەیە پەیام و کارو چالاکییەکانی ئەو ناوەندانە بە پراکتیکی بتوانێت لە خزمەتی ئافرەت دابێت، خاڵێکی گرنگتر لەو بوارەدا ئەوەیە تاچەند دەسەلأتی سیاسی و حکومەت بە پیل داخوازییەکانی ئافرەتەوە دێن و گوێ بۆ داواکارییەکانیان دەگرن، لە هەموو ولأتێك یاسا دەتوانێ وەلأمدەری هەموو گرفتێکی کۆمەڵگە بێت و لە رێگای یاساییەوە دەتوانین کار بۆ مافەکانی خۆمان بکەین، دیارە وەك کاری سەرەکی ئەو سەنتەرو رێکخراوانە دروستکردنی گۆشارێکە بۆ سەر حکومەت بۆ گۆڕینی زۆربەی ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی ئافرەتدا نین و دیارە کار لە سەر ئەو بابەتەش کراوە، هەرچەندە گلەیی و گازندەیەکی زۆر لەو ناوەندانە دەکرێت کە بەرامبەر بە پرسی ئافرەت کەمتەرخەم بوون، بەلأم دەکرێت تێڕوانینێکی باشترمان بۆ ئەو بابەتە هەبێت و بزانین کە گرفتی سەرەکی تەنیا تایبەت بەو ناوەندانە نییە، بەڵکو زۆر هۆکاری تر هەیە کە کاریگەرییان لە سەر ئەو بابەتە هەیە، بۆ نموونە، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند هۆکار بکەین:

**یەکەم**: تاوەکوو ئێستاش جموجۆڵی ئافرەتان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پێی بوترێت "بزووتنەوە" و بێتە ناو ریزی ئەو جموجۆڵە رزگاریخوازانەی بە نێوی بزووتنەوەی کۆمەلأیەتی ئیش دەکەن و یەکدەنگ و یەکگرتوو هەوڵی چاکسازی بدەن، جموجۆڵەکانی ئافرەتان بەربلاّوە، داواکاریەکانیان یەك هەڵویستی تێدا بەدی ناکرێت، رێژەی ئەو ئافرەتانەی جموجۆڵیان زۆرە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن، هەر بۆیە ئافرەتان کەمتر لە دەوری بابەتی تایبەت بە خۆیان کۆدەبنەوە بۆ نموونە، یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی تایبەتە بە کێشەی ئافرەتان، توندوتیژییە، بەلأم ئایا ئەو مەسەلەیە تا چەند کاری بۆ کراوە، ئەگەریش کارکرابێت ، ئامانجەکانی چی بوون ؟

**دووەم** : دەتوانین بلّێین لاوازی سەنتەر و رێکخراوەکان تەنیا تایبەت بە خۆیان نییە ، چونکە کۆمەڵگەی کوردی تەنیا کێشەی تایبەت بە ئافرەتی نییە، بەڵکو زۆر کێشەی تری هەیە کە پەیوەندی بە هەموو تاکێکی کۆمەڵگە هەیە، سەرەڕای ئەوەش ئافرەت ناتوانێت بە تەواوی ئیش بۆ خۆی و کێشەکانی بکات، لەبەر ئەوەی وەك تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە بەرپرسە بەرامبەر هەر رووداو وکێشەیەك کە دێتە ئاراوە.

**سێیەم** : هەموو ئافرەتێك ناتوانێ رۆڵ و کاریگەری لە چارەسەری کیشەکاندا هەبێت، چونکە تەنیا بەشێکی کەم لە ئافرەتان لە شوێنە گشتییەکان و یان ئەو شوێنانەی تایبەتن بە کاروباری خۆیان بەشداردەبن، بەشێکی زۆر لە ئافرەتان لە ماڵەوە تەنیا سەرقاڵی ئیش و منداڵ بەخێوکردنن و بێبەشن لە پەیوەندییە گشتییەکان و تەنانەت تاڕادەیەکی زۆریش سەرچاوەیەکی سەربەخۆی ئابووریان نییە، بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن ، هەندێك لەو ئافرەتانە لە بواری کۆمەلأیەتیشدا پەراوێزکراون و خاوەنی بیروڕای خۆیان نین، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ لاوازبوونیان لە پرسە تایبەتییەکان، هەندێك جاریش بەربەستێکی زۆر هەیە لە نێو خێزاندا بۆ ئەوەی خۆیان پێبگەیەنن، بێگومان بەشداری بەرفراوانی ئافرەتان لەو

**شوینانەی کە ئیشیان بۆ دەکرێت ، دەتوانێ چارەسەری بەشێکی زۆر لە کێشەکانیان بکات .**

**چوارەم** : نەبوونی هەماهەنگی و زمانی پێکەوە بوون و بە هاوبەشی کارنەکردنی سەنتەرو رێکخراەکانی ئافرەتان کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ لاوازبوونی ئەرکەکانیان، سەرکەوتنی هەر گرووپ یان جولاْنەوەیەك لەوەدایە لە پێناو ئامانجەکانی هەولْبدات، هەروەها لەو رێگایەوە هانی خەلْك بدات بێنە ناو گۆرەپانی خەباتەوە، ئەو خەباتەش ئەو کاتەی کاریگەری خۆی دەبێت کە هاوبەشی و یەکدەنگی لە ناو سەنتەر و رێکخراوەکاندا هەبێت.

"**باربارا دی ئانجلێس**"نووسەری ئەمەریکی زۆر بە جوانی لە کتێبەکەیدا بە نێوی " **نهێنی سەرکەوتنی ئافرەتان لە کۆمەلْگەدا** "، باس لە هۆکاری سەرەکی لە لاوازی جموجۆلْی ئافرەتان دەکات و پێی وایە : **سەرنەکەوتنی ئافرەتان زیاتر بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ناتوانن بە یەکەوە و لە یەك گرووپدا کار بکەن،** هەروەها سەبارەت بە کارکردنی ئافرەتان بە یەکەوە دەلْێت :"**هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی گرووپێك لە ئافرەتان ئەوەیە وەکوو تیمێك کار بکەن، بەلاْم ئافرەتانی ئێمە لە سەر ئەو شێوازە رانەهاتوون، بە پێچەوانەوە پیاوەکان هەر لە مندالْییەوە بەو فکرە پەروەردە دەکرێن و ئەو جوولْە هاوبەشیە لە ناخیاندا دروست دەبێت، بەلاْم کچ هەر لە مندالْییەوە زیاتر بە شێوەی تاکەکەسی پەروەردە دەکرێت ، هەر بەم هۆیە کچ هەمووکات زیاتر بیر لەوە دەکاتەوە کە خۆی لەهەموو کەس باشتر بێت و تەواوی تەمەنی ژیانی بەو فکرەوە تێدەپەرێنێ .**

**هۆکاری دووەم** : ئافرەتان رێگایەکی گونجاویان بۆ سەرکەوتن هەلْنەبژاردووە، هەر بۆیە هەمووکات دەبینین پیاوان بە پێچەوانەی ئافرەتان لە بوارەکانی ژیانیاندا سەرکەوتووترن و زیاتر پێش دەکەون و هەر لەو روانگەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن کاریگەرییان لە پەرتەوازەکردنی خەباتی ئافرەتاندا هەبێت و لە لاوازی ئافرەتان بۆ بەرژەوەندی خۆیان سوود وەردەگرن .

**"باربارا"** لە لایەکی تردەڵێت : **"ئەگەر ئافرەتان کاتی خۆیان بە بیرکردنەوە بۆ ئافرەتانی تر تەرخان بکەن ، رێگای پێشکەوتنیان بۆ بەرفراوانتر دەبێت ."**

# ئافرەت و سیاسەت

پرسیارێك كه هەموو كات بۆته جێگای سەرنج ئەوەیە، بۆچی ئافرەت زۆر بەكەمی بەشداری سیاسەت دەكات؟ بۆچی كاروباری سیاسی تەنیا لە ئەستۆی پیاوە؟ ئایا ئافرەت توانای بەڕێوەبردنی كاروباری سیاسی هەیە؟، یان ئەوەتا پیاو پۆستە گرنگانەكانی قۆرخ كردووە ونایەوێ لەگەڵ ئافرەتدا بەشی بكات، یان ئەوەتا ئافرەت خۆی توانای بەڕێوەبردنی كاروباری سیاسی نییە.

لێرەدا خوێندنەوەیەك بۆ ئەو پرسیارانە ئەوەیە، ئایا بەشداری ئافرەت لە كاروباری سیاسی پێویستە یان نا؟ ئەگەر پێویستە، بۆچی ئافرەت بە رێژەیەكی كەم بەشداری لە كاروباری سیاسیدا دەكات؟ ئاستەنگەكان چین؟ ئایا ئافرەت خۆی بەرپرسە، دەسەڵاتی سیاسی، كۆمەڵگە یان خێزان؟ ئەو بابەتە پێویستی بە لێ وردبوونەوە هەیە، لە بەر ئەوەی هەموو ئەو هۆكارانە كاریگەرییان لە بەرەوپێشچوونی ئافرەت هەیە لە بواری سیاسیدا. لە لایەكی تر ئەگەر بەشداری ئافرەت لە كاری سیاسی پێویست نییە، كەواتا ناتوانین باس لە كۆمەڵگەیەكی پێشكەوتوو بكەین و دروشمی یەكسانی بەرز بكەینەوە. لە هەندێك كۆمەڵگەدا ئەگەر باس لە ئافرەتی سیاسی دەكرێت، تێڕوانینەكان بە شێوەیەكی راستەوخۆ دەبێتە بەربەست بۆ بەشداریكردنی ئافرەت لە كاروباری سیاسیدا، ئەوەش بە هۆی ئەو گومانانەی لە بەشداریكردنی ئافرەت لە كاری سیاسی هەیە، بە تایبەتی هەموو ئەو تێڕوانینانەی كە لە سەر بنەمای بیری پیاوسالاری دامەزراون. بە تێڕوانینی من بیركردنەوەی ئەو جۆرە كەسانەی كە توانای ئافرەت بە كەمتر لە پیاو دەزانن و پێیان وایە ئافرەت تەنیا بۆ ئیشی ماڵەوە گونجاوترە تا وەكو كاروباری سیاسی، لە قۆناغی ئەمڕۆی سیستەمی جیهاندا بیركردنەوەیەكی نەگونجاو و دوور لە راستییە، لە بەر ئەوەی ئەمڕۆ توانای بیركردنەوەی مرۆڤ حوكم دەكات و ئەوەش پەیوەندی بە جیاوازی رەگەزەكان نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە تا چەند دەرفەتی خۆپێگەیاندن هەیە.

هەلومەرجی سیاسی و بارودۆخی ژیان بە تایبەتی لە كوردستان بە جۆرێك بووە كە ئافرەت نەیتوانیوە بەشداری لە بواری سیاسی بكات و یان دەرفەتی خۆپێگەیاندنی هەبێت و یان درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە لە قۆناغە یەك لە دوای یەكەكانی

پرۆسەی سیاسیدا پیاو دەسەلآتی خۆی زیاترسەپاند و زیاتر توانی خۆی پێبگەیەنێت وئافرەت لەو نێوەدا بوو بە ئامرازێك بە مەبەستی پێگەیاندنی پیاو و گەیشتن بە دەسەلآت، لە هەمان کاتدا بە پێی توانای خۆی هەوڵیداوە بەرەوپێش بچێت و هەنگاوەکانی بەرەو قۆناغێك هەڵێناوە کە بتوانێ تواناکانی تا ڕادەیەك دەربخات و خۆی بسەلمێنێت، ئەگەر نەیتوانیبێت وەکو پیاو بەشداری لە سیاسەتدا بکات، بەلآم رۆڵێکی چالاکی هەبووە لە پرۆسەی سیاسی نەتەوەکەی، ئەگەر بەکەمیش بەشداری لە شەڕەکاندا کردبێت، بەلآم هەردەم پاڵپشتێکی بەهێزی پیاو بووە بۆ ئەوەی نەتەوەکەی سەربکەوێت و زۆر جاریش کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمنان و چەندین جار ئیهانە و سووکایەتی و توندوتیژی بەرامبەر کراوە، لە کاتێکدا هاوسەرەکەی پێشمەرگە بووە بە تەنیا ئەرکی پارێزگاریکردن و بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرتووە، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە کەمی ئەرك و ماندووبوونی بە هەند وەرگیراوە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە چەند هۆکاری تر بکەم کە بەربەستن لە بەشداری ئافرەت لە کاری سیاسیدا:

★- تێڕوانینە گشتییەکان  کە لە سەر بنەمای بۆچوونێکی پیاوسالاری بنیات نراون، هۆکاری سەرەکین لە بەردەم بەشداری ئافرەت لە کاروباری سیاسیدا و دەبنە ئامرازێك بۆ قۆرخکردنی دەسەلآتی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، هەندێك لە داب و نەریتەکانیش رۆڵی سلبیان هەبووە لە بەرەوپێشچوونی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا.

★-  کاری سیاسی پێویستی بە تێکەلأوبوونی زۆرە، ئەو تێکەلأوییە تا وەکو ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نییە و لەگەڵ داب و نەریت و کولتووری ئێمەدا ناگونجێ، بۆیە ئافرەت زۆر خۆی تێکەلأوی سیاسەت ناکات.

★-  دابەشکردنی کار بە بە پێی جیاوازی ڕەگەزی، ئەمەش بۆتە  رێگر لە بەردەم کاری ئافرەتدا ، هەموو  کارە گرنگەکانی کۆمەڵگە وەك کاری سەرکردایەتی و بالأدەستەکان بە پیاو بەخشراوە و ئافرەت زۆر بە کەمی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی یان

دەسـەڵاتی پێـدەدرێت، ئەگـەر ئـەو هەلومەرجـەی بـۆ پیـاو رەخسـاوە بـۆ ئـافرەتیش رەخسابا، ئافرەتیش دەیتوانی بە باشی پێگەی خۆی لە ناو کۆمەڵگەدا بەهێز بکات، لە کۆمەڵگەی پیـاو سـالاردا پیـاو باڵادەسـتە، بۆیـە تـاوەکو ئـەو دەسـەڵاتە زیـاتر بمێنێـت، رەوشی ئافرەت هەر بەم شێوەیە دەبێت .

٭- ئـافرەت خـۆی هۆکـارە بـۆ ئـەو مەبەسـتە، گەیشـتن بـە پۆسـتێکی سیاسـی یـان سەرکەوتنی ئافرەت لە بواری سیاسیدا تەنیا بە یەك کـەس ناکرێـت، بـەڵکو پێویسـتی بە پاڵپشتی گرووپی هەیـە، بۆیـە بـۆ بەرەوپێشچوونی ئـافرەت لـەو بـوارەدا پێویسـتە هاوکاری و هەماهەنگییەك لە نێو ئافرەتاندا هەبێت ، لە بەر ئەوەی دەنگێـك نـاتوانێ ئـەو کاریگەرییـەی وەکـو کۆمەڵـە دەنگێـك هـەبێت. لـە نێـو ئافرەتانـدا هۆکـاری سـەرکەوتنی پیـاو لـە کـاری سیاسـیدا زیـاتر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە پیـاوان لـە پێکهاتەیەکدا کار بۆ سەرکەوتنی یەکتر دەکەن، بەڵام ئافرەت تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە ئەو پێکهاتە دروست بکات، کاتێـك دەبیـنین ئافرەتێـك دەیـەوێت سـەر بکـەوێت ئـەوە کۆمەڵێك دژایەتی بۆ دروست دەبێت، لە دروستکردنی بەربەست و یان بە ناوزڕاندنی، هەندێك جاریش ئەو کۆسـپانە لـە هاوڕەگەزەکانیـەوە بـۆی دروسـت دەبێـت، هەنـدێك جار ئافرەت دژ بە هاوڕەگەزی خـۆی دەوەسـتێ، هـەر بۆیـە زۆر جار گوێبیسـتی ئـەوە دەبین کە ئافرەت خۆی بەربەستە بۆ سەرکەوتنی خۆی.

٭- خـاڵێکی زۆر گرنگـە ئەوەیـە کـە ئـافرەت بـە حـوکمی ئـەوەی لەگـەڵ توندوتیژیـدا نامۆیە، بەردەوام خۆی دوورەپەرێز گرتووە لە چەك و شەڕ و تەقەمـەنی، ئـەوەش لـە ژیانیـدا رەنگـی داوەتـەوە. ململانێـی سیاسـی زۆر جـار دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی چەندین کێشە وگرفت و ئاژاوە، بۆیـە ئـافرەت تـا بـۆی کرابێـت خـۆی لـەو ململانێیـە دوورەپەرێز گرتووە، لە بەر ئەوەی لەگەڵ سروشتیدا ناگونجێ.

٭- وەك خـاڵێکی تـر کـە دەتـوانین باسـی بکـەین ، ئـەویش بـواری رۆشـنبیری سیاسـی ئافرەتە، بەو مانایەی ئافرەت بەداخـەوە زۆر بـە کـەمی کـار بـۆ رۆشـنبیرکردنی خـۆی دەکـات، بـە تایبـەتی لـە بـواری سیاسـیدا، ئەگـەر کەسـێك ئاگـاداری زروفـی سیاسـی وڵاتەکـەی نـەبێت و نـەزانێ بـارودۆخی سیاسـی وڵاتەکـەی لـە چ بوارێکدایـە، چـۆن

دەتوانیٚ بەشداری کارای هەبێت لە سیاسەتدا، ئەوەی رۆژانە لە زۆربەی ئافرەتان گوێبیستی دەبم، بواری سیاسی بە بوارێکی وشك دەزانن و پێیان وایە کارکردن لە سیاسەت ناتوانیٚ ئەو ئامانجەیان بۆ بێنێتەدی کە خۆیان حەزیان لێیەتی، بەلاٚم بەڕای من دوورکەوتنەوە لە سیاسەت واتا تێنەگەیشتنە لە دەوروبەر، لە خۆت، چونکە تۆ بەشێکی لەو ولاٚتە کە پێویستە ئاگاداری بارودۆخی بیت، بۆیە هەمووکات کەسانی سیاسی لێکدانەوەی باشتریان بەرامبەر ئەو شتانە هەیە کە لە دەوروبەریان روودەدات و تێڕوانینیی زانستییانەیان بەرامبەر چارەنووسی ولاٚت هەیە. ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە پەیوەندی بە رۆشنبیری مرۆڤەوە هەیە، مرۆڤی رۆشنبیر هەموو کات دەتوانیٚ کاریگەری لە سەر گۆڕینی بیرو هزری تاکدا هەبیت، ئەو گۆڕانکارییەش تیڕوانینەکان بەرامبەر بە ئافرەت دەگۆڕێت و زیاتر لە بەرژەوەندیدا دەبن. دیارە دەتوانین هەندێك جار ئاماژە بە رۆڵی پیاویش بکەین کە کەمتەرخەم بووە لە بواری ئیشی سیاسی ئافرەتدا.

لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپ و هۆکارانەی لە بەشداری کاری سیاسی بۆ ئافرەت دێتە پێش، بەلاٚم بۆ کارکردنی لەو پرۆسەیەدا بەردەوام هەوڵیداوە، لە پێناو وەدەستهێنانی پۆستە گرنگەکان و بەردەوام رکەبەرایەتی پیاوی کردووە، بەتایبەتی لە رۆژئاوا کە لێهاتوویی ئافرەت زیاتر دەردەکەوێت، "**ئەنجیلا میرکل** " راوێژکاری ئەڵمانی تەمەن(٥٠ )ساڵ کە دکتۆڕای هەیە لە فیزیاو لە نێوان رێبەرانی هەشت (٨) ولاٚتی پیشەسازی لە جیهان بە یەکەم ئافرەتی رێبەر دەناسرێت."**کوندالیزا رایس**" وەزیرەی پێشووی دەرەوەی ئەمەریکا، لێهاتوویەکی زۆری لەو بوارەدا نیشاندا و لە ریزی ئافرەتە سەرکەوتووەکانی جیهانە، هەروەها وەرگرتنی پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە لایەن "**هیلاری کلنتون**" بۆ ولاٚتێکی زلهێزی وەکو ئەمەریکا سەرکەوتنێکی بەرچاو بوو، کە بە هەنگاوێکی مەزن دەزانرێت بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا ئافرەت پۆستی گرنگتر وەربگرێت و وا چاوەڕوان دەکرێت سەرۆك کۆماری داهاتووی ئەمەریکا ئافرەت بێت... بە پێی لێکۆڵینەوەکانی بواری سیاسی ساڵی ٢٠٠٥ بە ساڵی زیادکردنی دەسەلاٚتی سیاسی ئافرەتان لە جیهان دەناسرێت، بۆنموونە "**میشل**

**پاچـلت**"سـەرۆك كۆمـاری "**شـیلی**" كـە ڕێبــەری خــەباتگێڕانی ئـەو وڵاتەیــە، لـە هەڵبژاردنــەكانی سـەرۆك كۆماریـدا تـوانی لـە نێـوان(١٦) میلیـۆن كـەس سـەركەوتن بەدەست بهێنـێ. " **ئـالن جانسون سیرلیف**"سـەرۆك كۆمـاری "**لیبریـا**" ،ئـەو ئافرەتـە یەكـەم سـەرۆكی هەڵبـژێردراوی ئەفریقیایــە ... وڵاتــانی" **نیوزلەنــدا، ئوسـترالیا و فنلەندا**" رابردوویەكی زۆرتریان هەیە لە بەشداریكردنی ئافرەت لە كاروباری سیاسی. ئۆسترالیا یەكەم وڵات بوو كـە لـە سـاڵی ١٩٠٢ مـافی دەنگدانی بـە ئافرەتـان بەخشی و ڕێگایان پێـدرا خۆیـان بـۆ هەڵبـژاردنی پەرلـەمان بپـاڵێون، ئافرەتـانی نیوزلەنـدی لـە سـاڵی ١٨٩٣ خـاوەنی مـافی دەنگـدان بـوون، بـەلاّم نەیانـدەتوانی بـۆ هەڵبژاردنــەكانی پەرلـەمان خۆیـان بپـاڵێون، لـە سـاڵی ١٩١٩ لـە فنلەنـدا (١٩) ئـافرەت توانیـان بچـنە نـاو پەرلەمانەوە، لە "فنلەندا" "**تارجاهالونن**"لـە دایكبـووی ١٩٤٣ تـوانی پۆسـتی سـەرۆك كۆمـاری بـۆ دووەم جـار لــە(١٥ )كـانونی دووەمــی **٢٠٠٦** وەربگرێـت، لـە بـنگلادیش "**خالدەزیا**"لە سـاڵی ٢٠٠١ تـوانی پۆسـتی سـەرۆك وەزیـران وەربگرێـت، لـە پاكسـتان " **بێنەزیر بۆتۆ**" كە یەكێكە لە ئافرەتە ناودارەكانی رۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـت لـە پاكسـتان لە بواری سیاسیدا پۆستی سـەرۆك وەزیـری لـە سـاڵی ١٩٨٨ وەرگرتـووە و تـا سـاڵی ١٩٩٠ لەو پۆستە مایەوە، بـۆ جاری دووەم لـە سـاڵی ١٩٩٣- ١٩٩٦ ئـەو پۆسـتەی وەرگـرت و لـە ساڵی ٢٠٠٧ لە شاری ڕوالبەندی تێرۆر كرا. لە باكووری ئیرلەنداش "**مری مك ئـالیس**" لە ساڵی ١٩٩٧ تاوەكو ئیستا سەرۆك كۆمارە، لە فیلیپین "**گلوریا ئـارویو**"لـە دایكبـووی ساڵی ١٩٤٧ لە ساڵی ٢٠٠١ توانی پۆستی سەرۆك كۆماری وەربگرێت، لە وڵاتێكی بچووك لــە ئــەفریقیا "**ماریادوكــار موســیلویرا**" تەمــەن(٤٥) ســاڵ، ســەرۆك وەزیــری "**سائوتومەیە**"، لە كۆماری "**لاتویا**" لە باكووری ئەورووپا "**وایك فریبرگای**" (٦٩) ساڵ ، لـە سـاڵی ١٩٩٩ تـوانی پۆسـتی سـەرۆك كۆمـاری وەربگرێـت، لـە "**موزامبیـك**" لـە ئەفریقیا "**لوئیس دیـاس دیوگۆی**"تەمـەن( ٤٨ )سـاڵ، لـە سـاڵی ٢٠٠٤ یەكـەم سـەرۆك وەزیری ئافرەتی ئەو وڵاتەی وەرگرت.

لـە كوردسـتان تـاوەكو ئێسـتا ئـافرەت بەرێژەیــەكی كـەم گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی بەرپرســیاریەتی بــەرز وەربگرێــت، لەگــەڵ ئەوەشــدا جێگـای دڵخۆشــییە، ئــەمڕۆ

توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ و گەشبینم بەوەی کە لە داهاتوودا دەتوانێ زیاتر بەرەوپێش بچێت، بە مەرجێ بتوانێ لێهاتوویی و تواناکانی زیاتر دەربخات. ئەمڕۆ ئافرەتی کورد لە شوێنی بڕیاردان رۆڵێکی گرنگی هەیە و لە بواری یاساییدا ئیش بۆ مافەکانی خۆی دەکات و تا ڕادەیەك توانراوە گۆڕانکاری لە رەوشی ئافرەتدا دروست بێت، بەڵام هەنووکە بەشداریکردنی ئافرەت لە ناوەندی سیاسیدا دەبێ بە قۆناغێکی تردا تێپەرێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئافرەت هەردەم پاڵپشتێکی بەهێزی پیاو بووە، بۆ سەرکەوتنی لە ژیاندا تا بە ئامانجەکانی بگات و پلەو پایەی لە کۆمەڵگەدا بەرز بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم شانبەشانی پیاو بۆ داخوازیەکانی گەلەکەی خەباتی کردووە، بەڵام وەکو باسم کرد زۆر بەکەمی ئەو ماندووبوونەی بە هەندوەرگیراوە. لە سەردەمی نوێخوازی و پێشکەوتندا ئافرەتی کورد بەردەوام لە ململانێ دابووە لە پێناو بنیاتنانی یەکسانی و نەهێشتنی دیاردەی جیاوازی رەگەزی لەگەڵ پیاودا، دیارە بۆ هەر هەوڵ و خەباتێکی ئافرەت پاڵپشتی پیاو زۆر گرنگە، بەڵام پیاوانی ئێمە تاچەند پاڵپشتی ئافرەتیان کردووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، هەر چەندە حاکمیەتی پیاوسالاری لە بیرو هزری کۆمەڵگە رەگی داکوتاوە و لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئافرەت تەنیا ئەرکیماڵداری و بەخێوکردنی منداڵی لە ئەستۆیە ، بەڵام لە لایەکی تر لێهاتوویی و چالاکی ئافرەت لە بواری ئیشکردندا زۆر لەو بۆچوونانەی پوچەڵ کردۆتەوە، کە پێیان وایە ئافرەت ناتوانێ لە بەڕێوەبردنی ئەرکە سیاسییەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

باس لە نموونەیەکی لێهاتوویی ئافرەت لە بواری سیاسیدا دەکەم، لە ساڵی ٢٠٠٥ کاتێك "**میشل پاچلت**"وەك ئافرەتێك توانی لە نێو( ١٦)میلیۆن کەس پۆستی سەرۆك کۆماری "شیلی"وەربگرێت، کە یەکێکە لە ویلایەتەکانی ئەمەریکای لاتین، زۆر کەس گومانی لەوە دابوو چۆن ئافرەتێك لەو هەلومەرجەی وڵاتی "شیلی" دەتوانێ سەرکەوتن وەدەست بهێنێت، لە پێش "**میشل**" سێ ئافرەتی ترلە وڵاتی ئەمەریکا توانیان ئەو پۆستە وەربگرن، وەك "**جانت جاگان**" لە "**گینە**" ، "**میریا موسکوز**"لە "**پاناما**" و "**یولتا**" لە"**نیکاراگۆئە**"، بەڵام ئەو ئافرەتانە زیاتر بە هۆی ناوبانگی هاوسەرەکانیان

بەو پۆستە گەیشتبوون، تەنیا "**میشل" نەبێت کە بە توانایی و چالاکی خۆی توانی ئەو پۆستە وەربگرێت، لە بەشێکی وتەکەی دەڵێ:" من ئافرەتێکی خەڵکی "شیلیم، نە زیاتر و نە کەمتر وەکو ملیۆنها هاوڵاتی خۆم ئیش دەکەم و ئاگام لە ماڵ و خێزانەکەمە وکچەکەم دەگەیەنمە مەکتەب و تێدەکۆشم بۆ مافی یەکسانی و خزمەتی کۆمەڵایەتی**". هەروەها لە بەرامبەر ملیۆنها کەس لە لایەنگرانی خۆی لە "سانتیاگۆی" پایتەختی "شیلی" گوتی: " **هاوڕێیانم! بیست ساڵ لەمەوبەر چ کەسێك بیری لەوە دەکردەوە خەڵکی شیلی ئافرەتێك بە سەرۆك کۆماری خۆیان هەڵبژێرن، ئێستا ئەمە روویداوە کە داخوازی هاوڕێیەکانم بوو، زۆر سوپاستان دەکەم و لە گەڵ ئێوەدا بەرەو شەقامە بەرفراوانەکەی ئازادی هەنگاو دەنێین و وێنای دەکەین...**

"**سگولن رویال**" ئەو ئافرەتە، پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری فەرەنسا بوو کە نەیتوانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، هەرچەندە "**فرانسیس هلند**"ی هاوسەری زۆر یارمەتیدا بۆ ئەوەی "**سگولن**" ئەو پۆستە وەربگرێت، بەلاَم لە وەلاَمی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە ئایا لەدوای سەرکەوتنی "**سگولن**" دەتوانێ وەك هاوسەری سەرۆك کۆمارێك لە گەڵیدا بژیت، وتی: "لە کاتی هەڵبژاردنی "**سگولن**"بەنیاز نیم لە "ئەلیزە" لە گەڵیدا ژیان بەسەر بەرم ، لەبەر ئەوەی سگولن بۆ پێنج ساڵ بەرپرسیەتییەکی گەورەی لە ئەستۆیە کە خۆی لێی بەرپرسە ".

لە گەڵ پالاَوتنی هەر ئافرەتێك بۆ هەڵبژاردنە سیاسییەکان کۆمەڵێك بەربەست دێنە ئاراوە ، وەکو کێشەی "**هیلاری کلنتۆن**"وەك ئافرەتێك لەو کاتەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا هەڵدەبژارد رووبەڕووی بۆوە،"**هیلاری**" دەڵێ: "**خەڵك لە جیاتی زیاتر بایەخ بە لایەنە سیاسییەکە بدەن، زۆرجارخۆیان لە ژیانی تایبەتی ئەو ئافرەتە هەڵدەقورتێنن، لە شێوەی جل وبەرگ و قسەکردن و تەنانەت ژیانی خێزانی**".

"**هیلاری**" پێی وایە تاوەکوئێستا بە سەر نیگای گومانـاوی خـەڵکی ئەمـەریکادا زاڵ نـەبووە، کـە ئایـا لـە مێـژووی وڵاتـی ئەمـەریکادا ئافرەتێـك دەتـوانێ ئـەو پۆسـتە وەربگرێت ؟

"**هیلاری**" دەڵێ: **کاتێك بۆ بەرگریکردن لە بەرنامەیـەك لـە کۆنگرە قسـەم دەکـرد، پیاوەکانی نوێنەر لەو دانیشتنەدا لە جیاتی سەرنج بدەنە قسەکانم، بە لایانەوە سەیر بوو کە ئافرەتێکیش دەتوانێ بەم شێوەیە بەباشی قسە بکات**".

نموونەیەکی تر لە سەر"**یولیا تیموشنکو**" بـاس دەکـەم ، کـە بـۆ جـاری دووەم پۆسـتی سـەرۆك وەزیرانـی وڵاتـی "ئـوکراینی" بەدەسـت هێنـا، ئـەو ئافرەتـە بـەو رووخسـارە سـەرنج راکـێش و رازاوەی یەکێکـە لـە کەسـایەتییە ئـاڵۆز و کاریگەرییانـەی وڵاتـی "ئوکراین". "**یولیا**" تواناکانی خۆی لە کاری بازرگانی وەگەڕخست، دوایـی هاتـە نێـو مەیدانی سیاسییەوە و بوو بە یەکێك لە بەرهەڵستکارانی سەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە و خـەباتی کـرد تـا گەیشـتە ئـەو قۆناغـە ، هـەر چـەندە "**یولیـا**" لـە سـەر ئـەو باوەڕەیە:"**سیاسەت جۆرێکە لە بازرگانی کـە دەبـێ سـەرمایەکی باشـی بـۆ تـەر خـان بکرێت**"، بەڵام ئەو قسەیە بوو بە هۆی ئـەوەی رخنـەی لـێ بگیرێـت، لەگـەڵ ئەوەیـدا ئەو ئافرەتە رۆژانە رووبەڕووی بەربەستێکی زۆر دەبێتەوە، بەڵام لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوامە و راشکاوانە رایگەیاندووە کە دەیەوێ لە دوارۆژدا خۆی بۆ پۆستی سـەرۆك کۆماری ئەو وڵاتە هەڵبژێرێت.

لێهاتوویی ئافرەت رۆژ لـەدوای رۆژ زیـاتر دەردەکـەوێت، بـەڵام هەنووکـە پیـاو حـەز ناکات پۆستە گرنگـەکانی لەگـەڵ ئافرەتـدا بـەش بکـات، بۆیـە کۆمەڵگـە دەبـێ بـۆ ئـەم مەبەسـتە خۆئامـادەکردنی زیـاتری هـەبێت، هەرچـەندەکۆمەڵگە لـە گـەڵ گۆڕانکارییەکاندا دەچێتە پێش، بەڵام هاوسەنگبوونی ئافرەت لە گەڵ پیاو لەو بوارەدا گرنگ نییە، بەڵکو ئافرەت دەبێ دوو ئەوەندەی پیاو لێهاتوویی و تواناکـانی دەربخـات، بـۆ ئـەوەی لـە کۆمەڵگـە دانـی پیانرێـت، ئەگـەر ئـافرەت شانسـی سـەرکەوتنی لـە هەڵبژاردنەکانیشدا نەبێت، لە کایەی سیاسیدا تەنیا بە بەشداریکردن و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنێکی گەورەی مسۆگەر کردووە، ئەگەر رووبەڕووی بەربەستێکی

زۆریـش بێتـەوە، گـرنگ ئەوەیـە بـوونی هـەبێت. هەرچـەندە ئـافرەت لـە مەیـدانی سیاسیدا کەمتر لە پیاو شانسی سـەرکەوتنی هەیـە، بـەلأم بـە پێچەوانەی پیـاو تـا بـە ئـەمڕۆش هەڵبـژاردنی دیموکراسییانەی پـێ باشـترە لـەوەی کـە بـە کودەتـا یـان شـەڕ دەسـەلأت بگرێتـە دەسـت. سـەرەڕای ئـەوەی ئـەمڕۆ جیهـان تینـوی یەکسـانی و دادپەروەرییـە، ئـافرەت دەتـوانێ بەڕێوەبـەرێکی دڵسـۆز بێـت و وەکـو منداڵـەکانی پارێزگاری لە نەتەوەکەی بکات، ئـەوەش وتـەی چـەندین کەسایەتی سیاسـییە کـە لـە بارەی ئافرەت وتوویانە.

ئـافرەت بـۆ گەیشـتن بـە ئامـانج و داخوازییـەکانی لـە بـواری سیاسـیدا پێویسـتی بـە هەندێك گۆڕانکاری هەیە کە بەرەو قۆناغێکی باشتری بڕوات، لەوانە :

- **بە نیسبەت ئافرەت لەو قۆناغەی ئێستایدا زۆر گرنگە ئاستی رۆشنبیری بەرز بێت** ، بۆیە دەبێ زیاتر پەرە بە توانای فکری خۆی بـدات، ئـافرەتی رۆشـنبیر کاریگەری لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا هەیە بە تایبەتی لە بواری سیاسیدا .

- **پاڵپشتییەکی بەهێز لە لایەن پیاو، لە لایەنی مادی و لایەنی مەعنەوی**، بـۆ ئەوەی ئافرەت هانبدرێت زیـاتر پـەرە بـە تواناکـانی خـۆی بـدات و بەشـداری بوارە پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگە بکات .

- **یەکـدەنگی و یـەك هەڵوێسـتی ئافرەتـان** کـە وەك بزووتنەوەیـەکی ئافرەتـان ئیش بکەن و هەموو ئافرەتە لێهاتوو و چالاك و بـە تواناکـانی ئـەو بـوارە لـە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

- **هەستی بـاوەڕ بـە خۆبـوون لـە نێـو ئافرەتانـدا لـە بـەڕێوەبردنی کاروبـاری سیاسی** ، ئەو هەستە دەبێ لـە نـاو بـیر و هـزری ئـافرەتی کـورد بچەسـپێ کـە

بتـوانێ بـەرگری لـە خـۆی بکـات و ئـەو گومانانـەی لـە بـەڕێوەبردنی کـاری سیاسی رووبەڕووی دەبێتەوە پوچەڵ بکاتەوە .

- **ئافرەت نابێ زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری ئارەزوو و داخوازییەکانی بێت**، بە تایبەتی لە دوای شووکردن، ئافرەت ئەوەندەی زیاتر بیر لە ئەرکی ماڵداری و بەخێوکردنی منداڵ دەکاتەوە، بیر لە خۆی ناکاتەوە و ئەو توانایەی هەیـەتی دەیکاتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خێزانی و ئەو کاتـەی دەیـەوێت ئاوڕێك لە خۆی بداتەوە کاتێکی زۆر تێپەڕیەوە، ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ نـەبوونی پیلانێکی تایبەت بۆ ژیـان. دیـارە ئـەرکی ماڵـداری و پـەروەردەکردنی منـداڵ ئەرکی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە ئافرەت پێویستە ئـەنجامی بـدات، بـەڵام بەرژەوەندییەکانی خۆشی دەبێ لە بەر چاو بگرێت و بتوانێ هاوسەنگییەك لە نێوان کاری ماڵەوە و بایەخدان بە خۆی دروست بکات و کەسێکی چالاك و لێهاتووش بێـت لـە کـاری دەرەوە. وەکـو لـە پێشـدا باسـم کـرد، کـارکردنی ئـافرەت لـە دەرەوە دەتـوانێ زۆربـەی کێشـەکانی خێزانـی چارەسـەر بکـات و سەرەڕای ئەوەش کاریگەری لە باشتر بوونی هەسـتە دەروونییـەکانی هەیـە و زیاتر هەست بە ئاسوودەیی دەکات، ئافرەتی سەرکەوتوو لە ژیـانی خێزانیـدا، بە بەڕێوەبردنی کاری رۆژانەی کۆمەڵایـەتی لـە سـەر بەرنامەیـەکی توکمـە و پوختە و داڕێژراو دەتوانێ ئەزموونێکی بـاش وەدەسـت بێنـێ، بـۆ ئـەوەی لـە بوارەکانی تری ژیانیش سەربکەوێت، بە تایبەتی لە بواری سیاسیدا .

# ئافرەتان پێشەنگی ئاشتین

خەباتی ئافرەت تەنیا لە چوارچێوەی داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیدا کۆ نەبۆتەوە، بەڵکو بەردەوام چالاك و بوێرانە خەباتی بۆ بنیاتنانی ئاشتی و تەبایی لە جیهاندا کردووە و لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤایەتی هەوڵیانداوە و زۆرجاریش خۆی کردۆتە قوربانی لە پێناو ئەو ئامانجەدا، هەر چەندە بە دەیان جار رووبەڕووی کۆسپ و تەگەرە بۆتەوە ، بەلاَم هیچ کات لە خەبات سڵی نەکردۆتەوە، تا ئەو کاتەی بە ئامانجەکەی گەیشتووە. ئامانجی ئافرەت لە ژیاندا هەمووکات تەبایی و ئاشتی بووە تا ئەو جێگایەی بۆی کرابێت، هەموو هەوڵەکانی لە ژیاندا ئەوە بووە گرفتەکان لە ریگای ئاشتییانەوە چارەسەر بکات، تا ئەو رادەیەی خەلاَتی نوبڵی ئاشتی جیهانی وەرگرتوە.

سەرەتای بیرۆکەی وەرگرتنی خەلاَتی نوبڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی بزووتنەوەیەکی نێودەوڵەتی دژی شەڕ لە دەیەی ١٨٩٠دامەزرا و "ئەلفرید نوبڵ " لە رووی ئابوورییەوە یارمەتی ئەو بزووتنەوەی دەدا، تاوای لێهات لە سەر بڕیاری خۆی هەرکەسێك لە جیهاندا خەبات بۆ ئاشتی بکات ئەو خەلاَتەی پێ ببەخشرێت، هەر چەندە دوایی ئەو خەلاَتە بە هەموو ئەو کەسانە بەخشرا کە لە رووی ئەدەبی و زانستییەوە داهێنانیان کردووە و خزمەتیان بە میللەتەکەیان گەیاندووە. لە ساڵی ١٩٠١ یەکەم خەلاَت بە هاوبەشی بەخشرا بە "جان هانری" لە سویس" و "فردریك پاسی" لە فەرەنسا، ئەو خەلاَتە تا بە ئەمڕۆ بەردەوامە و لە نێوانیاندا تەنیا بە ١٢ ئافرەت بەخشراوە، لێرەدا دەمەوێت ، بەکورتی ئاماژە بە ناو و هۆکاری بەخشینی ئەو خەلاَتانە بکەم کە لەو ماوەیەدا بەو ئافرەتانە بەخشراوە:



**ساڵی ١٩٠٥**

"**بارونس برتا فون سانتر**" بە هۆی هەوڵە بەردەوامەکانی لە پێناو دامەزراندنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازانە، یەکێك لە گەورەترین دەستکەوتەکانی ئەو ئافرەتە نووسینی رۆمانێك بوو بە نێوی "چەکەکانتان دامالن"کە هەمووی دژی شەڕ بوو، دوایی هاتە ناو ریزی بزووتنەوەی ئاشتیخواز. "**بارونس**" زۆربەی ژیانی خۆی لە ئاوارەگی وڕاکردن بەسەربردووە، لە بەرئەوەی کارەکەی پێچەوانەی بیروباوەڕی خێزانەکەی بوو کە ساماندارو نیزامی بوون، تەنانەت ئەو کاتەی خەلاتی پێ بەخشرا، ئەو لە شوێنی خۆی رای کردبوو.

لە وتارێکدا کە بۆ ئەم مەبەستە بۆ بارونسی ئامادەکرابوو دەوترێت:" **ئەو ئافرەتە رۆڵێکی گرنگی لە بەرفرانبوونی ئاشتی لە جیهاندا هەبووە ، ئەو کەسێك بوو کە لە نیزامی ترین ولاتی ئەورووپی دروشمی مردن بۆ چەکی هەڵگرتبوو** ".



**ساڵی ١٩٣١**

"**جین ئادامز**" بەهۆی هەوڵدانی لە پێناو راگرتنی شەڕی جیهانی یەکەم . ناوەندی بەخشینی خەڵاتی ئاشتی لە نەرویج بۆ بەخشینی ئەو خەڵاتە بۆ "**جین ئادامز**" ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بوو، لە بەر ئەوەی " **جین** " لەو کاتەدا بە هۆی نەخۆشییەوە لە خەستەخانە کەوتبوو، نەیدەتوانی بەشداری لەو ڕێوورەسمە بکات ، نەخۆشی "**جین**" تا چوارساڵ دوای خەڵاتەکەی بەردەوامبوو، هەر بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە گیانی لە دەستدا ، جێگای ئاماژەیە کە ئەو خەڵاتە بە هاوبەشی لە گەڵ "**نیکلاس باتلر**"بوو.

پرۆفیسۆر "**هالودان کوت** " زۆر بە شانازییەوە لە وتارێکدا باس لە " **جین ئادامز** " دەکات ، هەروەها ئاماژە بە ڕێبەرانی کۆنگرەی نێودەوڵەتی ژنان دەکات کە لە کاتی شەڕ لە ساڵی ١٩١٥ لە "لاهە" لە دەوری یەك کۆببوونەوە. "**جین** " هەر لەو کاتەوە هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ دامەزراندنی ئاشتی لەکاتی شەڕدا، لە راستیدا "**جین** " وتەبێژی ژنانی ئاشتیخوازی دونیا بوو، هەروەها دامەزرێنەری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئافرەتان بۆ ئاشتی و ئازادی .

**ساڵی ١٩٤٦**

**"ئیمیلی گرین بالچ "** بـە هـۆی دارِشـتنی بەرنامەیـەك بـۆ جێگیربـوونی ئاشـتی لـە جیهاندا .

**"ئیمیلی"** یەکێك بوو لە هاوکارەکانی **"جین ئادامز "** و لـەو کۆمەڵگـە نێودەوڵەتییـە ئیشی دەکرد کە **"جین "** لێی بەرپرسی بوو، لـە دواییـدا ئـەو بـوو بـە بەرپرسـی ئـەو شوێنە و لەو ساڵەدا بە هاوبەشی لەگەڵ **" جان مات"** ئەو خەڵاتەی وەرگرت.





**ساڵی ١٩٧٦**

**" بتی ویلیامز و مرید کاریگان"** بە هۆی نواندنی ئازایەتییان بۆ راوەستانی شـەڕ لـە ئیرلەندا

ئەو دوو ئافرەتە دەیانزانی کە خەڵکی ئاسایی دەتوانێ کاریگـەری بـۆ وەسـتانی شـەڕ و بەرەوپێشـبردنی ئاشـتی لــە جیهانــدا هــەبێت، ئــەوان ئازایانــە هــەنگاویان دەنــا و رووبــەڕووی دەوڵــەتی بــەریتانیا بوونــەوە، ئــەو کارەیــان بــە نێــوی مرۆڤایــەتی و خۆشەویستی ئەنجامدا و وەك چرایەك لە نێو تـاریکی بـۆ ئیرلەنـدا درۆشـانەوە، بـەڵام دوایی بەرەبەرە ئەو هەنگاوە بەرەو کـزی رویشت، **"بتـی"** ناچـار رووی لـە ئەمـەریکا کرد و لە زانکۆیەك وانەی دەوتەوە و چەندین وتاری لـە بـارەی ئاشـتی هـەبوو، بـەڵام

"**مرید کاریگان**"هەر لەو ڕێکخراوە ئاشتیخوازییە لە "**بلفاست**" مایەوە و بە شێوەیەکی کاریگەر پەیامی "**خەبات دژی توندوتیژی**" بە جیهان ڕاگەیاند .



**ساڵی ١٩٧٩**

"**مادێر ترزا**" بە هۆی ڕێزگرتنی لە رووحی بەرزی مرۆڤایەتی لە ولاّتی هیند. ئەو ئافرەتە مەزنە بێ گوێدان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە، تەواوی ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی چینی هەژاری کۆمەلگە و خەڵکانی نەخۆش لە "**کلکەتە**"، ئەو کارەی کاریگەرییەکی زۆری لە سەر دەروونی ئەو خەڵکانە هەبوو، ئەوەش خزمەتێکی گەورەی مرۆڤایەتی بوو.

**ساڵی ١٩٨٢**

"**ئالوا میردال**"بە هۆی هەوڵەکانی لە بزووتنەوەیەکدا بۆ نەهێشتنی چەك لە سوید . ئەو خەلاّتە لەو ساڵەدا بە هاوبەبەشی بەو ئافرەتە و "**ئالفونسوگاری**" لە مکزیك بەخشرا، بەهۆی ڕێزگرتن لە هەوڵەکانیان بە مەبەستی داماڵینی چەك ، "**میردال**"



بەرپرسی لیژنەیەکی سویدی بوو بۆ دامالینی چەك لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و کتێبێکی گرنگی لەو بارەیەوە نووسی، جموجولە کۆمەلایەتییەکانی "**میردال**" لە دەیەی ۱۹۳۰ دەستی پێکرد، هەروەها لایەنگرێکی بەهێزی مافەکانی ئافرەتان بوو.



**سالی ۱۹۹۱**

"**ئاونگ سان سوکی**" بە هۆی خەباتی لە رێگای ئاشتیدا ، لە ولاتی "**برمە**" لە کاتی بەخشینی ئەو خەلاتە " **سان سوکی** "لە ناو زیندانی دیکتاتوری "**برمە**"لە میانمار بوو ، لە جیاتی ئەو هاوسەر و دوو کوڕەکەی لە کاتێکدا وێنەکەی"سان سوکی"یان بە

دەستەوە گرتبوو لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریان کرد، ئەگەر چی "سان سوکی " نەیتوانی بەشداری لە وەرگرتنی خەڵاتەکەی بکات، بەڵام هاوسەرەکەی ٢٤ کاتژمێر پێش وەرگرتنی خەڵاتەکە هەموو وتار و وتەکانی لەکتێبێکدا بە نێوی "**رزگاربوون لە ترس**" بە چاپ گەیاند، بۆ ئەوەی چیتر دوژمنان نەتوانن بێدەنگی بکەن ،"**سان سوکی**" لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:" **راستی ، دادوەری ، دڵسۆزی و....هەندێك جاریش تەنیا سەنگەر بەرگریکەرە، لە هێزی ستەمکاران** ".



**ساڵی١٩٩٢**

"**ریگوبرتا منچونام**"بە هۆی خەباتکردنی لە پێناو مافی مرۆڤ، بەتایبەتی مافی بومییەکان لە "**گواتمالا**".

لە ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٩٢ راگەیەندرا کە ئەو خەڵاتە بەو ئافرەتە ببەخشرێت، ئەویش بەهۆی ئەو جموجۆڵەی لە پێناو دادوەری کۆمەڵایەتی و ئاشتی قەومی و فەرهەنگی هەیبووە، سەرەڕای پاراستنی مافی بومییەکان لە "**گواتمالا**" **کە** لە ژێر دەسەڵاتدارانی ئیسپانیایی دەچەوسانەوە و هیچ بایەخێکیان پێ نەدەدرا، ژیانی "**ریگوبرتا**" زۆر بە سەختی تێپەڕیوە و وەك بۆ خۆی باس دەکات، تەمەنی منداڵی نەبینیوە، خوێندن و نووسینیش لە کەنیسە فێر بووە، بەو رادەیەی توانای هەبووە زمانی ئیسپانیایی فێربێت، بۆ ئەوەی ئازاری خەڵکەکەی بە تەواوی جیهان بگەیەنێت.



**ساڵی ١٩٩٧**

"**جودی ویلیامز**"بە هۆی خەباتکردنی لە پێناو نەهێشتنی" **مین**" لە سەر زەوی . "**جودی**" یەکێك بوو لە خەباتگێڕانی بزووتنەوەی نێو دەوڵەتی لە بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی مین، ئەو بزووتنەوەیە کارەکانی خۆی لە ساڵی ١٩٩٢ دەستپێکرد و ئێستا نزیکەی هەزار رێکخراوی ناحکومی زیاتر لە شەست وڵاتی جیهان لە پێناوەدا هەوڵدەدەن .



**ساڵی ٢٠٠٢**

" **شیرین عبادی** " خەباتگێڕێکی مافی مرۆڤ لە وڵاتی ئێران . " **شیرین عبادی**" وەك یاساناسێك لە پێناو مافەکانی منداڵ و ئافرەتان لە ئێران کاری دەکرد و لەو

پێناوەشدا رووبەڕووی چەندین گرفت و کێشە بۆوە ، ئەو ئافرەتە یەکەم ئافرەتی موسلمانە ، کە ئەو خەلآتەی وەرگرتووە.



**ساڵی ٢٠٠٤**

"**وانگاری ماتایی** " بە هۆی پاراستنی ژینگە و کارکردنی لە بزووتنەوەی " **پشتێنی سەوز** " بۆ چاندنی نەمام و ئاوەدانکردنەوەی زەوی لە ئەفریقیا .

ئەو ئافرەتە کە خەڵکی "**کینیایە**" بە ئەزمونێکی نێودەوڵەتی وەك کارناسێکی بایولۆژی کارەکانی خۆی لە ولآتەکەی دەستپێکرد، لە ساڵی ١٩٩٧ بزووتنەوەی "پشتێنی سەوزی" دامەزراند، ئەوەش بە مانای چاندنی ٣٠ملیۆن دار لە ئەفریقیا، "**وانگاری**" دەڵێ: لە کاتێکدا بیرم لەو بزووتنەوەیە کردەوە کە بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی ولآتەکەم لە بواری خزمەتگوزاری ئاوی خواردنەوە، خۆراکی باش و شوینێکی گونجاو بۆ نیشتەجێبوون بێبەشبوون، ئافرەتانی ئێمە ئەرکی زیاتریان بۆ بژێوی ژیان لە ئەستۆیە . ئەو کارەی "وانگاری" بوو بە هۆی بەشێکی زۆر لە بواری خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی ئەو ولآتە دابین بکرێت.

# ئافرەتە داهێنەرەکان

هەرچەندە ئافرەت وەکو پیاو لە رووی جەستەیی ئەو توانایەی نییە بەشداری لە زۆر ئــیش وکــاری قــورس بکــات، بــەلاَم لــە رووی فکــر و داهێنانــەوە تاڕادەیــەکی زۆر توانیویــەتی لــە خــەباتی بەرەوپێشچــوونی تــەکنۆلۆجیا و زانســت پــێش بکــەوێت و نموونەیـەکی کارا و چالاك بێت لـە مەیـدانی خـەباتی ژیانیـدا، ئەگـەر قسـە لـە سـەر توانای فکری ئافرەت دەکرێت، ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئافرەت تاوەکو ئێستاش بــەڕادەی پیــاو نــەیتوانیوە خــۆی دەربخــات، بــەلاَم بــا ئــەوەشمان لــەبیر نەچــێت کــە بەربەستەکان لە ژیانی ئافرەتـدا ئەوەنـدە زۆر بـوون کـە دەرفـەتی گەشـەکردنی توانـا فکرییەکانی پێ نەدراوە و زۆربـەی تەمـەنی ژیـانی تـەنیا گرفـت و هەوڵـدان بـووە بـۆ دەربــازبوون، نــەك پێگەیشــتن، بــێ ئــەوەی دەرفــەتێك بمێنێــت بــیر لــە لێهــاتوویی و تواناکانی خۆی بکاتەوە، لە لایەکی تر ئافرەت بە هۆی ئەرکـە پێبەخشـراوەکانی وەك ئەرکی ماڵداری و پەروەردەکردنی منداڵ تاڕادەیەکی زۆر ئـەو بـوارەی بـۆ نەرەخسـاوە کە بتوانێ لـە گـەڵ پێشـەنگی پێشکەوتنـدا بـەرەو پـێش بچـێت. باسـم لـە داهێنـان و ئافرەتە لێهاتووەکانی ئەم بوارە کرد، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە هەندێك لـەو ئافرەتــە بیرمەندانــەش بکــەم کــە لــە خــەباتی ئەدەبیــدا رۆڵی بەرچــاویان هــەبووە و توانیویانە بگەنە ئەو ئاستەی خەلاَتی نوبڵی ئەدەبی وەربگرن، بەلاَم پێویستە بزانین، کە تا دوو سەدە لەمەوبەر لە مێژووی ئەدەبیاتی جیهـانی پیـاو دەسـەلاَتی تـەواوی بـە سەریدا هەبووە و زۆربەی ئەو نووسینانەی کە لە کاتی خۆیدا ئـافرەت دەینووسـی بـە نێوی پیاو بلاَو دەکرانـەوە، هۆکارەکـەی بەکـەم زانینـی بابـەت و بیرۆکـەکانی بـوو کـە کــەس بایــەخی پــێ نــەدەدا، بۆیــە بــیری لــەوە کردۆتــەوە باشــتر وایــە بابــەت و بەرهەمــەکانی بــە نــاوی پیــاو بــلاَو بکاتــەوە، هــەر بۆیــە یەکــەم هــەنگاوی ئــەدەبی فێمێنیسـتی لـە رۆژئـاوا وەك ناڕەزاییـەك بـۆ ئـەو مەبەسـتە سـەریهەڵدا، بـۆ ئـەوەی ئافرەت بتوانێ لە بـواری ئەدەبیـدا خـۆی دەربخـات، بـە تایبـەتی لـە ولاَتـی فەرەنسـا و بەریتانیا کە ئەو دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو هەبووە.

بۆ نموونە، لە فەرەنسا رۆمانی "سوور وسپی "و"ایندیانا" و چەند رۆمانی تر کـە لـە ساڵی ١٨٣١ بە ناوی پیاوێك **"ژۆرژ سانده"** بلاَو بۆوە، نوسەرەکەی ئافرەتێکە بـە نێـوی

"**باروون دو دووان**"، هەر چەندە ئەو ئافرەتە لە ژیانی ئاسایی خۆیدا ئافرەتێکی ئازاد بوو، بەڵام کتێبەکانی بە ناوی خۆی بڵاو نەدەکردەوە، لە بەر ئەوەی لە وڵاتێکی ئازادی وەکو فەرەنسا ئافرەتی نووسەر بە فەرمی نەناسراوبوو، هەروەها لە وڵاتێکی وەکو بەریتانیاش ئەو دیاردەیە بەر چاو دەکەوێ بە تایبەتی لە ساڵەکانی ١٨٧١ و١٨٧٢ .
هەرچەندە بیروڕایەکی زۆر لەم بارەیەوە هەیە کە ئافرەت بۆ نەیتوانیوە لە رووی ئەدەبیەوە بەرەو پێش بچێت، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان لە سەر ئەوە کۆکن کە سەرچاوەی  هەموو بەربەستەکان حاکمیەتی پیاوسالارییە کە توانیویەتی کاریگەری خۆی بە سەر ئەدەبیاتی ئافرەتدا بسەپێنێت .
"**سیمۆن دی‌بوڤار**" لە کتێبی "رەگەزی دووەم " بەمجۆرە باس لەو بەربەستانە دەکات، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی پیاوسالار: "**یەکێك لەو بنەما سەرەکییانەی  کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئەوەیە کە کاری ماڵداری و پەروەردەکردنی منداڵی بە سەر ئافرەتدا سەپاندووە، ئەو بیرۆکەیە ئەوەندە لە ناخی پیاودا رەگی داکوتاوە، کە بۆتە گرفتێکی سەرەکی لە پێشکەوتنی ئافرەتدا و بە تایبەتی بۆ ئافرەتی رۆشنبیر و هونەرمەند کە بیەوێت لەو بوارەدا کار بکات ، هەر بۆیە ئافرەت بیر لەوە دەکاتەوە  کە پیاو دەبێ زیاترگرنگی بە بیر و تواناکانی ئافرەت بدات.**" ئەوەی بۆ "سیمۆن دی‌بوڤار " زۆر جیگای نیگەرانی بوو ، ئەوە بوو کە بیری لەوە دەکردەوە، کاری ماڵەوە بەربەستێکی سەرەکییە لە بەردەم ئافرەت بۆ ئەوەی توانای داهێنانی خۆی دەربخات، کارێك کە هیچ پاداشتێك لە بەرامبەری وەرناگرێت و لەو بارەیەوە دەنووسێ:" **ئافرەت دەبێ هەموو رۆژێك قاپەکان بشوات ، ماڵ گسك بدات، تۆزو خۆڵی ماڵ پاك بکاتەوە، ئەو هیچ کارێك ناکات کە تێیدا سەرکەوێت و بە شتێك بگات ، بەڵکوو ئەوە دووبارەبوونەوەی کارێکی ئەمرۆیە کە هەموو رۆژێك دەبێ بیکات، خەباتێك کە هەموو رۆژ دووبارە دەبێتەوە.**"ئەوەی کە "دی‌بوڤار" باسی دەکات لە نووسینەکانی ئافرەتانی تری  ئەو کاتە رەنگی داوەتەوە و تەنانەت لە رۆمانەکانیاندا هەست بەو ئازارە دەکەی کە لە ناخیاندا هەیە، بۆ نمونە لە رۆمانی "**فانووسی دەریایی**" لە نووسینی "**ویرجینیا وولف**" زۆر بە جوانی ناڕەزایی بەرامبەر بە حاکمیەتی

پیاوسالاری دەردەبڕێت، هەروەها **"سیمین دانشور"** نووسەری بەناوبانگی ئێرانی لە رۆمانی**"جەزیرەی سەرگەردانی"** زۆر بە باشی تیشك دەخاتە ئەو بیرە پیاوسالارییەی کە دەیەوێت حاکمیەتی خۆی بە سەر ئافرەتدا زاڵ بکات، نووسەر لەو رۆمانەدا دەریدەخات کە چۆن بیرێکی پیاوسالاری ئافرەتی لە بیرکردنەوە لە خۆی پاشەکشە پێ دەکات و بە شێوازێك داگیری کردووە کە شتێك بو نێوی بیرکردنەوە لە ئافرەتدا نەمێنێ."لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین باس لە بەرهەمە شیعرەکانی **"فروغی فەروخزاد"** بکەین، کە چەند بێ باکانە لە بەرهەمەکانیدا هەستی ئافرەتانەی خۆی بەرامبەر بە هاوسەرەکەی دەردەبڕێت و وەك ئافرەتێك هەستی خۆشەویستی خۆی نیشان دەدات، کە لە ئەدەبیاتی ئەو سەردەمە بۆ**"فروغ"** لەوانەیە کارێکی نەگونجاو و دوور لە نەریتێکی پیاوسالاری بووبێت.

خەباتی فێمینیستی ئەدەبی ئافرەتان گەیشتە رادەیەك کە لە بەرهەمە ئەدەبیەکانیدا سیمایەکی ئافرەتانەی پێوە دیار بێت و راشکاوانە باس لە خۆی بکات و تەنانەت بەرهەمەکانی بە نێوی خۆی بلاّو بکاتەوە، ئەوەش لە بەرژەوەندی ئافرەتدا بوو کە گەیشتە ئەو ئاستەی چەندین خەلاّتی جیهانی لەوانە خەلاّتی نوبلی ئەدەبی وەربگرێ، کە لێرەدا ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەم:



**"سلما لاگرلوف" ساڵی ۱۹۰۹**

لە ساڵی ١٨٥٨لە شاری مارباکا لە باکوری وڵاتی سوید لە دایك بووە و لە ساڵی ١٨٨٢بۆ زانکۆی پادشایی فێربوونی زمان ڕۆیشت، لە بەرهەمەکانی ئەو ئافرەتە ، یەکەم کتێبی بە نێوی "چیرۆکی گوستابرلینك"کە لە ساڵی١٨٩١ بلاّوبۆوە، لە ساڵی ١٨٩٥ کتێبی" پەیوەندییە نەبینراوەکان "،"موعجیزاتی دەجال" ساڵی ١٨٩٧، دوو بەرگ لە کتێبی "بیت المقدس" لە ساڵی ١٩٠٢ ، "سەفەری سەیری نیلس هولگرسون"،"کچە کێڵگەی مرداوی گەورە " ئیمپراتوری پرتەقاڵ" و ترول و مرۆڤەکان" لە ساڵەکانی ١٩١٣-١٩١٥ " تبعیدی"(دوورخستنەوەی زۆرەملێ) ساڵی ١٩١٨ "هەروەها کتێبی مارباکا"و "ئەنگوستیلەی گەورانی لوونسکولد" ی لە ساڵی ١٩٢٥ نووسی ، " بیرەوەرییەکانی کاتی منداڵی "، "خەزان" و "میللی" لە ساڵەکانی ١٩٣٢ -١٩٣٤ نووسی و ئەو ئافرەتە لە ساڵی ١٩٤٠ لە شانزدەی مارس لە شاری مارباکا کۆچی دوایی کرد.



**"زیگرید ئاندست" ساڵی ١٩٢٨**

ئەو ئافرەتە لە ٢٠ ئایاری ساڵی ١٨٨٢ لە"**کالوندبورگی**" دانیمارك لە دایکبووە و یەکەم رۆمانی بە نێوی " خانمی مارتا ئولی" لە ساڵی ١٩٠٧ بە چاپ گەیاند، لە بەرهەمەکانی تری دەتوانین ئاماژە بەو چیرۆکی "ینی" بکەین کە لە ساڵی ١٩١١ نوسیویەتی، هەروەها لە ساڵی ١٩٢٥کتێبی "**کچی کریستین لاوران** "ی نوسیوە، لە ساڵی ١٩٤٩ لە نرویج کۆچی دوایی کردووە .



**"پرل باك" ساڵی ١٩٣٨**

**ئەو ئافرەتە لە ٢٦ حوزیرانی ١٨٩٢ لە ویلایەتی ویرجینیای ئەمەریکا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٨٩٤ بۆ چین ڕۆیشتووە و لە ساڵی ١٩١٤ لە زانکۆی "ڕاندلوف" لە ویرجینیا خوێندنی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٣٢ خەڵاتی ئەدەبی پولیتزی وەرگرتووە، هەندێك لە بەرهەمەکانی ئەمانەن: ساڵی ١٩٣٠کتێبی" بای ڕۆژهەڵات و بای ڕۆژئاوا" ساڵی ١٩٣١ کتێبی" زەوی باش" ، ساڵی ١٩٣٥کتێبی " خێزانێکی لە بەریەك هەڵوەشاو" ، ساڵی١٩٤٢ کتێبی "نەسلی ئەژدیها"، لە ساڵی ١٩٥٤ کتێبی "چەند جیهانی من" و کتێبی "دوایین شاژنی چین" لە ساڵی ١٩٥٦نووسیوە . ئەو ئافرەتە لە ٦ مارسی ساڵی ١٩٧٣ لە شاری دانبی لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کرد.**

**"گابریلا میسترال" ساڵی ١٩٤٥**

**ئەو ئافرەتە لە ٧ نیسانی ساڵی ١٨٨٩ لە باکووری شیلی لە دایك بووە و لە بەرهەمەکانی "چیرۆکی هاواری دۆڵی ئەلکی" لە ساڵی ١٩٠٨ ، کتێبی "دەنگی مەرگ" لە ساڵی ١٩١٤ و کتێبی "نیگەرانی" لە ساڵی ١٩٢٢، هەروەها لە ساڵی ١٩٣٠ دووکتێبی نووسیوە، بە نێوەکانی " هەورە سپییەکان "و "وتاری مامۆستای زانکۆ" ، کتێبی**



"تالار" لە ساڵی ١٩٣٨ ،  ئەو ئافرەتە لە  ١٠ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٧ لە نیویورك کۆچی دوایی کرد .



**"نلی زاکس" ساڵی ١٩٦٦**

ئەو ئافرەتە لە ١٠ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٩١ لە بەرلین لە دایکبووە و هەروەها خەڵاتی ئاشتی نووسەرانی ئاڵمانی وەرگرتووە، لە بەرهەمەکانی، کتێبی " گێڕاوەکان و چیرۆکەکان" لە ساڵی ١٩٢١، لە ساڵی ١٩٤٧کتێبی" لەماڵەکانی مەرگ" ، لە ساڵی ١٩٥١ کتێبی "پێشانگای ئەلی" ، لە ساڵی ١٩٥٧ کتێبی " هیچ کەس زیاتر نازانێت" ، ساڵی

١٩٦٢کتێبی "نیشانەیەك لە زیخ "، هەروەها کتێبی"دووکەڵکێشەکانی "ی لە ساڵی ١٩٦٧نووسیوە. ئەو ئافرەتە لە ١٢ ئایاری ١٩٧٠ لە ئیستۆکهۆلم کۆچی دوایی کرد.



**"تونی موریسون" ساڵی ١٩٩٣**

**ئەو ئافرەتە لە ١٨ شوباتی ساڵی ١٩٣١ لە باکووری ویلایەتی "ئۆهایۆ"لە دایکبووە، لە بەرهەمەکانی "چیرۆکی شینترین چاو"لە ساڵی ١٩٧٠، کتێبی " سروودی سلیمان" لە ساڵی ١٩٧٧ ، رۆمانی"محبوب" ساڵی ١٩٨٤ و کتێبی "جاز" لە ساڵی ١٩٩٢.**



**"ویسلاوا شیمبورسکا" ساڵی ١٩٩٦**

**ئەو ئافرەتە لە ٢ حوزیران لە رۆژئاوای لهستان لە دایکبووە و لە بەرهەمەکانی، کتبێکی شیعری بە نێوی " ئەو شتەی بۆی زیندووین" ساڵی ١٩٥٢ ، کتێبی " کۆمەڵە**

پرسیارێك لە خۆت " ساڵی١٩٥٤ ، کتێبی" خوێ" ساڵی ١٩٦٢، کتێبی ژمارەیەکی گەورە ساڵی ١٩٧٦، کتێبی "خەڵك لە سەر پرد" ساڵی ١٩٨٦، هەروەها کتێبی "دەستپێك و کۆتایی" لە ساڵی ١٩٩٣.



"ئەلفریدە یلینك" ساڵی ٢٠٠٤

ئەو خەڵاتە بەخشرا بەو ئافرەتە کە خەڵکی نەمسایە و بە هۆی ئەو تایبەتمەندییەی کە لە رووی زمان لە چیرۆك و نووسینی شانۆیەکانی بە کاری هێنابوو، لە بەرهەمە ناودارەکانی ئەو ئافرەتە "مامۆستای پیانۆ" کە لە ساڵی ٢٠٠١ فیلمێك هەر بەو ناوە دروست کرا، ئەو کاتەی ئەو ئافرەتە ئەو خەڵاتەی وەرگرت، تەمەنی ٥٨ ساڵ بوو.



"دوریس لسینگ" ساڵی ٢٠٠٧

ئەو ئافرەتە لە ٢٢تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٩ لە شاری کرمانشانی وڵاتی ئێران لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٢٥ لەگەڵ خێزانەکەی بەرەو زیمباوە کۆچ دەکات، یەکەم رۆمانی لە ساڵی ١٩٤٩ بە نێوی "چیمەن گۆرانی دەڵێ" لە لەندەن بلاّو کردەوە و دوایی دەچێتە ئەوروپا و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، "دوریس" لە ساڵی ٢٠٠١ خەلاّتی "پرنس ئێستریاس"ی ئیسپانی بە هۆی بەرگریکردن لە ئازادی و جیهانی سێیەم وەرگرت، هەروەها بە هۆی نووسینی کتێبی "ژێر پێستی من" خەلاّتی "یادمان تیك بلك"ی وەرگرت. جارێکیش خەلاّتی ئەدەبیاتی بەریتانیایی"دیویدکوهن"ی وەرگرتووە.



**"هێرتا مولر" ساڵی ٢٠٠٩**

**"هێرتا مولر"** ئافرەتێکە لە بنەماڵەیەکی ئەڵمانی کە لە رۆمانیا لە دایك بووە و لە ساڵی ٢٠٠٩ خەلاّتی ئەدەبیاتی پێ بەخشرا.کە لە بەرهەمەکانی، "پەساپۆرت" ساڵی ١٩٨٦، "وڵاتی تەماتە سەوزەکان"ساڵی ١٩٩٤ و کاتی ژوان.

لە گەڵ ئەو سەرکەوتنانەی ئافرەتان لەو بوارانە دا وەدەستیان هێناوە چەندین ئافرەتیش لە بوارەکانی تر خەلاّتی نۆبلی زانستییان وەرگرتووە کە لێرەدا ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەین:

**"ماری کوری": ورگری خەلاتی نوبلی فیزیا لە سالی ١٩٠٣ و هەروەها خەلاتی نوبلی کیمیا لە سالی ١٩١١.**
**"ئیرن کوری" خەلاتی نوبلی کیمیا لە سالی ١٩٣٥.**

**"گرتی ترزا کوری " خەلاتی نوبلی پزیشکی لە سالی ١٩٤٧بە هۆی دۆزینەوەی "ئێسترکوری".**

**"ماریا گوپرت- مایر" خەلاتی نوبلی فیزیا لە سالی ١٩٦٣**

**"دوروتی کرافوت هاجکین" خەلاتی نوبلی کیمیا لە سالی ١٩٦٤.**

**"روزالین یالو" خەلاتی نوبلی پزیشکی لە سالی ١٩٧٧.**

**"باربارا مك کلینتوك" خەلاتی نوبلی پزیشکی لە سالی ١٩٨٣**

**"ریتا لوی-مونتالچینی" خەلاتی نوبلی پزیشکی ١٩٨٦**

**"گرترود ئالیون" خەلاتی نوبلی پزیشکی لە سالی ١٩٨٨**

لەگەڵئەوەشدا ئافرەتێکی زۆر هەبوون کە داهێنانیان کردووە، بەلام کەم کەس دەزانێت ، ئەمەش زیاتر هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەر و لێهاتوویان بە کەم وەرگیراوە و یان بە شێوەیەکی زۆر سادە سەیری شتەکانیان کراوە.
یەکەم بەلگەی فەرمی لە ئافرەتە داهێنەرەکان تایبەتە بە ئافرەتێکی ئەمەریکی لە سالی ١٧١٥ بە نێوی **"سیبیلا ماسترز"**کە مەکینەیەکی دروست کرد ، بۆ ئەوەی گەنمە شامی بە ئاسانی پاك و سوێر بکرێت. ئەو بیرۆکەیەی" سیبیلا" ئەو کاتەی

سەریهەڵدا کە بینی ئافرەتە بومییەکانی ئەمەریکایی بۆ ئەو کارە چەندە ماندوو دەبن ، ئەو کاتە ئەمەریکا ولگەی بەریتانیا بوو، بۆیە ناچاربوو داهێنانەکەی بۆ بەریتانیا بەرێت، ئەو کاتە ئافرەت مافی خاوەنداریەتی نەبوو کە هیچ شتێك بە ناوی خۆی بکات ، ناچار بە نێوی هاوسەرەکەی واتا "**توماس ماستەرز**" کرد .

## "مری ئاندرسون"

ئەمڕۆ جامەکانی هەر سەیارەیەك، ئەگەر بەفرپاکەرەوەیەکی هەیە، بۆ پاککردنەوەی شووشەی سەیارەکان، داهێنەکەی ئەو ئافرەتە بووە. "مری ئاندرسون" بە هۆی ئەو کارەی لە ساڵی ١٩٠٣ خەڵاتی وەرگرت.

## "سنیمیت گراهام"

ئەو لاکە سپیەی ئەمڕۆ کاری تایپکردنی ئاسان کردووە کە زۆر بە ئاسانی گەر تووشی هەڵەیەك بیت، بەو لاکە بەئاسانی رەشی دەکەیتەوە، داهێنانەکەی ئەو ئافرەتە بووە. ئەو کارەی "سنیمیت" دونیای بازرگانی ئەو ئافرەتەی گۆڕی و لە فەرمانبەرێکی سادەوە بوو بە ئافرەتێکی دەوڵەمەند.

## "جین لی کروز"

ئەگەر ئەمڕۆ سەفەرکردن بۆ بۆشایی ئاسمان ئاسان بووە و ئەو مەترسییە لە سەر ئەو کەسانە نەماوە کە بۆ بۆشایی ئاسمان سەفەر دەکەن و دەپارێزرێن لە پێکان بە هەر شتێك یان بەردێکی ئاسمانی، لە داهێنانی ئەو ئافرەتە بووە. " جین" هەمووکات بیری لەوە دەکردەوە کە شتێك دروست بکات بەرگری لەو پاپۆڕە ئاسمانییە بکات کە بۆ بۆشایی ئاسمان سەفەر دەکات، دوای ماندووبوونێکی زۆر ئەو سپەری ئەمڕۆ لە کەشتییەکان بە کاردێت دروست کرا ، ئەو بەرگریکارە هەر شتێکی پێ بکەوێت لە جێگای خۆی ورد دەبێت، ئەو داهێنانەی "جین" لە ناسا بە فەرمی ناسراوە.

**"ئیستفانی کولك"**

ئەو مادە کیمیاییە بەهێز و خۆڕاگرەی لە تەختەی ئیسکەیت(خلیسکێنەری سەر بەفر) بە کار دەهێنرێت، بۆ ئەوەی زۆر بە ئاسانی و خێرایی بە سەر بەفردا بێیتە خوارەوە و هەروەها بۆ دروستکردنی فرۆکەکان و پێڵاوی وەرزشی و لاستیکی چەرخ و دەستەوانە و تەنانەت جلی دژە گوللە بە کار هاتووە، داهێنەکەی**"ئیستفانی کولك"** بووە.

**" ئان مور"**

هەلگرتنی منداڵ لە کاتی چێشت لێنان و ئیش و کارکردندا، ئەرکێکی قورسی دایکانەیە، بۆیە ئەو ئافرەتە کاتێك وەك پەرستیار لەگەڵ رێکخراوی مانگی سوور لە ئەفریقیا ئیشی دەکرد، ئەو ئافرەتانەی دەبینی کە چۆن منداڵەکانیان بە قووماشێکی سپی لە کۆڵیان دەبەستن و ئیشی خۆیان دەکەن، لەو کاتەدا منداڵ سەرەڕای ئەوەی کە بێدەنگە ، هەست بە ئارامییەکی زۆریش دەکات، بۆیە بیری لە داهێنانێك کردەوە لە کاتی منداڵبوون بەکاری بێنێ، بیرۆکەی ئەو ئافرەتە بوو بە هۆی ئەوەی شتێك دروست بکات منداڵەکەی بە ئاسانی هەڵبگیرێت ، بێ ئەوەی هەست بە ماندووبوون بکات و یان منداڵەکە مەترسی بەربوونەوەی لێ بکرێت، ئەو داهێنانە وای لێ هات خەڵکانێکی زۆر داوای لێ بکەن و ئەمڕۆش وەکو شتێکی ئاسانکاری بۆ ئافرەت لە تەواوی دونیا بەکاردێت .

**"دالری ئێل توماس"**

ئەو ئافرەتە داهێنەرە توانی دەزگایەك دروست بکات، بە نێوی نێردراوی سێ دووری (3D)کە بە بێ بە کارهێنانی تیشکی لێزر، وێنەکان لە سێ دوورەوە بلاّو دەکاتەوە وەك پانی ، درێژی و بەرزی. "دالری "لەو بارەیەوە دەڵێ:"ئێمە بە دڵنیاییەوە لەگەڵ چاویلکەی سێ دووری ئاشنایەتیمان هەیە و دەزانین کە ئەوان چ حاڵەتێك

دەخولقێنن، وەكو ئەوە وایە كە وێنەكان لە چوارچێوەی خۆیان چوونە دەرەوە، ئەو نێردراوەش ئەو كارە دەكات، بێ ئەوەی پێویستیت بە چاویلكە هەبێت".

## " گریس موری"

داهێنەری دانانی بەرنامەی كۆمپیوتەری بە زمانی ئینگلیزی و بەكارهێنانی وشە لە جیاتی كۆد، لە بەر ئەوەی جاران زمانی كۆمپیوتەری تەنیا بە كۆد بوو، ئەوەش كارێكی سەخت بووە، هەروەها داهێنانەكەی رێگایەك بوو بۆ دارشتنی بەرنامەی ئۆتوماتیك لە كۆمپیوتەر. "گریس" سەرەڕای ئەوەی لە بیركاری زۆر شارەزابوو، ئەفسەری هێزی دەریایش بوو، ئەو لە سەر ئەو باوەڕە بوو كە داهێنەكەی بۆ ئەمڕۆی ژیان پێداویستییەكی زەرووری و لە جێی خۆیەتی ، ئەو داهێنەی "گریس" چرایەك بوو بۆ گەیشتن بە زمانێكی كۆمپیوتەری، زمانێك كە لە هەموو كۆمپیوتەرەكان بەكار دێت لە ناوەندەكانی دەوڵەت بگرە تا كۆمپانیا بازرگانییەكان. تەنانەت دروستكردنی گەمەی كۆمپیوتەری لە داهێنانە سەرەتاییەكانی ئەو ئافرەتە سەرچاوەی گرتووە و بەو شێوەی ئەمڕۆ پێشكەوتووە.

## "ویرجینیا ئابگار"

بە لەدایكبوونی منداڵ ، سەرەتای ژیانێكی نوێ دەست پێدەكات و تەندروستی كۆرپەڵە بە ئامێری (پێوەری ئابگار ) تێست دەكرێت، وەكو رەنگی رووخسار، لێدانی دڵ، كاردانەوە، جووڵە و رەوشی هەناسە . **"د. ویرجینیا ئابگار"** بە داهێنانی ئەو ئامێرە خزمەتێكی گەورەی بە بواری پزیشكی كرد. ئەمڕۆ ئەو داهێنانە باری تەندروستی هەزاران منداڵ لە جیهاندا تاقی دەكاتەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو داهێنانەی ئافرەتان لە هەموو بوارەكان كردوویانە، بەڵام هەنوكە زۆر ئافرەتی تر هەیە كە نەناسراون، لەگەڵ هەر ئافرەتێك كە دەگاتە ئەو ئاستەی كە داهێنانێكی نوێ پێشكەش بكات، راستەوخۆ بیر لە لەوە دەكەمەوە ئێمە كەی دەتوانین بگەینە ئەو ئاستە، كەی دەتوانین ببینە نموونەیەك لەو ئافرەتە داهێنەرانە، بەڵام

ئێستا ماومانە... خۆزگەکانمان زۆرن، بەڵام ئەوەی لە واقیعی ژیانمان هەیە زۆر جیاوازە لە هیوا و ئاواتەکان. هەر کام لەو ئافرەتانە لەوانەیە ئەزموونێکی پڕ لە سەختیان لە ژیاندا تێپەڕاندبێت، بەڵام ئەوەی لەو ئافرەتانەدا بەدی دەکرێت هەستی خۆڕاگری و کۆڵنەدان بووە، لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجەی هەیانبووە.

# ئافرەتان لە رێرەوی پێشکەوتندان

رەوتـی ژیـانی کۆمەڵایـەتی ئێمـە لـە سـەر بنـەمای کۆمەڵایـەتی بـەرەوپێش دەچێت، بنـەمای کۆمەڵایـەتیش پەیوەنـدی بـە کولتـورو داب و نـەریتی ئـەو وڵاتـە هەیـە و کاریگەری لەسەر فکر و تێڕوانینی خەڵك دادەنێ کە چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبـەر دەکـەن و خۆیـان لەگـەڵ پێشـکەوتنەکانی سـەردەمدا دەگـونجێنن. لـە کۆمەڵگـەی پیاوسالار پیشێلکاری ئەنجامدەدرێت و جیاوازی رەگەزی بۆتـە بەشێکی سـەرەکی لـە بنەما فکرییەکان، بۆیـە ئاسـتەمە وا بـە ئاسانی گۆڕانکاری لـە رەوتـی ژیـانی ئـافرەت رووبدات ، بە تایبەتی ئەو توێژەی لـە سـەر ئـەو کولتـووورە پـەروەردە کـراون. ئەگـەر ژیان ململانێیە لەگەڵ بەربەست و گرفتـەکان، ئـەوە ئـافرەت بەشێکی تەمـەنی لـەو ململانێیەدا بە سەر بردووە، بۆ سەلماندنی کەسایەتی خۆی و بۆ رزگاربوونی لەو کۆت وبەندەی بە نێوی داب و نەریتی پیاوسالاری بە سەریدا زاڵە. کاریگـەری راسـتەوخۆی تاکـەکانی کۆمەڵگـە بـە سـەر یـەکتر هۆکارگـەلێکن بـۆ ئـەوەی هـانی مـرۆڤ بـدات بەرەوپێش بچێت، بۆنموونـە ئـەو کاریگەرییـەی دایـك لـە سـەر منداڵەکـەی هەیـەتی، پێـوەرێکی سـەرەکییە لـە دروسـتبوونی کەسـایەتی مـرۆڤ و چـۆن بیـەوێت ئـەو کاریگەرییـە بـەرەو ئاڕاسـتەیەکی بـاش دەبـات، تەنانـەت پێچەوانەکەشـی دەتـوانێ هۆکارێك بێت بۆ ئەوەی منداڵەکەی لە گێژاوی بەدبەختیدا نـەقم بێـت، ئـەو رێـڕەوە ژیانە بەردەوامە، تەنانەت بۆ باوکیش هەر بـەم شێوەیە، بـەڵام لـە بـەر ئـەوەی دایـك وەك سروشتێکی ئاسایی لە منداڵەکەی نزیکترە ئەو کاریگەرییە زیاترە وەك دەڵێن،" ئافرەت نیوەی کۆمەڵە و دایکی نیوەکەی تریشە". لێرەدا دایك رۆڵـی تـاك دەبینـێ لـە پێشکەوتنی منداڵەکـەی، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا دەورێکـی سـەرەکی لـە پێشـکەوتنی نەوەی دواڕۆژ هەیە، بۆیە پێویستە ئاستی رۆشـنبیری و هوشـیاری دایـك بـەرز بێـت، لاوازی رۆشـنبیری ئـافرەت هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی نـەتوانێ بـۆ منداڵەکـەی دایکێکـی سەرکەوتوو بێت ، بۆیە هەوڵدان لە پیناو بەرزکردنی ئاستی رۆشنبیری ئافرەت دەبـێ لە پێشەنگی هەموو کارەکاندابێت، ئـەو کاتەیـە ئـافرەت بـە مافـەکانی ئاشـنا دەبێـت و کاریگەری راستەوخۆی لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو دەبێـت، بـە وتـەی

**"نەوالْ سەعداوی": کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، کۆمەڵگەیەکە هەموو مافەکان لە بواری سیاسی کۆمەلأیەتی و ئابووری بۆ ئافرەت دەستەبەر کرابێت.**

گۆڕانکاری لە بنەمای کۆمەڵگە وەك یاسایەك دەبێ کاری پێ بکرێت، بەلاٚم بۆ کۆمەڵگەیەك پابەندی هەندێك لە فەرهەنگ و داب و نەریتە کۆنەکان بێت تا رادەیەك ئەو کارە ئاستەمە، لە بەر ئەوەی توانیویەتی پێگەیەکی پتەوی لە ناو کۆمەڵگەدا هەبێت، بەرەوپێشچوونی زانست و تێکەلاٚوبوونی نەریتی ولاٚتان لەگەڵ یەکتر توانیویەتی تا رادەیەکی زۆر کاریگەری لە سەر رەوشی تاکی کۆمەڵگە هەبێت، گرنگ ئەوەیە سوودمان لە چ لایەنێکی ئەو پێشکەوتنە وەرگرتبێت، کەڵك وەرگرتن لە بوارە زانستییەکانی ولاٚتان هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی و رۆشنبیری تاکی کۆمەڵگە و تا رادەیەکی زۆر دەتوانێ کاریگەری لە سەر باشتر بوونی رەوشی ئافرەت هەبێت. لایەنی پەروەردەی منداڵ، بە شێوەیەکی ئیجابی دەورێکی سەرەکی لە گەشەکردنی تواناکانی لە دوارۆژدا هەیە، بۆیە ئەو خاڵە زۆر گرنگە چۆن بایەخ بە پەروەردەکردنی منداڵ بە تایبەتی کچ بدرێت.

**"سیمۆن دێبوڤار"** دەڵێ: **"کوڕ لە تەمەنی منداڵی، قۆناغی پەروەردەیی خۆی بە شێوەیەکی ئازاد تێدەپەڕێنێ، بە توندوتیژی و سەربەخۆیی لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆی ململانێ دەکات، شەڕ دەکات، حەز و یارییە توندوتیژییەکان و جەستەی خۆی وەك ئامرازێك بە مەبەستی زاڵبوون بە سەر سروشت و شەڕ بەکار دەهێنێ، لە هەمان کاتدا وانەی توندوتیژی فێر دەبێت، فێر دەکرێت هەست بە ئازار نەکات، فرمێسکەکانی دەشارێتەوە و هەست بە پیاوەتی دەکات، بەلاٚم لە بابەتی ئافرەتەوە هەر لە سەرەتادا لە نێوان جەستەی سەربەخۆی خۆی و ئەوی تربوون دژایەتییەك هەیە، فێر دەکرێت چۆن خۆشەویست بێت، دەبێ چاوپۆشی لە سەربەخۆیی خۆی بکات، لەگەڵ ئەو وەك بووکە شووشەیەك کەڵك وەردەگیرێت، ئازادییەکانی لێ زەوت دەکرێت ، داب و نەریتەکان رێگرن لە بەردەم ئەوەی وەکو یەك پەروەردە بکرێن و وەك کەسایەتییەکی ژنانە پەروەردە ناکرێت..."**

کاتێـك کەسـێك لـە ناخـەوە هەسـت بـە ئـازار دەکـات، کاردانـەوەی لـە جەسـتە و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دەردەکەوێت، بۆیە هۆکاری دەروونی کاریگەری ڕاستەوخۆی لـە سەر کەسایەتی مرۆڤ هەیە ، ئەو هەسـتە دەروونییانـە زۆر جار دەبنـە بەربەست لـە بەرامبەر توانا و بیرکردنەوەکانی، مرۆڤ هەر چەندە بە توانا بێت، ئەگەر نەتوانێ بە سـەر هەسـتە دەروونییەکانیـدا زاڵ بێـت، نـاتوانێ تواناکـانی دەربخـات، گرفتـە دەروونییەکان زۆر جار دەبنە هۆکارێك بۆ ئـەوەی مـرۆڤ بیرتەسکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانە بکات کە لـە دەوروبـەری ڕوو دەدەن، ئـەوەش کاریگـەری سلبی لـە هـەموو ژیـانی دادەنێـت، دیـارە ئـەو حاڵەتـە لـە ئافرەتـدا زۆرتـرە، بۆیـە زۆر پێویستە تیشـك بخەینـە سـەر ئـەو هۆکـارە دەروونییانـەی کـە بەربەسـتن لـە بـەردەم سـەرکەوتنی ئافرەتدا." **لیندا ئاستین**" مامۆستای دەروونناسـی کـە چـەندین بەرنامـە و کتێبـی لـە سەر ئافرەت هەیە ، لە کتێبـی "ئـافرەت بۆچـی پـێش ناکـەوێت" بـە جـوانی بـاس لـە بەربەسـت و ئاسـتەنگەکان دەکـات و دەڵێـت: **لـەوە دڵنیـام ئەگـەر بەربەسـتە دەروونییـەکان ڕێگـا لـە سـەرکەوتنی ئـافرەت بگـرن، زۆر بـە زەحمـەت دەتوانێـت بەربەسـتە دەرەکییـەکان لـە خـۆی دوور بکاتـەوە ، ئەگـەر ئافرەتێـك نـەتوانێت لـە دەروونـدا خـۆی وەکـو کەسـێکی گـەورە و سـەرکەوتوو ببینێـت ، بەرەبـەرە لـە داواکارییـەکانی کـەم دەکاتـەوە و ئـەو شـتە لـە ژیانـدا هەڵدەبـژێرێت کـە ڕێگـا لـە گەشەسەندنی هۆش و توانایەکانی دەگرێت و کەمتر بایەخ بەو دەرفەتانە دەدات کە دەبێتـە هـۆی سـەرکەوتنی، ئـافرەت لـەو کاتـەدا هـیچ کـات ناگاتـە ئـەو خاڵـەی کـە دەرگایەك بە ڕوویدا بکرێتـەوە کـە بـەرەو سـەرکەوتنی بـەرێت، لـە بـەر ئـەوەی لـە دەرگایەکی ترەوە چۆتە ژوورەوە و بەرەو هەڵدێری دەبات".**

لەگەڵئەوەشدا هەنـدێك ئـافرەتیش هـەن لـە ناخـەوە هەسـتیان بـە هـیچ بەربەسـتێك نەکردووە و ئەگەریش بەربەست هـەبێت ئـەوە زۆر بـە ئاسـانی توانیویانـە ڕێگـای لـێ بگرن و ئەوەی لە ناخیاندایـە دەریبـڕن و بگەنـە زۆربـەی ئـەو ئامانجانـەی لـە ژیانـدا هەیانبووە، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنیان لە ژیاندا، ئەو ئافرەتانە کەسانێکن خۆیان لە دڵەڕاوکێ پاراستووە و ئەو سنوورانەیان بەزانـدووە کـە بـە نێـوی

داب و نەریت بۆیان دروست کراوە، هەر ئەو هۆکارە دەروونییە رێنوێنیـان دەکات بـۆ ئەوەی رۆژانە بە هەڵبژاردنێکی دروست لـە بەرنامـەی تایبـەت بـە ژیانـدا بـەرەوپێش بـڕۆن و لـە ئامانجـەکانیان نزیـك بکەونـەوە. ئـەو ئافرەتـە سـەرکەوتوانە لـە ژیانـدا بوونەتـە نموونـەی هـەموو ئافرەتـانی جیهـان و خـاوەنی ئـیرادە و بیرکردنەوەیـەکی تایبەتن ولە جیهاندا بە کەسایەتییەکی سەرکەوتوو و بـە هێـز ناسـراون و توانیویانـە پێگەیـەکی بـاش لـە کۆمەڵگـەدا بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن، بۆیـە پێویسـتە ببنـە سـومبولی رێـڕەوی ژیـان و خـاوەن کەسـایەتییەکی بـەرز لـە نـاو کۆمەڵگـەدا. باسـم لـە کەسایەتی بـەرز کـرد و شـتێکم بـیر هاتـەوە لـە سـەر دوو وشـەی بـەرزی و نزمـی. لـە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا زۆر کەس هەیە، پلە و پایەی بەرزە و هەنـدێك نزمـە، دیـارە هەر کام لە ئێمە تێڕوانینێکی جیاوازمـان بـۆ ئـەو دوو وشـەیە هەیـە، هەڵسـەنگاندنی ئـەو دوو وشـەیە لـە دوو روانگـەی جیـاوازەوە شـی دەکرێنـەوە، لـە لایـەنی مـاددی و مەعنەوی ، شیکردنەوەی لە لایەنی ماددی، زۆرخەڵك کەسانی دەوڵەمەند بـە خـاوەن پلەو پایـەی بـەرز دەزانـن، هەنـدێك کەسـیش ئـەو کەسـایەتییە لـە خوێنـدنی بـەرزدا دەبینن، دیارە هەر کەسە بۆچوون و خوێندنەوەیەکی تایبەتی بـۆ ئـەو بابەتـە هەیـە، بەڵام خوێندنەوەی زانستییانە لە لایەنی مەعنەوی بۆ بەرزی و نزمی شتێکی تـرە و پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤەکانەوە هەیە، بە تایبەتی بابـەتی رەگەزایـەتی ، بـەرزی و نـزمی کاردانەوەی لە سەر کەسایەتی مرۆڤ هەیە ، بۆیە لە پێناسـەی هـەردوو وشـە دەبێ راستەوخۆ بیر لە کەسایەتی کەسەکە بکەینەوە.

**"ئادلر"** لە سەر ئەو باوەڕەیە،**" تێگەیشتن لە مانـای بـەرزی و نزمـی کاریگـەری لـە سەر کەسایەتی مرۆڤ هەیە، لە بەر ئەوەی بیرکردنەوە لە بەرزی بە واتای زاڵبوون و باوەڕ بـە خۆبـوون و بەرزبوونـەوەی روحییـەتی تاکـە، نزمـی واتـا لاوازبـوون و بـێ ئیرادەیی، هەر لە بەر ئەوەیە کاتێك کچێك دەبینێ ئەو پلە بەرزانەی بە کوڕ دەدرێت و ئەو لێی بێبەشە، لە ناخەوە هەست بە کەمی دەکات و لە ئاست ژیانـدا خـۆی بـە کەسایەتییەکی لاواز دەبینێ، ئەوەش پێچەوانەی سروشـتی مرۆڤایەتییـە."** تـا ئـەو کاتەی کچ قۆناغی منداڵی تێدەپەڕێنێت لە تەنیشت گەورەکان هەسـت بـە ئاسـوودەیی

دەکات، لە بەر ئەوەی هیچ بەرپرسیاریەتییەکی لە ئەستۆ نییە و وەکو کوڕ بە دوای جموجۆڵ و سەربەخۆییدا ناگەڕێت، بەڵام تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت، لەوانەشە لە هەندێك خێزاندا ئەو ئاسوودەییە هەر نەبێت، لە بەر ئەوەی دەکەوێتە چوارچێوەیەکی سنووردار و بە ناوی نەریتەوە نابێ لەو چوارچێوەیە دەربچێت. ئەو چوارچێوە سنووردارە بۆ کچ دەبێتە بەربەستێکی سەرەکی لە ئاست بیرکردنەوەکانیدا و هەموو شتێك لەو چوارچێوەیەدا دەبینێ و هەر لەو سۆنگەیەشەوە سەیری جیهانی دەوروبەر و راستییەکانی ژیان دەکات، کە دەکەوێتە قۆناغێکی تری ژیان، ئەو بەرفراوانییە بۆ ئەو دەبێتە کێشە و بە باشی لە مانای ژیان تێناگات، لێکدانەوەیەکی زانستی بۆ ژیان نییە و زوو تووشی هەڵە دەبێت و ناتوانێ بەو جۆرەی دەیەوێت پێش بکەوێت، حەزو ئارەزووکانی لە ژێرکاریگەری کۆمەڵگەدا دەبن بە وتەی "**مارگریت مید**": **کۆمەڵ ئارزووەکانی ئافرەت دیاری دەکات، نەك سروشت.**

شێوازی بیرکردنەوەی ئافرەت و پیاو لە زۆر بواردا جیاوازە، تەنانەت ئەو جیاوازییە لە ژیانی رۆژانەیاندا بە شێوەیەکی جیاواز رەنگی داوەتەوە. "**لیندا ئاستین** " دەڵێ : "**پیاو لە کۆمەڵگەدا لە سەر ئەو باوەڕەیە کە سەرکەوتنی لە ژیاندا دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی خێزان، لە کاتێکدا ئافرەت لە سەر ئەو باوەڕەیە کە سەرکەوتنی لە کاری دەرەوە لە پارمەتی و پشتیوانی خێزان دووری دەکاتەوە.**"

ئەو جۆرە بیرکردنەوە ئافرەت هان دەدات زیاتر لەماڵەوە بێت و هەوڵی کارکردنی لە دەرەوە کەم بێتەوە، هەڵبەتە لە هەندێك کۆمەڵگە ئەرکی ماڵ و کاری دەرەوە بۆ ئافرەت ئاستەمە ئەگەر پیاو هاوکاری نەکات. ئەرکی ماڵ و منداڵ هۆکارێکە بۆ ئەوەی ئافرەت دەرفەتی خۆپێگەیاندنی لە کاری دەرەوە کەمتر بێت، لە بەر ئەوەی ئافرەت زۆری کاتەکانی لە ماڵەوە بە سەر دەبات، هەندێك ئافرەت لە دوای شووکردن یان منداڵبوون ئیرادەیان بۆ کارکردن لە دەرەوە بێ هێز دەبێت و زۆربەی کات بەرنامەی ژیانیان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان دەکرێت، بەڵام هەندێك ئافرەت لەگەڵئەوەیدا منداڵی بچووکیان هەیە، کاری دەرەوەش بەباشی ئەنجام دەدەن، هەندێك لەو ئافرەتانە بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەتوانن بە بەرنامەیەکی گونجاو و

داڕێژراو هەردوو ئەرك بە باشی بەڕێوە ببەن، هەر بۆیە زۆر بە ئاسانی بـە سـەر ئـەو بەربەستەدا زاڵ دەبن.

تــرس، وەك هۆکارێـك یـان بەربەسـتێك لـە بـەردەم پێشـکەوتنی ئافرەتـدا خـۆی دەردەخات. ترس، ئافرەت لەو شتانەی کە دەبێ رووبەڕووی بێتەوە، دوور دەخاتـەوە ، تەنانەت ترس لە دەربڕینی حەز و ئارەزووەکان، ترس لە سەرکەوتن ، ترس لە عەیبە و... مرۆڤ کاتێك هەست بە ترس دەکات لە ئامانجەکەی پاشگز دەبێتـەوە، بـەڵام ئـەو کاتەی ترس لە ناخیدا نەما بە گڕوتینێکی زۆرەوە بە دوای ئامانجەکانیـدا دەگـەڕێ و کاری بۆ دەکات، بۆیە پێویستە بەرەنگاری ترس بینەوە. زۆربەی ئافرەتان بەشی زۆری تەمەنیان لە ترس و دڵەڕاوکێدا بە سەر دەبن و بێ ئەوەی بیرلە بەربـەرەکانی لەگـەڵ ئەو نیگەرانیـەدا بکەنـەوە، رەشـبینانە سـەیری ژیـان دەکـەن و بـۆ هـەموو کارەکانیـان پشت بە کەسانی تر دەبەستن، بیر لە تواناکانی خۆیان ناکەنەوە و ناتوانن خۆیـان پـێ بگەیەنن، خاوەن ئیرادەیەکی بەرز نین، رۆژێك بیرلـەوە ناکەنـەوە چـەند کاتـژمێرێك خۆیـان بخەنــە بـەر تاقیکردنــەوە لـە ئاسـت تواناکـان و چۆنیەتی کەسـایەتی خۆیـان دەستنیشان بکەن، تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کەسـانی تـردا هەیە و ناتوانن وەکو ئەوان بژین و لە ژیاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، سەرنجی ئەو کەسانە نادەن کە چۆن توانیویانە بگەنە ئەو رادەیەی بە سـەر کۆسـپەکانی ژیانـدا زاڵ بن، ئەوەی گەشبینە هیچی لەوان زیاتر نییە ، تەنیا ئەو توانیویەتی خۆی پـەروەردە بکات. رۆژێك بیریان لەوە نەکردۆتەوە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بڕۆن...

هـەر چـەندە پـەروەردەی خێزانـی کاریگـەری لـە سـەر دروسـتبوونی تـرس لـە نـاخی ئافرەتدا هەیە، بەڵام هەموو شتێك چارەسەری هەیە، لێکدانـەوە بـۆ تێڕوانینـی هـەر بابەتێك لە ژیان، دەروازەیەکە بۆ گەیشتن بەو خاڵە بەهێزانەی لە ژیاندا پێویستیمان پێیەتی، لە راستیدا هەندێك جار مرۆڤ ئەوەندە ئاوێتەی جیهانی دەوروبەریـەتی کـە خۆی لە بیر دەکات، بیرکردنەوە لە خۆت لە کردار و هەڵسووکەوت و خۆخسـتنە بـەر تاقیکردنەوەیەکی فکری، ئەوسا دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز و بـەهێزەکان، ئـەو کاتـە بەهێزترکردنی خاڵە بەهێزەکان و نەهێشتنی خاڵە لاوازەکان، هەمووی ئەوانە دەبنە

هۆکارێك بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو حاڵەتەی کەسایەتییەکی بەهێزمان هەبێت، ئەگەر هۆکارەکان هەرشتێك بن، ڕێگاچارەش هەیە. ئافرەت لە هەر وڵاتێك بێت هەلگری فەرهەنگی ئەو وڵاتەیە، پێشکەوتنی فەرهەنگی هەر وڵاتێکیش کاریگەری لە سەر پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی ئافرەت هەیە کە چ پێناسەیەکی بۆ ئافرەت هەیە، نزمی یان بەرزی کەسایەتی ئافرەتیش پەیوەستە بەو فەرهەنگەوە، بەلاّم ئەگەر هەوڵی بۆ بدەین هەموو شتێك توانای گۆڕانی تێدایە. دونیای ئافرەتان دونیای رابردوو نییە ، بەڵکو لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەرەوپێش دەچێت، ئەمڕۆ ئافرەت زۆر بە راشکاوانە باس لە پرسەکانی خۆی دەکات، ناڕەزایی بەرامبەر هەر یاسایەك دەردەبڕێت کە لە بەرژەوەندی ئەودانییە ، لێهاتوویی ئافرەت لە رابردوو زیاتردەرکەوتووە ، ئەگەرکۆمەڵگە ئافرەت کەمتر لە پیاو سەیر بکات، ئەوە نیشانەی کەموکوڕی ئافرەت نییە، بەڵکو بەهای راستەقینەی ئافرەت لە ناخیدایە و لە کاتێکی گونجاو دەریدەبڕێت، بە مەرجێك باوەڕی بە توانا و لێهاتوویی خۆی هەبێت، زۆرن ئەو ئافرەتانەی هیچکات نەیانتوانیوە کەڵك لە بەهرە و توانای خۆیان وەربگرن و بێ ئەوەی تواناکانی خۆیان بناسن، رۆیشتن. ژیان لە رێرەوی خۆی بەردەوامە و ئافرەتیش وەك هێزێکی کارا و کاریگەر لە کۆمەڵگەدا هەوڵ دەدات دروشمی"یەکسانی" بچەسپێنێ و بیسەلمێنێ هیچی لە پیاو کەمتر نییە و بە دڵنیاییەوە دەتوانێ رۆڵێکی بەرچاوی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا هەبێ، بۆیە خەباتی خۆی بۆ گەیاندنی ئەو ئامانجە درێژە پێدەدات. تا ئەو کاتەی بە تەواوی هەست بە یەکسانی بکەین و گەشبینانە بڕوانینە دوارۆژی ژیانمان، تەنیا شتێکی گرنگ ئەوەیە کە باوڕمان بە خۆمان هەبێت کە دەتوانین بە سەر هەموو ئەو کۆسپانەی رێگرن لە بەردەم ئامانجمان زاڵ بین، بیرکردنەوەیەکی زانستیانە و تێڕوانینێکی واقعبینانە لە هەر بابەتێکی ژیان، دەبێتە سەرچاوەی چارەسەری هەموو گرفتەکان، گرفتی سەرەکیمان لە ژیاندا ئەوەیە کە نازانین سەرچاوەی گرفتەکان لە کوێن، بە تانە و تەشەر و ئیهانەکردنی یەکتر تەنیا دەبینە هۆکارێك بۆ ئەوەی زیاتر لە یەکتر دوور بکەوینەوە و لەگەڵ یەکدا نامۆ بین، نامۆ بوونمان لەگەڵ یەکتر تەنیا کیشەکان

ئـاڵۆزتر دەکـات و نامانگەیەنێتـە هـیچ ئامانجێـك. لـە سـەرەتای کتێبەکەمـدا باسـم لەوەکرد کە هەردوو رەگـەز تووشـی حاڵـەتێکی لێـك تێنەگەیشـتن بـووین و لـە یـەکتر دوور کەوتووینـەوە، بۆیـە پێویسـتمان بـەوە هەیـە بـە باشـی تـاووتوێی بابەتـەکانمان بکەین و رێگا چارەی گونجاو بۆ کێشەکانمان بدۆزینەوە، لە بەر ئەوەی ئێمـە(ئـافرت و پیاو) بە یەکەوە جوانین و بە یەکەوە ژیانمان بەردەوام دەبێت، کەواتا با هەوڵ بدەین واتای یەکسانی لە ناخماندا بچەسپێنین و هەنگاوی بۆ بنێین.

**سەرچاوەکان:**


١- کتێبی رەگەزی دووەم" سیمون دێ بوڤار"

٢- کتێبی نهێنی سەرکەوتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا: باربارا دی ئانجلیس

٣- کتێبی فیمێنیستناسی و جڤاکی کوردی" کازیوە ساڵح"

٤- کتێبی توانای ئێمەی ئافرەتان "هلن لرنر رابینز"

٥- کتێبی بۆچی ئافرەتان پێش ناکەون. "لیندا ئاستین"

٦- چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی زانستی تایبەت بە ئافرەت کە لە ئەنترنێت بلاّو کراونەوە .

٧- چەندین بابەتی تایبەت بە ئافرەت لە گۆڤاری "زنان"

## لە بەرهەمەکانی نووسەر

١- ەو پیاوەی ناوی خۆی لە یاد کردبوو ،"کۆمەڵە چیرۆکی وەرگێڕدراو"

2 - کۆنفرانسی دۆزی ئافرەت لە نێوان ماف، یاسا و دەسەڵاتدا ، "کۆکردنەوە و بەدواداچوون"

## زنجیرە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

**مەکتەبی سکرتایەت – بەشی رۆشنبیری و راگەیاندن**

١- باری سیاسی ئافرەتی کورد لە باشووری کوردستان ، د. کوردستان موکریانی ، هەولێر چاپخانەی منارە ، ٢٠٠٧، ٥٨ ل.

٢- خۆراکی تەواو بۆ منداڵی شیرەخۆرە ٦- ١٢ مانگ ، وەرگێڕان و ئامادەکردن لە فارسییەوە چۆمان حوسین مەحموود، هەولێر: چاپخانەی منارە، ٢٤ ل.

٣- کۆنفرانسی دۆزی ئافرەت لە نێوان ماف، یاسا و دەسەڵاتدا، کۆکردنەوە و بەدواداچوون نەسرین حەسەن، هەولێر: چاپخانەی منارە ، ٢٠٠٨، ١٧٩ ل.

٤- حقوق المراة العاملة في المواثيق الدولية و التشريعات دالداخلية، ماجدة علي ملا صادق ، اربيل : مطبعة منارة، ٢٠٠٩، ٢٥٥ ص.

٥- تۆم سویەر و سەربزێویەکانی، و/ لە ئینگلیزییەوە تروسکە سادقی، هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٩

٦- میسی و دۆلفین ، ستێفن رابڵین و/لە ئینگلیزییەوە تروسکی سادقی، هەولێر : چاپخانەی حاجی هاشم ، ٢٠٠٩، ١٧ ل.

٧- بەرەو کۆمەڵگەیەکی بێ زەبر و زەنگ ، رێواس ئەحمەد، چاپخانەی منارە، ٢٠٠٩ ، ٩٤ ل.

٨- بەرهەمی بیری ئافرەتی کورد ١٩٦١- ٢٠٠٨ ، شوان سلێمان یابە ، هەولێر چاپخانەی منارە ، ٢٠٠٩ ، ٢٦٧ ل.